# دکتۆر

**( شانۆنامەیەکی چوار پەردەیی کۆمیدییە )**

**نووسینی : برانیسلاڤ نوشیچ**
**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: حەمەکەریم عارف**

ناوی کتێب:دکتۆرا

بابەت: شانۆنامە

نووسەر: برانیسلاڤ نوشیچ

وەرگێڕ: حەمە کەریم عارف

تایپ: رزگار حەساری

هەڵەچن:گۆڤەند محەمەد

نەخشەی بەرگ:

ساڵی چاپ:2012

تیراژ:500

بەرگ: ئارام عەلی

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان

## پێڕست

*- ژیاننامەی برانسیلاڤ نۆشیچ

*- دەقی شانۆنامەی دکتۆرا..... برانسیلاڤ

*- دەقی شانۆنامەی بەدوعا شاعیرەکان....جەلیل قەیسی

*- ژیاننامەی وەرگێڕ

## برانسیلاڤ نوشیچ
1864- 1938

برانسیلاڤ کە شانۆنامەنووسێکی سربستانیە (یوگسلاڤیا) لە ساڵی 1864دا لە شاری بەڵگراد لە دایکبووەو خوێندنی لە بواری مافناسیدا لە زانکۆی بەڵگراد تەواو کردووە. پاشان لە وەزارەتی دەرەوەی وڵات دەست بەکار بوو،و بۆ ماوەی دە دانە ساڵ لە کونسوڵخانەی مەقدونیا کاری کردو، ئەم کارە کردیە کارێك کە لە نزیکەوە شارەزایی تەواو، لەمەڕ ژیانی خەڵکی وڵاتانی باشوورو شارەکانی وڵاتەکەی خۆی، پەیدا بکات، نوشیچ بەدەم کاری کارگێڕیو سیاسیەوە، زۆربەی کاتی خۆی بە ئەدەبیاتو نووسینەوە دەبردە سەر. لە مەقدۆنیادا چەندین بەرهەمی بەپێزی دەربارەی ژیانی خەڵکی سربستان نووسیوە کە یەکێك لەوانە کۆمیدیای (نوێنەری میللەت)ە کە لە ساڵی 1869دا نووسیویەتیو لە ساڵی 1924دا بڵاوکراوەتەوە. نوشیچ لە ساڵی 1901دا بوو بە سکرتێری تایبەتی وەزیری فێرکردنو پەروەردەو بەڕێوەبەری شانۆی دەوڵەتی بەڵگراد،و توانی ئەزموونەکانی خۆی دەربارەی وڵاتانی باشوورو خەڵکی وڵاتەکەی خۆی، بخاتە خزمەتی دەزگای حکومەتەوە.

نوشیچ هەرچەندە رۆمانیشی دەنووسی، بەڵام شۆرەتو ناوبانگی پتر بە کارو بەرهەمە شانۆییەکانیەوە بووە. بەر لە یەکەم جەنگی جیهان زنجیرەیەك شانۆنامەی نیشتمانپەروەرانەی نووسی، کە زیاتر ئیلهامی لە مێژووی سربستانی سەدەکانی ناڤینو شیعرو هۆنراوەی فۆلکلۆری وەرگرتووە وەکو: شازادەی سمبری (1900)، پاشان رووی کردە شانۆنامانی شیکاری،و بەشێوەیەکی هونەریانە مامەڵەی دەگەڵ سیفەتو خەسڵەتە ئەخلاقیو روحیو دەرونیە بەشەرییەکانی وەك تاوانو سزاو، ڤیانو خۆشەویستیو، کینەو بوغزو ڕق دا، کردووە. نوشیچ کۆمەڵێك شانۆنامەی زۆر جوانو خەیاڵئەنگێزیشی هەیە، بەڵام زیاتر بە کارە کۆمیدییە رەخنەییەکانی بەناوبانگە، کە هەواداریکی زۆریان لە نێو جەماوەری ڕەشو رووتی خەڵکی دا هەیە... هەندێ لەم کۆمیدیانە بریتین لە: (پشتیوان (1889)، پیاوێکی ئاسایی (1900)، دنیا(1906)، گەشتێك بە دەوری دنیادا(1910)، ژنی وەزیر (1929)، ئاغای دۆلار (1932)، دکتۆرا (1936)، شاکاری شانۆیی نوشیچ، کۆمیدیایەکی سێ پەردەییە بە نێوی مەرحووم کە لە ساڵی 1937دا نمایش کرا و چ لە ناو وڵاتو چ لە دەرەوە سەرکەوتنێکی مەزنی بە دەست هێنا.

نوشیچ لەم کۆمیدیایەدا، گەندەڵی چینی کاسبکاری تازە پیاکەوتوو، کە سیمایەکی تازەی بە شاری بەڵگراد بەخشی بوو، دەخاتە روو، پیاوێك کە کەسوکارو خزمەکانی وا دەزانن کە لە شەڕدا کوژراوە، دوای سێ ساڵ لە دووری، بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوەو خەبەر دەزانێ کە ژنەکەی شووی کردووەتەوەو موڵكو ماڵەکەی بەسەر میراتگران دا دابەش کراوەو کارە زانستییەکەشی

خـەڵکی دی بـۆ خـۆ بردوویانـەو سـوودی لێـدەبینن. ئیـدی بـۆ وەرگرتنــەوەی شـتە لـە دەسـت چـووەکانی دەکەوێتـە هـەوڵو کۆششـێکی بێوچـانی بێهـودە، خزمـەکانی لـە ڕای ئاسـوودەیی خۆیـانو بۆ ئـەوەی شـەڕی ئـەو لـە کـۆڵ خـۆ بکەنـەوە، خەبـەری لێـدەدەنو کـە دژمـنی دەسـەڵاتو حکومەتەو، کابرا بە جۆرێ تووشی کێشەو گرفتان دەبێ کە لـە ئەنجامـدا دەکەوێتـە بیری ئـەوەی سەر هەڵگرێو وڵات بە جێ بێڵێ. خزمو کەسوکارەکەی پەساپۆرتێکی قەڵبی بۆ پەیدا دەکـەنو پاشـان سـەفەری ئـەو، هـەموو لـە دەوری یـەکتر خڕدەبنـەوەو بـە بۆنـەی سـەرکەوتنی عەدالەتـەوە! ئاهەنگ دەگێڕن. نوشیچ توانایـەکی گـەورەی هـەبوو لـە بەرجەسـتەکردنی بابـەتی تـازەو نـا بـاودا. شـانۆنامەکانی نوشـیچ جمـەیان دێـت لـە خـەڵکانی هەلپـەرسـت،و بەرژەوەندپەرسـتو ڕواڵـەتبازو ریاکارو کوڕی ڕۆژو لیبۆکو ساختەچیو دەستبڕ.

نوشـیچ، لـە سـاڵی 1924دا ژیاننامەکـەی خـۆی بڵاوکـردەوەو لـە سـاڵانی 1935بلاجویـە 1938دا کـۆی بەرهەمـەکانی لـە بـەڵگراد چـاپو بڵاوکرانـەوە. نوشـیچ یەکێکـە لـە نووسـەرە پـڕ بەرهەمـەکان،و کـۆی بەرهەمـەکانی دەگاتـە بیسـتو پێـنج بـەرگ. ماوەیـەکی زۆریـش بـە نـاوی خوازراوی (بین ئاکیبا)وە، بە زنجیرە بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە. بەرهەمە شانۆییەکانی نوشیچ بە تەواوەتی باڵیان بەسەر چالاکیە شانۆییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی وڵاتەکەیدا کێشا بوو.

## کاراکتەرەکان:

- جیفوتا تسفیوفتش
- مارا: ژنیەتی
- میلاراد: کوڕیانە
- سلاڤکا: کیژیانە
- بلاجویە: برای مارایە
- خات بروتش {ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی داڵدەی منداڵانی، ژمارە "9"ن}
- خات سیاسویفتش
- فیلیمیر بافلوفتش: هاوڕێی میلاراد-ـە
- دکتۆر رایسەر
- نیکولتش: فەرمانبەرە لە نووسینگەی تسفیوفتش
- سویکا
- سیما: مێردی سویکایە
- خات دراجا
- کلارا
- بیبیك
- کچۆڵەیەك بە چەپکە گوڵێکەوە
- (قوتابخانە)
- ماریتسا.

رووداوی شانۆنامەکە لە ماڵی تسفیوفتش، لە بەڵگراد، روو دەدەن.

## فەسڵی یەکەم

شوێن: ژووری نووسینگەکەی جیفوتا تسفیوفتشە، مێزێك‌و قاسەیەك‌و دوو تەلەفونی تێدایە کە یەکێکیان تەلەفۆنی ناوخۆیە. دکتۆرانامەیەکی بواری فەلسەفە کە تەمغەیەکی گەورەی پێوەیەو لە چوار چێوەیەکی گەورەو دانسقە گیراوەو بە تیلماسکە قوماشێك رازێنراوەتەوەو، لەسەر قاسەکە دانراوە.

"1"

**( جیفوتا، بیکولا )**

جیفوتا/ ***(تەمەشای لیستی حیسابەکەی سەر مێزەکە دەکات‌و پارە لە قاسەکە دەردێنێ‌و سێ ئەسکەناسی هەزار دیناری‌و چەند دانەیەکی بچووکتر دەژمێرێ)*** ئەوە حیسابەکەیەو بە مودیرەکەت بڵێ من لەم ساتە بەدواوە ئیدی ئیعتراف بە هیچ فاتورە و لیستێکی حیساب ناکەم.

بیکولا/ ***" پارەکە وەردەگرێت"*** . باشە.

جیفونا/ دەبێ پێی بڵێی: جەنابی جیفوتا دەڵێت نە ئیعتراف بە لیستی حیسابات دەکات‌و نە پارەکەشی دەدات...حاڵی بوویت؟

بیکولا/ ئەزبەنی من دە خزمەتودام ***(دەڕوات)***

"2"

**( جیفو، مارتیسا )**

جیفوتا/ ***" بەرەو دەرکە دەچێت،و لیستەکە هەڵدەبڕێ‌و بانگ دەکات"*** مارتیسا.... هۆ مارتیسا.

ماریتسا/ ***(دوای کەمێك وەژوور دەکەوێ)*** خزمەتێکت هەبوو ئەزبەنی.

جیفوتا/ ئەرێ میلاراد لێرەیە؟

ماریتسا/ ئەزبەنی کوڕەکەت هێشتا نووستووە.

جیفوتا/ هێشتا نووستووە؟ ***(دەڕوانێتە سەعاتەکەی)*** سەعات یازدە کەم چارەکە.

ماریتسا/ ئاغای کوڕت شەوێ درەنگ هاتەوە.

جیفوتا/ ئاه.... ئاوها؟ ماریتسا بڕۆ ئاغای کوڕ هەستێنەو پێی بڵێ ئاغای باب کاری پێیە.

ماریتسا/ ئەزبەنی ناوێرم. ئاغای میلاراد عادەتی وایە هەر شتێکی، لە پێڵاو،و شەمدان‌و... بە دەستەوە بێ بیسرەوێنێتە ئەو کەسەی بیەوێ هەڵی بستێنێ.

جیفوتا/ ئەوە بەڕاستتە، شتی وا هەیە؟.... کە عادەتێکی جوانە!.. کەواتە خات مارام بۆ گاز بکە.

ماریتسا/ سەر سەرو سەرچاڤان ئەزبەنی ***(وەدەردەکەوێ)***

"3"

**( جیفوتا، مارا )**

**مارا/ *(لە دەستەچەوە وەژوور دەکەوێ)* کارەکەرەکە پێی گوتم کە منت گەرەکە.**

**جیفوتا/ ئاغای بچووك هێشتا نووستووە؟**

**مارا/ منداڵە ئازیزەکەم هێشتا نووستوووە.....جا چیە ئەگەر تا ئێستا نووستبێت؟**

**جیفوتا/ چییە؟! هیچ نییە... منداڵەکە نووستووە، و بابی پارەی لیستی حیساباتی دەدات.**

**مارا/ لیستی حیساباتی چی.**

**جیفوتا/ حەز دەکەی بزانیت؟ فەرموو تەمەشای بکە (لیستەکەی نیشاندەدات) لیستێك بایی سێ هەزارو چوار سەدو بیستو سێ دانە دینارە... دەزانی ئەم لیستە هی چییە؟ گوێ بگرە: سێ ئێوارەخوان لە لۆجیکی تایبەتیدا... وەرە پێم بڵێ، تۆ لە عەمراتت شامت لە لۆجی تایبەتیدا کردووە؟**

**مارا/ باشە تۆ پارێز دەکەیو....**

**جیفوتا/ نا.... من نەمخواردووە، بەڵکو ئەو خواردوویەتی... تکات لێدەکەم تەماشا بزانە ئێوارە خوانەکانی بە چی رازاندووەتەوە: شامپانیا، لیکیور، کۆکتێل، شامپانیاکە بایی دوو هەزارو سێسەد دینارە، کیکیورەکە بایی دوازدە دینارە...و کۆکتێلەکە بایی سێ سەد دینارە... چۆنە، بە عەمراتت تامی کۆکتێلت کردووە؟ سوێند دەخۆم کە تۆ نازانی لیمونادە یان جاتوەیە...**

**مارا/ ئیدی رۆژگارو سەردەمێکی سەیرە... بەڵام ئەم هەموو نیگەرانییەی بۆچییە؟ گەنجەو لەگەڵ برادەرەکانیا بۆ خۆ کاتیان ڕابواردووە..**

**جیفوتا/ بریا لەگەڵ برادەرەکانیا بوایە.... بە پێچەوانەوە... من لاریم نییە ئەگەر ئەوە دەگەڵ خوشکەدەرەکانیشیدا( برادەری کچ) بکات... بەڵام ئەم زیافەتەی نە بۆ برادەرە کوڕەکانیو نە بۆ برادەرە کچەکانی نەکردووە... بەڵکو بۆ خانمە گۆرانی بێژەکانی کردووە...**

**مارا/ خانمە گۆرانی بێژی چی؟... بزانە کێ ئەم بوختانەی بۆ منداڵە ئازیزەکەم هەڵبەستووە... وتۆش بە دەمتەوە گرتووەو دەیڵێیتەوەو دەیڵێیتەوە ،خانمە گۆرانی بێژ... خانمە گۆرانی بێژ...**

**جیفوتا/ باشە.... واز لە خانمە گۆرانی بێژ بێنە، گریمان بوختانەو بۆیان هەڵبەستووە، ئەدی بۆچی ئاوێنەکانی کاباریێ و یانەکەی شکاندووە!.**

**مارا/ خودایا... ئاوێنەی چی...؟**

**جیفوتا/ ئاوێنەی کاباریێ و یانەکە... حەوت سەدو شەست دینارم لە بری ئاوێنەکان بژاردووەتەوە... خۆ ئەگەر ئەو شکاندبانی پێم ناخۆش نەدەبوو، خانمە گۆرانی بێژەکان شکاندوویانە... ئەوان ئاوێنان بشکێننو من لە گیرفانی خۆم بیبژێرمەوە... ئەمە لە هەموو شتێك پتر پەستم دەکات.**

**مارا/ ئەدی مەسەلەی ئەم ژنە گۆرانی بێژانە چییە؟! چی روویداوە؟**

جیفوتا/ ئەوەی روویداوە ئەوەیە کە من سێ هەزارو چوار سەدو بیستو سی دینارم بژاردووە... باشە.. ئێستا کە ژنانی گۆرانیبێژی دەعوەت کردووە هەرنەیسە.... بەڵام بۆچی ئاوێنەی شکاندووە.
مارا/ *(هەناسە هەڵدەکێشێ):* ئیدی دەڵێی چی، گەنج، گەنجە...
جیفوتا/ گەنج، گەنجە؟! ئەمە چ گەنجێکە؟ باشە تۆ بە گەنجاتی ئاوێنەت دەشکاند؟ هەڵبەتە نا... هەروەها منیش کاری وەهام نەدەکرد.... خۆ ئێمەش گەنج بووین... تا نیوەڕۆ دەخەویو دەڵێین گەنجە... هیچ کارێك ناکات... دەڵێین گەنجە... ئاوێنە دەشکێنێ...و دەڵێین گەنجە... قەرز دەکاتو دەمانخاتە ژێر قەرزەوەو دەڵێین گەنجە... خۆ ئەگەر ئەم (گەنجایەتیە) هەر جارێك بوایە، هیچم نەدەگوت... بەڵام من لەم سێ رۆژەدا *(دەفتەرێك لە چاوی مێزەکە دەردێنێ)* هەزارو حەوت سەد دیناری کاشم بژاردووەتەوە... لە مانگی رابردوودا... لەبەر خاتری گەنجایەتی حەوت سەدو شەست دینارم داوە... بە مەزندەی تۆ ئەم حاڵە تاکەی بەردەوام دەبێت؟.
مارا/ جا من چی بکەم؟ ئەمە خەمی تۆیە، تۆ باوکیت.!
جیفوتا/ باوك... باوك... من تەنیا بۆ قەرزدانەوە باوکم... تەماشا بە ناوی خۆشیەوە لیستی حیسابات ئیمزا دەکات... لە تۆ وایە بەپرسی دارایی دەزگایەکە... دەنووسێت... بدرێت، و ئەوسا وەکو گەورە پیاوان ئیمزای خۆی لێدەدات.. نا گیانەکەم.. نابێ ئەم وەزعە بەردەوام بێت... پێویستە سنوورێك بۆ هەموو ئەمە دابنرێت..
مارا/ قەرزەکانی بۆ مەبژێرەوەو ئیدی هەموو شتێك دەبڕێتەوەو تەواو.
جیفوتا/ گوتت *"قەرزەکانی بۆ نەدەمەوە"؟!...* یانی پێت وایە لە خۆشیا دەیدەمەوە... زۆم پێ خۆشە.. ئەوەندەی لەبەر پاراستنی کەرامەتی ئەم شادەتنامەیە دەیدەمەوە، لەبەر پاراستنی ئابڕووی خۆی نیە... شادەتنامەی دکتۆرا لە فەلسەفەدا... تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت کە گارسۆنو بۆی یانەو کاباریێ و باران لە پەلی دکتۆرێکی فەلسەفە بنەونو بیکەنە دەرەوە، لەبەر چیش، تەنیا لەبەر ئەوەی حیسابی نەداوە...
مارا/ نازانم چۆن ئەوەت بە بیرا هات کە بیکەی بە دکتۆری فەلسەفە.
جیفوتا/ چۆن بە بیرما هات؟! من ئەمەم بۆ قازانجی خۆی کرد... چما ئەمڕۆ کەس هەیە بەبێ شەهادە هەڵبکات... پیاو بەبێ شەهادە ناتوانێ لە پێستی خۆی بجوڵێت.. من ئەمەم لەبەر ئەوە نەکردووە کە فەلسەفە شتە، من ئامادە نیم تاقە عانەیەك لە پێناوی فەلسەفەدا خەرج بکەم، خەڵکی ئاقڵ ناچێ پارەی خۆی، سامانی خۆی لە وشەی بۆشو بەتاڵ سەرف بکات... دڵنیابە ئەوەی بیری لێناکەمەوە فەلسەفەیە.. بەڵام ویستم لەقەبی دکتۆر، پێش ناوەکەی بکەوێ. دالێك بکەوێتە پێش ناوەکەی.
مارا/ باشە چ پێویستی بەم لەقەبی "دکتۆرە"یە؟
جیفوتا/ چۆن پێویستی نییە، باشە تاوس بەبێ کلك دەبێ بە تاوس... کەس هەر تەماشای ناکات... با واز لە تاوس بێنینو بۆ نموونە باسی من بکەین.. کەوتمە ئیشو پاشان جەنگی بەسەردا هات.. شانم دایە بەر کارو کاسبی تا دەوڵەمەند بوومو بووین بە خاوەنی هەموو شتێکی

خۆمـان...و خـەڵكیش خـوا هـەڵناگریٚ ریٚـزو حورمـەتم دەگـرن.. بـەڵام ئەگـەر دالیٚـك لـە پـیٚش ناوەكەمەوە بوایە، هەنگیٚ بە چاوی خۆت ئەفسوونی ئەم لەقەبەت دەبینی...

مارا/ تۆش لەقەبی دكتۆرات گەرەكە؟!

جیفوتـا/ نـاڵیٚم لەقـەبی دكتـۆرام گەرەكـە... ئـەوەی پیٚویسـت بـوو لەسـەرم كـردم... بـەڵام ئـەو پیٚویستی بەم لەقەبەیە.. لات وایە ژیان، لەم رۆژو رۆژگارەدا بۆ گەنجان ئەوەنـدە ئاسـانە... ئەگـەر تواناو بەهرەی پیٚویستی بۆ فیٚر بوون هەبوایە، ئەگەر تۆزیٚك زیرەك بوایە... مەسـەلەكە دەگـۆڕا... بەڵام بە خۆت دەزانی كە چۆن بە جڕە جڕ پۆلیٚكی بۆ پۆلیٚكی تر دەبڕی... چما ئەم دكتۆرانامەیـە كەم كەوتووە لەسەرم؟...

مارا/ باشە... شتەكە تەواو بوو...و ئیدی بۆ خۆی گەورە بـووە، گـەنجیٚكی تـەواوە.. بەسـە لـەوەی پتر خۆتی پیٚوە ماندوو مەكە.

جیفوتا/ گوتت گەورە بووە... گـەنجیٚكی تـەواوە... باشـە ئەمـە چ شـتیٚكی لـە مەسـەلەكە گـۆڕیـوە؟ ئەوەی ئەمڕۆ دەرگایان دەكاتەوە لەقەبە نەك ئەقڵو ئاوەز.

مارا/ بە خۆی مەیلی لـە زانسـت نیـە، حـەزی لیٚناكـات... بـە خـۆی دەڵیٚـت مـن بـە كـەڵكی فەلسـەفە نایەم... بە كەڵكی ئەوە نایەم دكتۆر بم.

جیفوتا/ باشە بۆچی فەیلەسوف نەبیٚت؟ بۆ نا؟ لەم رۆژو رۆژگارەدا چی زۆرە دكتـۆر زۆرە، دكتـۆر بـە دكتـۆر دەڵـیٚ بـەولاوە، لـە هـەموو جـۆرە بواریٚكـدا... لـە مۆزیـك... لـە كاروبـاری دارایـیو... شـتاقیانش سـەرەواویان لـە ورگـا نیـە، بەكـەڵكی هـیچ شـتیٚك نایـەن، بـەڵام ئەمـەیان بەسـە كـە لەقەبەكەیان پیٚوەیە.

مارا/ باشە چۆن دەشیٚت مرۆڤ دكتۆری فەلسـەفە بیٚتو نـەزانیٚت هـەرمیٚ لـە كـویٚ دەڕویٚـت؟ گـونی خۆی و گیٚزەر لیٚك نەكاتەوە؟!

جیفوتـا/ ئایـا زەروریـە مـرۆڤ شـتیٚك بزانـیٚ تـا بـبیٚ بـە فەیلەسـوف؟ فەیلەسـوفی ڕاسـتەقینە ئـەو فەیلەسوفەیە كە شەهادەی وەرنەگرتبیٚ. فەیلەسوفی ڕاستەقینە پیٚویستی بە شەهادە نیە.

مـارا/ ڕاسـتە، بـەڵام ئیٚمـە لیٚـرەدا لـە هەنبـەر فەلسـەفەیەكداین كـە تایبەتمەنـدی خـۆی هەیـە...و دكتۆری فەلسەفە شتیٚكی تەواو جیاوازە.

جیفوتا/ شتیٚكی تەواو جیاوازە؟ ئەو هیچ شتیٚكی نەكردووە تەنیا ئەمە نـەبیٚ كـە دكتـۆرای هەیـە، دەنا من لەبری ئەو، بە زەبری ئەم سەروەتو سامانەم، هەموو تاقیكردنەوەكانم بڕیوە...

نیكولتش/ *(وەژوور دەكەویٚ):* ببورە... ئەم بروسكەیە بۆ تۆیە.

جیفوتا/ لە كویٚوە هاتووە؟

نیكولتش/ لە هەندەرانەوە.

جیفوتا/ لە بۆدابیٚستەوە هاتووە؟

نیكولتش/ نەخیٚر... پەیوەندی بە كارەوە نییە... بەناوی كوڕەكەتەوەیە.

جیفوتا/ *(رووی دەم دەكاتە مارا)* ئیٚستا دەبینی... لەوەیە لیستیٚكی تازە بیٚت *(رووی دەم دەكاتە نیكولتش)* بیكەرەوە.. من لە جیاتی ئەو دەیخویٚنمەوە.

مارا/ باشە کوڕە ئازیزەکەمان توڕە نابێ؟

جیفوتا/ توڕە دەبێ؟ من پارە دەدەم *(ڕووی دەم دەکاتە نیکولتش)* هەڵی پچڕە.

نیکولتش/ *(بروسکەکە هەڵدەپچڕێو دیقەتی دەدات)* لە سویسراوە هاتووە... لە شاری فریبورگەوە.

جیفوتا/ وتت لە فریبورگەوە؟ کێ ناردوویەتی؟

نیکولتش/ پرۆفیسۆر دکتۆر رایسەر

جیفوتا/ خوا دەزانێ ئەمە کێیە.

نیکولتش/ *(لە پێشا بە بێدەنگی دەیخوێنێتەوەو پاشان بروسکەکە بۆ هەردووکیان دەخوێنێتەوە)* بە یەکەم قیتاری خێرا بە بەڵگرادا، بەرەو ئەسینا، تێ دەپەڕمو پێم خۆشە دەعوەتەکەت قەبوڵ بکەمو رۆژێك یان دوو رۆژ لە پایتەختەکەتان بمێنمەوە.

جیفوتا/ نۆبەتی میوانو میواندارییە *(بە مارا)* بڕۆ هەڵی بستێنەو با بەلەز بۆ ئێرە بێت.

*(مارا، وەدەردەکەوێ).*

"4"

**(جیفوتا، نیکولتش)**

جیفوتا/ کەس بۆ بۆرسە چووە؟

نیکولتش/ بەڵێ... ئاغای دایتش چووە.

جیفوتا/ کۆمپانیای (أ. د. ادور) ئاگادار بکە ئەمڕۆ سەری دووەم رۆژە سەهمەکان لە دابەزین دایە.

نیکولتش/ بۆم نووسیون.

جیفوتا/ چی تر؟...

نیکولتش/ هیچ... تۆزێکی تر دادەبەزم

*(نیکولتش وەدەر دەکەوێ)*

"5"

**(جیفوتا، میلاراد، مارا)**

*(میلاراد، وەژوور دەکەوێ، پێدەچێ تێر خەو نەبووبێ، بیجامەیەکی حەریری تەنکی لەبەردایەو مارای لە دواوەیە).*

جیفوتا/ هەستایت؟

میلاراد/ بەڵێ

جیفوتا/ بروسکەیەکت بە ناوەوە هاتووە.

میلاراد/ هەر لەبەر ئەمە خەبەرتان کردمەوە؟ گوتم ئاخۆ چی بووە؟

جیفوتا/ جا من لە کوێ بزانم بەلای تۆوە گرینگە یان نا؟ پرۆفیسۆر رایسەر ناوێک بۆی ناردوویت.
میلاراد/ ئەمە یەکەمجارە ئەم ناوە دەبیستم.
جیفوتا/ وەڵامی دەعوەتنامەیەکی تۆی داوەتەوە.
میلاراد/ دەعوەتنامەی من؟... ئا.. بروسکەکە لە فریبورگەوە نەهاتووە؟
جیفوتا/ با، لە فریبورگەوە هاتووە.
میلاراد/ جا ئەمە سەرسامی بۆ چیە؟ بنێرن بە شوێن فیلیمیردا چونکە ئەم بروسکەیە بۆ ئەو نێردراوە.
جیفوتا/ ئاه... بیرم چوو... ڕاست دەکەی.. هەر لە بیرم نەبوو کە بۆ ئەو هاتووە.
مارا/ بینیت... هیچ گوناح و خەتایەکی نیەو، بە خۆڕایی و بە ناهەق لێی کەوتیتە گلەیی.
جیفوتا/ ***(گۆشی تەلەفۆنە ناوخۆکە هەڵدەگرێ و دەست بە قسان دەکات)*** هەلەو... ئاغای نیکولتش، خۆتی؟ تکا دەکەم فەڕاشەکە بنێرە بۆ شەقامی نیجوشا، ماڵی ژمارە (37) قاتی دووەم... دەبێ فیلیمیر بافلوفتش... ئەو گەنجەی کە زوو زوو هاتووچۆم دەکات، بدۆزێتەوەو پێی بڵێ هەر ئێستا و بە پەلە بێ بۆ لام ***(گۆشی تەلەفۆنەکە دادەنێتەوە)***.
میلاراد/ ***(دەیەوێ وەدەربکەوێ)*** نازانم بۆ چیت هەستاندم؟...
جیفوتا/ مەڕۆ... دەمەوێ چەند قەسەیەکت دەگەڵ بکەم... باشە، بروسکەکە بۆ تۆ نەهاتووە. بەڵام خۆ ناتوانی حاشا لەوە بکەیت کە ئەم لیستی حیساباتە هی تۆیە ***(لیستی حیساباتەکەی دەداتێ. میلاراد دیقەتی لیستەکە دەدات)*** سێ هەزارو چوارسەدو بیست و سێ دینار... ئەگەر بە درێژایی شەو نەتخواردباوەو ئاوێنانت نەشکاندبایە، نەتدەتوانی ئەم هەموو پارەیە بە فیڕۆ بدەیت.
میلاراد/ زۆر سەیرە!
جیفوتا/ چی سەیرە؟... ئەمە ئیمزای تۆ نییە؟.
میلاراد/ بەڵێ... ئیمزای منە.
جیفوتا/ دکتۆر میلاراد تسفیوفتش... باشە من بۆ ئەوەم کردیت بە دکتۆر کە لیستی حیساباتی کاباری و باڕان ئیمزا بکەیت....
میلاراد/ ئەدی لەوەی پتر چاوەڕوانی چیت؟
جیفوتا/ باشە ماقولە دکتۆرێك، بە تایبەتی دکتۆری فەلسەفە، لیستی حیساباتی کاباری و باڕان ئیمزا بکات.
میلاراد/ ئاخر کاباری و باڕان بە دکتۆرانەوە بەندن، لەسەر ئەوان دەژین، ئەگەر چاوەڕوانی خەڵکی وەکو تۆیان کردبا....
جیفوتا/ بێدەنگ... ***(روو لە مارا دەکات)*** خۆ گوێت لێیە چ دەڵێ؟ تۆ دکتۆرات لە فەلسەفەدا هەیە، دکتۆری فەلسەفەیت، وەکو هەر دکتۆرێکی دی نیت.... تێدەگەی؟

میلاراد/ بۆ تێناگەم... باشە ئەگەر من ماڤی ئیمزایەکم نەبێ، بۆچی ئەم لەقەبی دکتۆرایەتان بەتۆبزی پێوە نام؟

جیفوتا/ بۆچی... چونکە ویستمان بتکەین بە مرۆڤێکی بەسوود... تێ گەییشتی؟ من پارەکانم بۆ ئەوە خەرج نەکردووە کە ئەم چوار چێوەیە بە بۆشی وەمێنێ.

میلاراد/ تۆ بەم شەهادەیەت ئەم جۆرە کێشانەم بۆ دروست دەکەیت... تەنیا کێشەو بەس... ئەمە مەکە ئەوە مەکە...

مارا/ کوڕەکەم ڕاست دەکات... یانی بە هۆی ئەم لەقەبی دکتۆرایەوە نابێ بە دڵی خۆی بژی...

جیفوتا/ دادەی لەسەری بکەوە... بەرگری لێبکە... کوڕەکەت بایی سێ هەزارو حەوت سەد دینار ئاوێنە دەشکێنێ... و شەرم لە دکتۆراکەی ناکات و دکتۆرا ڕێی لێناگرێت...

میلاراد/ ڕەنگە بەڕاستی لێرەدا ڕێم لێنەگرێت.. بەڵام ئەوەی پەستم دەکات ئەوەیە کە ئێوە ئیحراجم دەکەن.

جیفوتا/ تەماشا ئافرەت... دەڵێت ئێوە ئیحراجم دەکەن.

میلاراد/ ژنانی سترانبێژ ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە.... کەس بە هۆی ئەوانەوە گاڵتەم پێ ناکات... بەڵام هەندێ شتی دی هەن دەمکەن بە گەپجاڕی خەڵکی، تۆ مانگێ لەمەپێش بڕێکت پارە بە فلیمیر داوە تا باسێکی زانستی بە ناونیشانی "میکانیزمی گۆڕانی ئەقڵی باتین" بە نێوی منەوە بڵاوبکاتەوە، چەند رۆژێك لەمە پێش کە لە جادەدا تووشی پرۆفسیۆر رادسلافلفتش بووم و بە دەم دەستخۆشی و پیرۆزباییەوە گوتی: "پیرۆزباییت لێدەکەم... باسێکی جوانە، باسێکی زۆر باشە، بەڵام پێموایە باسەکەت لەسەر بنەمای تیۆری فرۆید- ئەدلەر رۆناوە... وەڵامم دایەوە بەڵێ قسەتە، چما جگە لەو وەڵامە چ وەڵامێکی ترم پێیە؟ چۆن ئەو بنەمایە بزانم کە لە باسەکەدا پشتم پێ بەستووە... هێشتاش تۆ دەپرسیت بۆ ئەم هەمووە؟

جیفوتا/ بۆ؟ کوڕی خۆم، گیانەکەم من چەند پلانێکم هەیە... هەموو کەسێك دەبێ نەخشەو پلانی خۆی هەبێ، و کار بۆ ئاوات و ئامانجێك بکات... بۆ نموونە تۆ.

میلاراد/ *(قسەکەی پێ دەبڕێت)* هیچ ئامانجێکم نیە کاری بۆ بکەم....

جیفوتا/ *(بە مارا دەڵێت)* گوێت لێیە چ دەڵێت؟ ئەوە بەڕاستتە کوڕی خۆم کە هیچ ئامانجێکت نیە هەوڵی بۆ بدەی.

میلاراد/ هەڵبەتە ئامانجم میراتگری تۆیە.

جیفوتا/ خۆ گوێت لێیە ژنەکە؟ چ ئامانجێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، زۆر بە داخەوەم، بەڕاستی دڵم دەگوشرێ. نا گیانەکەم بتەوێ و نەتەوێ دەبێ ببیت بە کەسێکی سوودبەخش، من نەخشەو پلانی ئەوەم کێشاوە...

میلاراد/ وتت "نەخشەوپلان"... لە لەقەبی دکتۆراش زیاترت گەرەکە؟

جیفوتا/ لەقەب تەنیا سەرەتایە... پێویستە لەزەرفی یەك ساڵدا ببی بە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆدا.

مارا/ بە قسەی بابت بکە کوڕم... ئەمە شتێکی زۆر باشە.

میلاراد/ ئەوە تۆ چ دەڵێی، مامۆستای یاریدەدەری چی؟ مامۆستای یاریدەدەری... فەرموو ئەوە شەهادەی دکتۆرا، بەوە تێر نابی؟

جیفوتا/ شەهادە بە تەنیا هەموو شتێك نیە، شەهادە مانای ئەوە نییە هەموو شتێك تەواو... هەر گەوجێك بگری دەتوانیٚ شەهادە بە دەست بێنیٚ.

میلاراد/ بە تەمای بۆ محازەرە گوتنەوەم بنێری؟ من ناتوانم دوو وشە بڵێم، چ جای محازەرە.

جیفوتا/ بۆ ئەوە ناتکەم بە مامۆستای یاریدەدەر کە محازەرە بڵێیتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بگەیتە کۆڕو مەجلیسی کۆمەڵگەی باڵاو پاشان دەتکەم بە زاوای سەرەك وەزیران، لەبەر ئەمە پارەی خۆم لە شەهادەدا سەرف کردووە... ئێستا حاڵی بوویت؟

میلاراد/ لەوەیە...

مارا/ میلاراد کوڕەکەم... بە گوێی باوکت بکە.

میلاراد/ لەوەیە *(پێدەکەنیٚ)*.

جیفوتا/ بەچی پێدەکەنیٚ؟

میلاراد/ سەرەك وەزیران کیژی نیە تا من بیخوازم.

جیفوتا/ ئەمەی ئێستا نیەتی، ئێمە چ زەرەریٚ دەکەین، کابینە لە یەك، دوو ساڵدا، سیٚ کەڕەت دەگۆڕێت... تۆ بڵێی یەکێك لەم هەموو سەرەك وەزیرانە کچی نەبیٚ....

میلاراد/ تکات لێدەکەم باوکە وازم لێبێنە با بە ئارامی بژیم، ئەم نەخشەو پلانانەتم لە کوڵ بکەوە... ئاخر من و مامۆستای یاریدەدەری زانکۆ کوجا مەرحەبا. تۆ بە خۆت چاك دەزانی کە من هەرگیز، و رۆژیٚ لە رۆژان نە دکتۆرام لە فەلسەفەدا هەبووەو نە دەمبێت.

جیفوتا/ بۆچی؟

میلاراد/ چونکە من... من بۆ ئەوە لە دایك نەبووم کە ببم بە زانا.

جیفوتا/ بۆ ئەوە لە دایك نەبوویت ببی بە زانا، چما هەموو دکتۆراکان زانان؟! یان پێت وایە خەڵکی بە پیشەکانیانەوە لە دایك دەبن: ئەمە جەنەڕاڵەو ئەوە حاکمەو ئەوە قازییەو... نا نەخێر، وانیە، بە پێچەوانەوە ئەم، بۆ ئەوە لە دایك بووە فانۆسی گازی سەر شەقامەکان داگیرسێنیٚو بووە بە پرۆفیسۆر، ئەو، بۆ ئەوە لە دایك بووە کە باڕمەن بیٚو بووە بە هونەرمەندی شێوەکار، یەکێکی دی بۆ ئەوە لە دایك بووە ببیٚ بە بالێکارو بووە بە سەرۆکی دێرو یەکێکی دی بۆ دزی لە دایك بووەو بووە بە وەزیرو... ئەمە چەرخ و دەوەرانی ژیانە ئەفەندم.

میلاراد/ رەنگە وابیٚ، بەڵام سەبارەت بە من باشتر وایە دەستبەرداری نەخشەکانت ببی.

جیفوتا/ دەستبەرداری نەخشەکانم ببمو لیستی حیسابات بدەم. وات دەویٚ؟

"6"

**( جیفوتا، مارا، میلاراد، مارتیسا )**

مارتیسا/ *(وەژوور دەکەویٚ)* دوو خانم چاوەڕوانتن ئاغای جیفوتا.

جیفوتا/ *(بە مارا دەڵێت)* دیارە لە خزمانی تۆن... بڕو میوانداریان بکە.

مارا/ نازانم کێن؟

ماریتسا/ نەخێر ئەزبەنی، گوتیان جەنابی تسفیوفتش- یان گەرەکە.

جیفوتا/ کەواتە ئەم ئاغایەیان دەوێ *(ئاماژە بۆ لای میلاراد دەکات)*

میلاراد/ هیچ خانمێك نایەتە ماڵەوە بۆ لای من.

جیفوتا/ دەزانم.... لە شوێنی تردا دەتبینن، لە شوێنێ کە ئاوێنە بشکێنن، لەوەیە لیستێکی دیکەی حیساباتیان هێنا بێ.

میلاراد/ *(بە تووڕەیی)* نەخێر هیچ ئیشێکیان نیە *(وەدەردەکەوێ)*.

مارا/ جیفوتا بەڕاستی زۆر ڕۆییشتی... نابێ بەو جۆرە مامەڵەی لەگەڵدا بکەی... زۆر لەگەڵی توندی *(وەدەر دەکەوێ)*.

جیفوتا/ بڕۆ... مادامێکی ئەوەندە لە خەمیدایت، بڕۆ دڵی بدەوە *(بە ماریتسا)* با ئەو دووخانمە وەژوور بکەون.

*(ماریتسا، وەدەردەکەوێ)*

"7"

## ( جیفوتا، خاتوو بروتتش، خاتو سباسویفتش )

بروتتش و سباسویفتش/ *(وەژوور دەکەون)* ئێمە، جەنابی تسیفوفتش ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی داڵدەی منداڵانی ژمارە نۆین. ئەم داڵدەیە...

جیفوتا/ داوای بوردن دەکەم... تکاتان لێدەکەم فەرموون دانیشن.

هەردوو خاتوو بە یەك دەنگ/ ئێمە، ئاغای ڕێزدار، ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی داڵدەی منداڵانی ژمارە نۆین کە ئەم داڵدەیە وەکو هەر هەموو ئۆرگان و دامەزراوە گرینگەکانی وڵاتەکەمان بێ پارەو پولەو لە بنەڕەتدا بە باربوو بەڕێوە دەچێت.

جیفوتا/ ببوورن... لە مەبەستتان تێناگەم.

بروتتش/ خاتو سباسویفتش بە یارمەتیت با من بۆی شەرح بکەم.

سباسویفتش/ کەرەمکە.

بروتتش/ ئاغای بەڕێز... ئێمە ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی داڵدەی منداڵانی ژمارە نۆین و ئەم دەزگاو دامەزراوە گرینگە....

سباسویفتش/ *(قسەکەی دەبڕێ)* هیچ پارەو پولێکی نییە... لەسەر ساجی عەلییە...

بروتتش/ تەنیا بە باربوو و پیتاك دەژی و بەڕێوە دەچێت.

سباسویفتش/ جا تۆ بەو حەساوەی هاووڵاتیەکی بەڕێزو دڵاوا خانەدانی...

جیفوتا/ تێگەیشتم... هاتوون بۆ پیتاك کۆکردنەوە، بەڵام بە یارمەتیتان با لە سەرەتاوە پێتان بڵێم... من سەرم لەم پیتاکانە سوڕماوە، هەندێك داوای پیتاك بۆ داڵدەی ڕۆژانە دەکەن، هەندێکی دی بۆ داڵدەی شەوانە داوای دەکەن، هەندێکی تر بۆ ئەو کیژانەی داوا دەکەن کە گومڕا بوون و لە

ڕێگەی ڕاست دەرچوون، هەندێکی تر بۆ ئەو کیژانەی داوا دەکەن کە خەریکن لە ڕێ دەردەچن... یانی شتەکەم لێ تێکەڵاو بووە.
هەردوو خاتوون پێکەوە/ بەڵام ئێمە هەنووکە باسی ئۆرگان و دەزگایەك دەکەین کە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا بوونی خۆی سەلماندووەو ئەنجامی باشی هەبووە بە ناوی دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە، ژمارەیەکی زۆری لە منداڵە هەژاران داڵدەداوەو باری سەر شانی کەسوکاری سووك کردوون و گەلێك لە دایکانی لەو بارە قورسە رزگار کردووە.
جیفوتا/ من هەموو ئەمانە دەزانم... من لاریم لەدانی پیتاك نییە، هەرچیم لە تواناداا بێ دریغی ناکەم، بەڵام پێویستە لەوەتان ئاگاداربکەم کە نابێ چاوەڕوانی پیتاکی زۆرم لێبکەن. نا ئومێدتان ناکەم... ناڵێم ناتاندەمێ، بەڵام پێموایە پیتاك و باربوو سوودێکی ئەوتۆی نیەو نابێ، بۆیە دەبێ کاری جدی بۆ ئەوە بکرێت کە دەرامەتی گەورەترو زیاتر بۆ داڵدەکە دابین بکرێ... بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لە زاناکانمان دەعوەت بکەن، کە کۆڕێکی گشتی بە قازانج و بۆ قازانجی داڵدەکەتان بگێڕێت، باشتر نییە.
بروتتش/ ئاخر ئەمە کارێکی ئاسان نیە ئاغای تسیفیوفیتش... ئێستا چاك و خراپ تێکەڵ بووە، کۆڕو محازەرە چ بە خۆڕایی و چ بە کرێ، بووە بە پیشەی زۆر کەسان.
جیفوتا/ بەڵام من پێشنیازدەکەم کە زانایەکی مەنشور کۆڕەکەتان بۆ بگێڕێ....
سباسویفتش/ جا ئەگەر زانایەکی مەنشور بێت کرێیەکی زۆر داوا دەکات و پێموایە هەرچیەك کۆ بکەینەوە، هەر بایی کرێی کۆڕەکەی ئەو دەبێت، بۆیە ئەمە کارێکی ئاسان نییە.
جیفوتا/ ناڵێم کارێکی ئاسانە، بەڵام بێگومان ئامانجی ئەم کارە ئامانجێکی مرۆڤانیە،و باوەڕم وایە زانای وا هەبێ بە دەنگ بانگەوازی داڵدەکەوە بێت... بۆ نموونە کوڕەکەی من.... دکتۆری فەلسەفەیە... گەنجێکی چالاك و چەلەنگە. ئەمە کارنامەکەیەتی (شهادە) لەم چوار چێوەیە گەورەیەدا. شەهادەکەی بە ئیمتیاز وەرگرتووە، من قەت باسی ئەو ناکەم چونکە کوڕی خۆمە، بەڵام باوەڕم پێبکەن وایە... بە شایەتی خەڵکی یەکێکە لە فەیلەسووفە هەرە باشەکان، شەو تا بەیانی ناوێ، بەردەوام خەریکی فەلسەفاندنە... نازانم ئەگەر دوا باسیتان خوێندبێتەوە یان نا، دەربارەی "میکانیزمی گۆڕانی ئەقڵی باتین" بوو، باس، باس نەبوو، قونبلەی وەرز بوو. تەنانەت پرۆفسیۆر رادسلافلفتش کە مامۆستایە لە زانکۆی دەوڵەت، تا ئێستا هەر سەرسامی ئەم باسەیە، هەر دەیڵێت و دەیڵێتەوە من فەیلەسووفم، بەڵام لە نێو ئەو فەیلەسووفانەدا کە ناسیوومن لە کوڕەکەی جیفوتا گەورەتریان تیا نیە، هەڵبەتە هەر ئەو سەرسامی باسەکە نەبووە، بەڵکو هەموو ئەکادیمی و زانایان و زانکۆو کۆلیژەکان،و راگرەکان و هەموو پیاوانی بە ناوبانگی دەوڵەت پێی سەرسامن... جا کوڕەکەم لە زەرفی یەك دوو رۆژدا یەك دنیا نامەی ستایش و دەستخۆشی پێ گەییوە... تۆزێ لەمەپێش، هەر چەند دەقەیەك لەمەپێش نامەیەکی بۆ هات سێ هەزارو چوار سەدو بیست و سێ دنیاری کاشی تێدا بوو کە دڵبەندەو موعەجەبەکانی بە مەبەستی هاندان و دەستخۆشی بۆیان کۆکردووەتەوە.
هەردووخاتون پێکەوە/ باشە رازی دەبێت لەلای ئێمە محازەرە بڵێتەوە؟

جیفوتا/ هەندێ جدیو حەدییە، بەڵام پێموایە بۆ ئەم کارە شەریفو مرۆڤانیە مل دەدات... بەڵام تکایە با نەزانێت ئەمە پێشنیازو بیرۆکەی من بووە.

بروتتش/ باشە... باشە.

سباسویفتش/ باشە ئاغای دکتۆر لە ماڵە؟

جیفوتا/ بەڵێ... بەڵام...

بروتتش/ دەتوانین هەنووکە قسەی دەگەڵ بکەین؟

جیفوتا/ نا... ئێستا چووەتە دنیای زانستەوە... لە دوێ شەوەوە خەریکەو تا ئەم ساتەوەختە سەری لەسەر کاغەزو قەڵەم هەڵنەبڕیوە، باسێکی گەورەی بەدەستەوەیە دەربارەی هەمان میکانیزم، نابێ لە کاتی کارکردنا کەس سەرقاڵی بکات.

بروتتش/ ئەدی تەگبیر، تۆ چ ڕێگەیەکمان نیشان دەدەی؟ چی بکەین؟

جیفوتا/ بە ناوی ئۆرگانو دەزگاکەتانەوە نامەیەکی بۆ بنێرنو داوای لێبکەن محازەرەیەکتان بۆ بڵێتەوە.

هەردوو خاتوون پێکەوە/ باشە... زۆر باشە.... بە خۆشحاڵییەوە.

جیفوتا/ جا سەبارەت بە من ***(بڕێک پارە لە قاسەکە دەردێنێ)*** ئێستا هەر سەد دینارم پێ هەڵدەسوڕێ... باوەڕبکەن کارو کاسبی تەواو وەستاوە، دەنا....

هەردوو خاتوون پێکڤە/ زۆر سوپاس.

جیفوتا/ تکایە سوپاسی ناوێ، چونکە من ئەم بڕە پارەیە لە ناخی دڵەوە دەبەخشمو سوپاسم ناوێ، دەتوانن لە ڕۆژنامەاندا دەربارەی بنووسن، هەڵبەتە نەك بە مەبەستی ستایشی من، بەڵکو وەکو نموونەیەك،تا خەڵکی دیکە چاوی لێبکەن.

هەردوو خاتوون پێکڤە/ ئاه... مەفهوومە، هەڵبەتە وایە.

بروتتش/ ***(هەڵدەستێ)*** کەواتە... ڕەئی تۆ وایە کە نامەیەك بۆ کاك دکتۆر بنێرین؟

جیفوتا/ بەڵێ، تا پەلەش بکەن باشترە، چونکە وەك دەڵێن کاری خێر بە پەلە و کاری شەڕ بە تەگبیر.

سباسویفتش/ هەر ئەمڕۆکە بۆی دەنێرین.

جیفوتا/ زۆر باشە... ئێوە خێرا بینێرن، من خۆم هەموو شتەکان دەسازێنم.

هەردوو خاتوون/ سوپاست دەکەین.... زۆر سوپاس... بە هیوای دیدار ***(وەدەردەکەون)***

جیفوتا/ ***(تا بەر دەرگا بەڕێیان دەکات)*** خودا حافیز... بە چاوی خۆتان دەبینن کە چۆن ئەم محازەرەیە دەبێ بە قونبەلەی وەرز، بە دوعا.

## "8"

## (جیفوتا بە تەنێ)

جیفوتا/ ***(دەگەڕێتەوە، وەکو کەسێك سەرکەوتووانە کارێکی ئەنجام دابێت، دەستەکانی هەڵدەگلۆفێتو گۆشی تەلەفۆنە ناوخۆکە هەڵدەگرێت):*** هەلەو کاکە نیکولتش چی؟... چیە؟

ئاغای دایتش لە بۆڕسە گەڕاوەتەوە. ئەی چ دەڵێ؟ بەڕاست؟ کەواتە زەرەرەکەمان گەورەیە... لەوەیە... من ناڵێم مەحاڵە یان ناشێت، بەڵام... ئەدی رەئی ئاغای دایتش دەربارەی ئەم دابەزینە کوتوپڕەی سەهم و پشکی قەرەبووان چیە، باشە... باشە... هەر ئێستا دێمە خوارێ *(گۆشیەکە دادەنێتەوە، بەرەو دەرگاکەی دەستە چەپ دەڕوات و گاز دەکات)* سلاڤکا گیان *(دەنگێک بەرسڤی دەداتەوە)* نا... لەگەڵ تۆم نییە، سلاڤکا لە کوێیە؟ سلاڤکا *(بۆ نووسینگەکە دەگەڕێتەوە و قاسەکە بە کلیل دادەخات)*.

"9"

**( جیفوتا، سلاڤکا)**

سلاڤکا/ *(وەژوور دەکەوێ)* باوکە منت گازکرد؟

جیفوتا/ بەڵێ... چاوەڕوانم بریکارەکەم لە بودبستەوە تەلەفۆنم بۆ بکات، و نامەوێ لە نووسینگەکەمدا گوێیان لە قسەکان بێ و دەبێ هەنووکە بچمە خوارەوە... جا تۆ بەدیار تەلەفۆنەکەوە بمێنە هەرکە تەلەفۆن کرا یەکسەر بانگم بکە.

سلاڤکا/ زۆر باشە، دەچم کتێبێك دێنم بۆ خۆم دەیخوێنمەوە.

جیفوتا/ بڕۆ بیهێنە *(ماچی دەکات)* تۆ ئازیزترین سکرتێرمی *(وەدەردەکەوێ)*.

"10"

**( سلاڤکا، فیلیمیر )**

*(سلاڤکا خۆی بەو ژوورەی دەستەچەپیدا دەکات، و لەم کاتەدا فیلیمیرش وەژوور دەکەوێ و لە ئاستانەی دەرکەکەدا دەوەستێ)*.

سلاڤکا/ *(بە کتێبێکەوە دەگەڕێتەوە... سەرسامە)*.. ئاه..

فیلیمیر/ رۆژ باش.

سلاڤکا/ خێر، چ موجیزاتێك بۆ ئێرەی هێناوی؟!

فیلیمیر/ بابت ناردوویەتی بە دووما.

سلاڤکا/ دیارە دیارە... ئەگەر ئەو نەی ناردبا بە دووتا، ئێمەت هەر بە بیردا نەدەهات.

فیلیمیر/ راست دەکەی، دان بە کەمتەرخەمی خۆمدا دەنێم.

سلاڤکا/ کەواتە. ئەمەت لە بێ موبالاتی و خەمساردیە نەك لە دووره پەرێزی و بێ وەفایی.

فیلیمیر/ نا، وانیە.

سلاڤکا/ جاران زۆر جار وەکو هاوڕێی قوتابخانە دەگەڵ برایەکەمدا سەرت دەداین، هاوڕێیاتی منت دەکرد، پێموایە هەقە بیرەوەری و یادگاری منداڵی بەماڵی ئێمەتەوە ببەستێ.

فیلیمیر/ باوەڕم پێبکە... بەوپەڕی شادییەوە یادی ئەو رۆژانە دەکەمەوە.

سلاڤکا/ دەزانی من تا ئێستاش یەکێك لە نامە دڵداریەکانتم لەلای خۆم هەڵگرتووە، هەنگێ من لە پۆلی سێیەم بووم‌و تۆ لە پۆلی شەشەم.

فیلیمیر/ تکات لێدەکەم بیفەوتێنە چونکە من زۆر شەرمەزارم....

سلاڤکا/ ئاوها... من دەزانم ئێستا هەست بەبێ موبالاتی دەکەی... شەرمەزاریت لە خۆشویستنی من....

فیلیمیر/ تکات لێدەکەم... مەگەر هەر خوا بزانێ ئەو نامەیە چەندی هەڵەی ڕێزمانی تیایە.

سلاڤکا/ خۆشەویستی‌و ڤیان گوێ بەڕێزمان‌و دەستووری زمان نادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە تا پیاو لە ڕێزماندا لاوازو کوڵەوار بێ، هەستی بە جۆشترو بەهێزترە. جا ئەگەر نیگەرانی ئەمەیت، ئامادەم نامەکەت وێدەمەوە تا هەموو هەڵە ڕێزمانییەکانی چاك بکەیتەوە.

فیلیمیر/ زۆریش مەمنون دەبم‌و هەرچی هەڵەیەکی تیا بێ چاکی دەکەمەوە.

سلاڤکا/ لەوەیە بتەوێ هەست‌و سۆزەکەش بگۆڕی‌و چاك بکەیتەوە.

فیلیمیر/ جا بۆچی شتی وا بکەم؟

سلاڤکا/ جا بەم بۆنەیەوە پێت دەڵێم کە تۆ بەڕاستی نامەکەت چاك کردووەتەوە... هەست دەکەم بە تەواوەتی لە هەموو کەسێك دوور کەوتوویتەوە.

فیلیمیر/ نا.... نا، باوەڕم پێبکە ئەمە هەست‌و بۆچوونێکی هەڵەیە، وا نییە.

سلاڤکا/ چۆن؟. بەڵگەشم ئەوەیە کە ئێستا هاوڕێتی برایەکەم ناکەیت.

فیلیمیر/ ئەمە ڕاستە، چونکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو لە ئاستێکی بەرزدایەو لەگەڵ مندا ناگونجێ.

سلاڤکا/ هەروەها هاوڕێیاتی منیشت لە بیر کردووە.

فیلیمیر/ ئاه.... خۆزگە دەگەڕامەوە بۆ ئەو هاوڕێیاتیە.

سلاڤکا/ ئەدی چاوەڕوانی چیت. چی ڕێی لێگرتوویت؟

فیلیمیر/ زروف... لە ژیانا هەموو شتێك بە دڵی ئینسان نابێت.

سلاڤکا/ لێت تێناگەم....

فیلیمیر/ ڕاست دەکەی... قسەکەم زۆر روون نەبوو... ناشتوانم لەوەی روونتر قسە بکەم.

سلاڤکا/ مەبەستت ئەوەیە کە ناتوانی بە دڵسۆزی‌و ڕاستگۆیی قسە بکەی؟

فیلیمیر/ یانی لە دڵسۆزی‌و ڕاستگۆیی من بە گومانی؟

سلاڤکا/ بەڵێ بە گومانم، و هەقی خۆمە، چونکە واقیع پێم دەڵێ کە بە گومان بم.... لەم ماڵەدا شتێك روویداوەو لە منی دەشارنەوە. بەڵام بە هەست دەزانم شتێك روو دەدات. لە پشت دەرگایانەوە فسکە فسك دەکەن، لە نهێنیان دەدوێن، هەروەها باوکم زوو زوو بە دووتا دەنێرێت.

فیلیمیر/ ڕاستە، بەڵام ئەمە هیچ نهێنییەکی تیا نیە... بابت زۆر نامەی بە زمانانی ئەڵمانی‌و فەرەنسی بۆ دێت‌و حەز ناکات فەرمانبەرانی نووسینگەکەی پێی بزانن و لێی ئاگادار بن.

سلاڤکا/ مەبەستت ئەوەیە کە تۆ بۆی تەرجەمە دەکەی؟

فیلیمیر/ بە خۆت دەزانی من زۆر قەرزارباری ئەوم، بۆیە لەسەرمە چاکەی بدەمەوەو لە خزمەتی دابمو هەر خزمەتێکی هەبێ، بۆی جێبەجێ بکەم.
سلاڤکا/ *(بە نە باوەڕییەوە)* لەگەڵ ئەوەشدا هەست دەکەم تۆ زۆر راستگۆ نیت.

"11"

**( جیفوتا، فیلیمیر، سلاڤکا )**

جیفوتا/ *(وەژوور دەکەوێت)* هاتیت؟
فیلیمیر/ بە دووتا ناردبووم؟
جیفوتا/ بەڵێ *(بە سلاڤکا)* تەلەفۆنەکە نەکرا؟
سلاڤکا/ نەخێر...
جیفوتا/ *(بە مجامەلەوە)* لەزەتت لە خوێندنەوەکەت بینی گیانەکەم؟
سلاڤکا/ نەخێر... نەم خوێندەوە... بافلوفتش سەرگەرمی کردم، هەرچەندە ئەمڕۆ بێ حەواسیو بێتاقەتی لێدەباری.
جیفوتا/ دەی باشە روحەکەم، ئێستا بە تەنیامان بێڵە، دەمەوێ روو بەڕوو قسە دەگەڵ ئاغای بافلوفتش دا بکەم.

"12"

**( جیفوتا، فیلیمیر )**

جیفوتا/ *(پاش ئەوەی بە دوو قۆڵی مانەوە):* ئەمە چیە هاوڕێ؟
فیلیمیر/ چی روویداوە؟
جیفوتا/ *(بروسکەکەی وێدەدا):* ئەم بروسکەیە هاتووە.
فیلیمیر/ *(دەڕوانێتە ئیمزاکە):* دکتۆر رایسەر
جیفوتا/ ئەم دکتۆر رایسەرە کێیە؟
فیلیمیر/ دکتۆر رایسەر؟ مامۆستایە لە زانکۆی فریبورگ، زانایەکی مەنشورە، زمانانی رۆژهەڵاتی وەکو/ عیبری، عەرەبی، تورکی،و حەبەشیو زمانی گریگی بە رەوانی دەزانێ، هەروەها زمانانی سلاڤی وەك/ سربیو چیکی دەزانێو کەسانێکی زۆر لە زانکۆ بەناوبانگەکانەوە دەچن بۆ فریبورگ تا گوێ لە محازەرەکانی بگرن. هەروەها کۆمەڵێك کتێبی گەورە گەورەی داناوە. هەر چەندە من لەلای ئەو نەمخوێندووەو خوێندکاری ئەو نەبووم، بەڵام بە بەردەوامی لە محازەرەکانیا ئامادە دەبووم. چونکە دەرسی زمانانی سلاڤی دەگوتەوە، لەوەوە بووین بە برادەرو ئاشنایەتیمان پەیدا کرد.
بلاجویە/ من پرسیاری ئەوەم لێنەکردوویت چی فێر بوویت،و کێ فێری کردوویت. پێم بڵێ بۆچی ئەم بروسکەیە بۆ کوڕەکەم هاتووەو سەرچاوەکەی چیە؟

**فیلیمیر/ *(دەڕوانێتە ئەدرەسەکەی):* قابیلە لەوە زیاتر بێ...**

**جیفوتا/ چۆن؟ باشە کە هاوڕێی تۆ بووە، بۆچی ئەم بروسکەیەی بۆ تۆ نەناردووە؟**

**فیلیمیر/ بەڵام جەنابی جیفوتا تۆ بە خۆت چاك دەزانیت من بە ناوی کوڕەکەی تۆوە لە فریبورگ بووم‌و هەموو خەڵکی بە ناوی کوڕەکەی تۆوە دەمناسن...**

**جیفوتا/ باشە، با وا بێ، بەڵام ئەم پرۆفیسۆرە گەورەیە لە بەڵگرادا چی دەوێ؟.... بۆچی دەعوەتت کردووە؟ دەمەوێ وەڵامی ئەمەم بدەیتەوە...**

**فیلیمیر/ خەبەری دامێ کە سەفەری ئەسینای لەبەرە،و لە رێگاوە بۆ رۆژێ دوان لەلای ئێمە لادەدا.**

**جیفوتا/ وتت لەلای ئێمە؟ باشە چی دەوێ؟ مەبەستت ئەوەیە دێ بۆ لای تۆ.**

**فیلیمیر/ بەڵێ، دێ بۆ لای من، بەڵام تۆش دەگرێتەوە، بۆ لای تۆش دێ.**

**جیفوتا/ چۆن منیش دەگرێتەوە؟**

**فیلیمیر/ بەلای ئەوەوە من کوڕی تۆم‌و لەگینە حەزبکات دایك‌و بابم بدینێ، چونکە زۆرم باسی تۆ بۆ کردووە‌و بۆم گێڕاوەتە کە زۆرت خۆش دەوێم....**

**جیفوتا/ باشە بۆچی ئەو هەموو چەنە بۆش‌و بەتاڵەت بۆ داوە؟**

**فیلیمیر/ ناچار بووم... زۆرم بە دەورا دەهات‌و زۆر جار بۆ ماڵەوەی دەعوەت دەکردم‌و لە کاتی نیوەڕۆژە یان شیڤ دا ئیزنی نەدەدام‌و نەیدەهێشت بڕۆم...**

**جیفوتا/ مەبەستت ئەوەیە کە پێویستە دەعوەتی بکەم؟....**

**فیلیمیر/ هەڵبەتە....**

**جیفوتا/ دەوری باوك بگێڕم. هەر لەمەم کەم بوو! دەبینی چ چەپکە گوڵێکت بە ئاوا داوە گەنجۆ.**

**فیلیمیر/ من بۆ خۆم هەست دەکەم کە زۆرم ئیحراج کردوویت... بەڵام چارم ناچارە‌و هیچ رێگەیەکی تر نیە ئیدی داب‌و نەریت‌و وێڵ و ئوسوڵ وا دەخوازێت....**

**جیفوتا/ جا ئەگەر هەر بۆ مجامەلەو وێڵ‌و ئوسوڵ دەعوەتت کردووە، ئەوا هەر بایی مجامەلە و لەو سنوورەدا پێشوازی بکەو با لەوە تێنەپەڕێ...**

**فیلیمیر/ وا هەستدەکەم لێم توڕەو پەستیت، بەڵام تکام وایە باوەڕم پێبکەی... ئەمە لە میانەی قسەی ئاسایی بەینی من‌و ئەوەوە دروست بوو... باسی ئەوەی کرد کە حەزدەکات سەفەری ئەسینا بکات... منیش هات بە دەممداو گوتم... ئەگەر بە پایتەختەکەی ئێمەدا دەڕۆیت لە رێگای خۆتەوە... کەرەمکە، سەرێکمان لێبدەو گەورەمان بکە... ناچار بووم وەکو رێزو مجامەلە ئەو قسەیە بکەم.**

**جیفوتا/ بەڵێ... بەڵێ!... ئەوەتا لەبەر رێزو مجامەلە دێت...**

**فیلیمیر/ هەڵبەتە هەر بۆ مجامەلەو رێز دەیەوێ سەری تۆش بدات.**

**جیفوتا/ ئا! دەبێ یان دەستبەرداری سەردانی من بێ یان ئەگەر وەکو پێویست، بە هەمان شێوەی ئەو مجامەلەم نەکردەوە، زویر نەبێت.**

**فیلیمیر/ هەروەها دەزانێ کە من کوڕی پیاوێکی بووە‌و دەوڵەمەندم.**

جیفوتا/ کێ کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە؟
فیلیمیر/ من.
جیفوتا/ تۆ؟ باشە لە بیرت چوو کە بابت فەڕاشی قوتابخانەیە؟
فیلیمیر/ من باسی بابی خۆم ناکەم، تۆم مەبەستە.
جیفوتا/ باشە بۆچی من تێکەڵی هەموو شتێك دەکەی؟
فیلیمیر/ چونکە، لەوانەیە شتەکە پێویستی بە سەرفکردنی هەندێ پارە هەبێ: وەکو پارەی تاکسی، یان سەردانی شوێنەواران، یان رەنگە نیوەڕۆژەو فراڤین.
جیفوتا/ دیسان گەڕاینەوە سەر پارەو مەسرەف... تۆ پێم بڵێ... خۆ ئەم پرۆفیسۆرەی تۆ فێری ئاوێنە شکاندن نیە؟
فیلیمیر/ ببورە کە بوومەتە مایەی ناڕەحەتیت، و ناچارم کردوویت هەندێ مەسرەفان بکەی، بەڵام...
جیفوتا/ تۆ لەوە ناڕەحەتی کە ناچاری هەندێ مەسرەفانت کردووم، و منیش ناڕەحەتی مەسرەفەکەم. ئەو هەر بۆ مجامەلەو خۆنواندن ئاوێنان دەشکێنێ و من دەیبژێرمەوە. ئەم گەورە پیاوان و ناوداران دەعوەت دەکات... و دەبێ من پارەکەی بدەم... نا... بەڕاستی ئەمە حاڵ نیە، نابێ ئەم وەزع و حاڵە بەردەوام بێ. من یارمەتیت دەدەم کە بڕێك پارەو پول بە دەست بێنی، و ئیدی بەخۆت و لەسەر حیسابی خۆت و لە کیسەی خۆت میوانداری بکەو مەسرەفی بکێشە.
فیلیمیر/ من نەك هەر لاریم نییە... بەڵکو ئەمەم پێ باشترە.
جیفوتا/ من پێویستم بە محازەرەیەکی گشتییە، خێرا بۆمی بنووسەو ئەوەندەت پارە دەدەمێ کە بتوانی میوانداری میوانەکەت بکەیت و مەسرەفی بکێشیت.
فیلیمیر/ تۆ پێویستت پێیەتی؟ چ محازەرەیەك؟
جیفوتا/ ئەم محازەرەیە بۆ من نیە، بەڵکو بۆ میلارادە، خاتوونانی خانەدانی کۆمەڵگە دەعوەتیان کردووە بۆ وتنەوەی محازەرەیەکی گشتی.
فیلیمیر/ رازی بووە؟
جیفوتا/ نەخێر ئەو رازی نەبووە، بەڵکو من رازی بووم، هەڵبەتە بە پشتیوانی تۆ.
فیلیمیر/ باشە پەلەتە، بۆ کەیت دەوێ؟
جیفوتا/ بە زووترین کات.
فیلیمیر/ باشە... خۆشبەختانە خەریکی نووسینی باسێکی تازەم.
جیفوتا/ کەواتە لەزێ بکەو تەواوی بکە.
فیلیمیر/ باشە تەواوی دەکەم، چونکە رایسەر سبەی بەیانی دەگاتە جێ.
جیفوتا/ پاشان باسی دەکەین، هێشتا وەختمان لە بەردەمە... گرینگ ئەوەیە باسەکە تەواو بکەیت.
فیلیمیر/ هیچی ترت پێویستە؟
جیفوتا/ نەخێر....

فیلیمیر/ کەواتە... خودا حافیز.

جیفوتا/ خودا حافیز. ***(فیلیمیر وەدەردەکەوێ).***

## "13"

## ( جیفوتا، بلاجویە )

***(بلاجویە لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا بەر فیلیمیر دەکەوێ).***

جیفوتا/ ***(هاتنە ژوورەوەی بلاجویەی بینی)*** ئۆو... لە کوێ خۆت شاردبووەوە مام پیاو؟ دنیایات بۆ گەڕاین.... ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بووی؟

بلاجویە/ کارەکە ئەوەندەش ئاسان نیە وەکو تۆ تەسەوری دەکەی... داوا دەکەی بلاجویە ئەمە بکە... پاشان ئەوە بکە، و هێشتاش دەپرسیت لە کوێندەر بووم؟ لە لای پرۆفیسۆر بووم.

جیفوتا/ لای پرۆفیسۆر بە خۆی؟

بلاجویە/ بەڵێ... رووبەڕوو وەکو چۆن ئێستا قسە دەگەڵ تۆدا دەکەم، قسەم لەگەڵی کرد.

جیفوتا/ ئێ چی بوو؟

بلاجویە/ ئێستا هەموو شتەکانت بە ریز بۆ دەگێڕمەوە... خوڵکی کردمە ژوورەوە،و لەلای دانیشتم... تەحا کە کورسیەکەی پرۆفیسۆر خۆش بوو هاوڕێ! دانیشتم،و هەستم کرد بووم بە پرۆفیسۆر.

جیفوتا/ عەجایەب! کێ پرسیاری ئەوەی لێکردوویت کە هەستت بە چی کردووە؟ دەی باسی ئەوەم بۆ بکە چیتان گوت.

بلاجویە/ چیت پێ گوتبووم دەقاودەق پێم گوت... گوتم ئەزبەنی، جەنابی پرۆفیسۆر، جیفوتا تسفیوفتشی خزمم پیاوێکی دەوڵەمەندە.... خێری خودای بەسەردا رژاوە... رێزی زانستو زانایان دەگرێت...

جیفوتا/ باشە، دوای ئەوە؟

بلاجویە/ لەسەری رۆییشتمو گوتم: دەیەوێ لە ژیانی خۆیدا شتێك بۆ زانست بکات، بۆیە منی بۆ لا ناردوویت چونکە بیستوویەتی تۆ داهێنەرێکی گەورەیت، بەردەوام داهێنانی گەورەت هەیە.

جیفوتا/ بەڵێنی هیچت دایێ؟

بلاجویە/ لێزانانە خۆم دزییەوە، پێی گوتم: لە زانکۆدا خواردنگەیەکی قوتابیانمان هەیە، خۆزگە ئەم خزمەت هەندێ پارەی بۆ ئەم خواردنگەیە تەبەڕوع کردبا.

جیفوتا/ ئەم جۆرە تەبەروعو بەخشمشە بە بادا دەڕوات.

بلاجویە/ منیش ئەوەم پێگوت، بەڵام بە شێوازێکی ئەکادیمی، پێمگوت: ئەزبەنی، جەنابی پرۆفیسۆر خواردنگە شتێکی کاتیە، هەمیشەیی نییە، ئەگەر زانکۆ بە تەبەڕوعاتو باربووی خزمەکەم، هیربارو ئامانان بۆ خوارنگەکە بکڕێت، قوتابیو خوێندکارەکان دەیشکێنن، ئەگەر

بـاربوو و پیتـاکی ئـەو خـواردن بکڕێـت، ئـەوا قوتـابی و خوێنـدکارەکان دەیخـۆن، جـا خزمەکـەم نایەوێ یادو یادگارەکەی بخورێت.

جیفوتا/ زیرەکانە قسەت دەگەڵ کردووە.

بلاجویـە/ ئیـدی لـەو چوارچـێوەیەدا لەسـەر باسـی خوارنگـەو نرخـی خواردەمـەنی لـە بـازاڕدا، ڕۆییشتین.

جیفوتا/ باشە من بۆ ئەوەم ناردی کە باسی خواردەمەنی و نرخی خۆراکی دەگەڵ بکەی؟

بلاجویە/ ڕاوەستە. راوەستە سەلامەت بی، وام هەست کرد کە ئەم باسە هەر نابڕێتـەوە، بۆیـە زۆر لێهاتووانـە باسـەکەم گـۆڕی. ئیـدی پرۆفیسـۆر کەوتـە گلـەیی لـە گرانـی نرخـی تەماتـە، یەکسـەر بیرۆکەیـەکم بـە زەینـا هـات و لـە دڵـی خـۆدا گـوتم ئۆخـەی، تەماتـە باشـترین دەرفەتـە بـۆ گـۆڕینی قسەکان، ئیدی قسەکەم پێ بڕی و گـوتم: راسـتە تەمامـە گرانـە، و نکـۆڵی لێنـاکرێ، بـەڵام پێموایـە خشت و کەرپوچییش هەندێ گرانە، من دەزانم جەنابی پرۆفیسۆر بە تەنێ تۆ نەبوویت بە خاوەنی مـاڵی تایبـەتی خـۆت، هـەموو پرۆفیسـۆرەکان ڤیللا یـان ماڵیـان بـۆ خۆیـان دروسـت کـردووەو چوونەتە ناوی، بەڵام تۆ لە سەقفدا وەستاویت.

جیفوتا/ ئافەرین، ئەدی وەڵامی چ بوو؟

بلاجویـە/ دەڵێـت، ئەنـدازیاری بیناسـازییەکە هەڵیخەڵەتانـدووم... بـە حیسـابی خـۆی بـڕی تێچوونەکەی بە وردی دیاری کرد، بەڵام هەرکە دەست بە بیناکرا، ئەوەی لەسەر کاغەز بایی سەد دینار بوو، لە واقیعدا بایی دوو سەد دینار بوو، بۆیە پارەکەم کورتی هێناو بەشی نەکرد، لێرەدا هەڵمدایەو گوتم: چۆن شتی وا دەبێ؟ تۆ زانایەکی گـەورەی، خـەڵکێکی زۆر هـەواداریت لێدەکـەن. ڕێزت دەگرن. بەرسڤی دامەوەو گوتی: حـەیفێ، مـرۆڤ تـا پایـەی بـەرزتر بـێ، پـارەی کـەمتر دەبـێ، بێ پارەتر دەبێت... من خانووەکەم بە بەرەکەتی ڕێزو حورمەتی ئەو هەوادارانەم گەیاندە سەقف، بەڵام ناتوانم تەواوی بکەم، چونکە پێویستم بە نزیکەی دە تا پازدە هەزار دینارە.

جیفوتا/ بەو ڕاشکاویە گوتی دە تا پازدە هەزار دینار؟

بلاجویە/ گوتم ئەم بڕە پارەیە هیچ نیە، خزمەکەم دەتوانێ بە قەرز بتداتێ و فایدەشت لێنەسەنێ.

جیفوتا/ ئەدی وەڵامی ئەو چ بوو؟

بلاجویە/ بە سەرسامی گوتی: بۆ چی: خۆ من نایناسم...و هەرکە ئـەو قسـەیەی لـە زار دەرچـوو، هەسـتم کـرد کـاتی ئـەوە هـاتووە کارتـەکانی خۆمـانی بـۆ ئاشـکرا بکـەم، پـێم گـوت: جـەنابی پرۆفیسـۆر، لـە کـۆلیجی فەلسـەفەدا دوو وەزیفـەی بـە تـاڵ بـۆ دوو مامۆسـتای یاریـدەدەر هەیـە،و جەنابی تسیفوفتش کوڕێکی هەیە کە دکتۆرای لە فەلسەفە وەرگرتووەو....

جیفوتا/ (بەلاپرەسەنی) دەی بڵێ بزانم چی گوت.

بلاجویە/ هیچی نەگوت و قسەکەمان بڕا

جیفوتا/ چۆن بڕا؟

بلاجویە/ کاتێکم بە خۆ زانی دەستی ناوەتـە یەخـەم و بـە پـاڵ لـە نووسـینگەکەی وەدەرم دەنێت و دەڵێت من مامۆستای زانکۆم برادەر، بۆیە ناکڕدرێم.

**جیفوتا/** هەی گەوج خۆت.

**بلاجویە/** کێ گەوجە؟

**جیفوتا/** کێ؟ هەڵبەتە ئەو، ئەگەر گەوج نەبوایە نەدەبوو بە پرۆفیسۆر، بەڵکو دەبوو بە شتێکی ترو بۆ خۆی ئاقڵتر دەبوو.

**بلاجویە/** کاتێ کە بە قاڵدرمەکانی زانکۆدا دادەگەڕام سەرم دنگەی دەهات، ئەلهەقی ئێمە هەڵەمان کرد... پۆستی پرۆفیسۆر کاڵایەك نیە کڕین و فرۆشتنی پێوە بکرێ.

**جیفوتا/** چ شتێك هەیە کڕین و فرۆشتنی پێوە نەکرێ؟ چونکە کەمێك لەسەر کورسییەکەی پرۆفیسۆر دانیشتوویت، عەقڵت چووەتە سەر ئەقڵی پرۆفیسۆران.... ئاخر چ کاڵایەك هەیە نە بکڕدرێ و نە بفرۆشرێ...؟

**بلاجویە/** ڕەنگە نەزانم، بەڵام من ئەمەم بە خۆم تاقی کردەوە...

**جیفوتا/** کە نازانی... بێدەنگ بە... پیف... کڕین و فرۆشتنی پێوە ناکرێ! ئەمڕۆ هەموو شتێك دەکردرێ و دەفرۆشرێت ***(دەفتەرێك لە قاسەکە دەردێنێ....)*** هەر ئینسانێك پارەی هەبێ دەتوانێ هەموو شتێك بکرێت... ئەمە دەبینی؟... ***(کۆمەڵێك پسوولەی دامنامەی نیشان دەدات).***

**بلاجویە/** ***(پسولەکان دەخوێنێتەوە)*** پسولەیەك بە دە هەزار دینار...

**جیفوتا/**ئەم زەمیرەم بە دە هەزار دینار کڕیوە...

**بلاجویە/** زەمیری چی...؟

**جیفوتا/** زەمیر....زەمیر.. زەمیری ئینسان.... لەوەیە بڵێی زۆرم پێی داوە؟ ئەمە ڕاستە، پارەیەکی زۆرم پێی داوە، چونکە قانوونی بۆرسە وایە هەر شتێ داوای لەسەر زیاد بێ، نرخەکەی زیاد دەبێت...و جا ئیستا زەمیر لەبازاڕا کلاشە دەکات و کەس لێی ناپرسێت، بۆیە هیچ شتێك ناکات.

**بلاجویە/** ئەمە وەستاوەتە سەر ڕوانینی مرۆڤ بۆی..

**جیفوتا/** من بە شێوەیەکی واقیعیانە دەڕوانمە هەموو کاروبارێك، بەڵام ئەوەی وەکو پرۆفیسۆر لێی بڕوانێت، بەبێ سەقف دەمێنێتەوە... تۆ تەمەشای ئێرە بکە... شەرەف و ئابڕووم بە شەش هەزار دینار کڕیوە.

**بلاجویە/** سەیرە... باشە شەرەف لەوە زیاتر ناکات؟

**جیفوتا/** هەر هیچ ناکات... وەکو چۆن کاڵایەك لە عەماردا دەمێنێتەوەو مۆدی بەسەر دەچێت و هەراج دەکرێ و دەتوانی بە مایەکاری وکەمتریش بیکڕیت، شەرەف ئەو نرخەش ناکات.

**بلاجەیە/** ڕاستە.

**جیفوتا/** باسی شەرەف دەکەی؟ ئەمەشە پسولەیەکی تری کڕینی شەرەفە، ئەمەیانم بە سێ هەزارو حەوت سەد دینار کڕیوە... هەڵبەتە شەرەفێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو شەرەفی کچێك بوو. سێ هەزارو حەوت سەد دینار بە مەسرەف و خەرجی محاماتیشەوە.

**بلاجویە/** بە گەنجێتی ئەمەت کردووە؟

**جیفوتا/** کێ گوتوویەتی کە من کردوومە.... ئەمە ئیشی کوڕەکەمە... دکتۆری بەڕێزی فەلسەفە.

**بلاجویە/** باشە ئەم پسولانەش هەر وان؟

جیفوتا/ بەڵێ... ئێستا هەموو شتێك دەفرۆشرێ‌و دەكڕدرێت: شەرەف... زەمیرو خۆشەویستی‌و ڤیان‌و دەسەلات‌و ڕەفاقەت‌و دۆستایەتی‌و... هەموو شتێك هاوڕێم... بەلام ئەو كەسەی كە لە زانكۆیە،و وا دەزانێ ناتوانێ دەنگی خۆی بفرۆشێت *(ئاماژە بۆ قاسەكە دەكات)* با چاك بزانێ ئەمە زانكۆیە. زانكۆ لێرەدایە... نەك لە زانكۆكەی ئەودا.

بلاجویە/ پێموایە هەق بە تۆیە.

جیفوتا/ ئێ... با وازی لێ بێنین، خۆ زانكۆ هەر ئەو پرۆفیسۆرەی تیا نییە، پرۆفیسۆرێكی دی دەدۆزینەوە... تۆ پێم بڵێ هیچت لەمەڕ شتەكانی ترەوە زانی.

بلاجویە/ بەڵێ... زانیم.

جیفوتا/ *(بەلا پرەسەنیەوە)* دەی بۆم بگێڕەوە...

بلاجویە/ سەرەك وەزیران كچی نیە، بەڵام وەزیری هێڵی ئاسن كچێكی عازەبی سەروعوزر شۆڕی هەیە.

جیفوتا/ (بەساردییەوە): من سەرەك وەزیرانم دەوێ، نەك وەزیران... وەزیران چ نین.

بلاجویە/ چۆن... چ نین؟ وەزیری هێڵی ئاسن لە سەرەك وەزیران گرینگ تر دەبێت... ڕۆژنامانت نەخوێندوەتەوە... دەست بە ڕاكێشانی هێڵێك بە خاكی بەلقاندا دەكات.

جیفوتا/ جا ئەم هێڵەی بەلقان چیە؟!

بلاجویە/ چۆن چیە؟! هێڵێكی ئاسنە.. ئەدی دەربارەی هێڵی ئاسنی سیبریات نەبیستووە؟ باسی ئەو هێڵانەت نەبیستووە كە بە ئەتڵەنتی دا ڕادەكێشرێ؟ كە دەگوترێ (بە فلان شوێندا) ئەوا بزانە كە كارێكی زۆر گەورەو جوانەو ماوەیەكی زۆر دەبات.

جیفوتا/ "بە فلان شوێندا".... یانی "بە فلان شوێندا" ئەوە دەگەیەنێ كە زۆر كیلۆمەتران دەبڕێ؟

بلاجویە/ بەڵێ.... مانای زۆر دەگەیەنێ.

جیفوتا/ گوتت وەزیری هێڵی ئاسن كچێكی هەیە؟

بلاجویە/ بەڵێ كچێكی هەیە... من خانمێك دەناسم نێوی دراجایە، ئەم دراجایە خزمێكی دووری ڕەحمەتیەكەی ژنمە... جا ئەم خات دراجایە هاتوچۆیماڵی وەزیرو... دەكات.

جیفوتا/ باشە قسەت دەگەڵی كردووە؟

بلاجویە/ بەڵێ قسەم دەگەڵی كردووە، بەڵام بە شێوەیەكی زەق‌و ڕاستەوخۆ نا، لەگەڵیا نەچوومە تول‌و تەفیسلی بابەتەكەوە، بەڵكو داوام لێكرد سووسەیەكی مەسەلەكەمان بۆ بكات... ئەرێ جیفوتا، باشتر نیە ڕۆژنامان شتێك دەربارەی میلاراد بڵاوبكەنەوە؟

جیفوتا/ با.... بە خۆڕایی لێرە دانانیشم... دەی قەڵەم‌و كاغەز بهێنەو چیت پێ دەڵێم بیخە سەر كاغەزو دەبێ هەموو هەوڵێك بخەیتە گەڕ تا لە ڕۆژنامانداا بڵاوبكرێتەوە... ئەگەر كرا وێنەیەكی خۆیشی لەگەڵ بڵاوبكەرەوە... وا باشترە. من كرێی كلێشەی وێنەكەی دەدەم... دەی بنووسە *(بلاجویە كاغەزو قەڵەمێك لەسەر مێزەكە هەڵدەگرێ، جیفوتا ئیملای پێدەكات)* زانای لاومان،

دکتـۆر مـیلاراد تسـفیوفتش لەسـەر داوای بـە ناوبـانگترین خاتوونـانی کۆمەڵگـەو نوێنـەرانی ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنان، محازەرەیەك دەڵێتەوە... دەربارەی .... دەربارەی؟ دەربارەی چی؟
بلاجویە/ با بڵێین محازەرەیەك لە بواری فەلسەفەدا.
جیفوتـا/ باشـە، دەتـوانین بنووسـین "لـە بـواری فەلسـەفەدا" ڕاوەسـتە هێشـتا تـەواو نـەبووم. *(بـەردەوام دەبـێ لەسـەر ئـیملا پێکردنـی)* و دکتـۆر رایسـەری بـەناوبانگی جیهـانیش لـە شـای فریبورگەوە دێت، تا بە تایبەتی و وەکو ڕێزو تەقدیر بۆ زانای لاومان، لە محازەرەکەیدا ئامادە بێت. *(بروسکەکەی دەداتێ)* تەمەشای بکە، ناوەکەی وایە... یان نا؟
بلاجویە/ (دەڕوانێتە ئیمزاکە) دروستە دکتۆر رایسەر.
جیفوتا/ شانست هەیە، خۆزگەم بەخۆت کە دەزانی بە ئاڵمانی بخوێنیتەوەو قسە بکەی.
بلاجویە/ ئەمەی بیرم ماوە پاشماوەی ئەوەیە کە لە قوتابخانە فێری بووم.
جیفوتا/ ئەگەر پاشماوەی قوتابخانە بوایە، یەك وشەت لە بیر نەدەما، مەمنونی خودا بە کە بەر لە جەنگ... لە کەشتییەکی نەمساوی دا گارسۆنیت دەکرد... کە لەوێ فێری ئەڵمانی بوویت...
بلاجویە/ ئەمە گرینگ نییە... گرینگ ئەمەیە کە زمانی ئاڵمانی دەزانم..

## "14"

### ( جیفوتا، بلاجویە، مارتیسا )

*(ماریتسا بە دوو نامەوە وەژوور دەکەوێ، یەکێکیان دەدات بە جیفوتا).*
جیفوتا/ (نامەکە هەڵدەپچڕێ) ئەدی ئەو نامەیەی تر چیە
ماریتسا/ بەناوی کوڕەکەتەوەیە.
جیفوتا/ باشە... بیدە بە خۆی.
ماریتسا/ ئەدی ئەگەر نووستبێ... من دەترسم...
جیفوتا/ کەواتە لێرەی دابنە... بە خۆم دەیدەمێ..
*(ماریتسا، نامەکە لەسەر مێزەکە دادەنێ و وەدەردەکەوێ)*

## "15"

### ( جیفوتا، بلاجویە، پاشان ماراو میلارادو سلاڤکا وەژوور دەکەون )

جیفوتـا/ *(چاوێکـی خێـرا بـە نامەکـەدا دەگێـڕێ)* ئـەوەتا جووتـە خـاتوون دەڵـێن نامەیـەکیان بـۆ کوڕەکەم ناردووە، داوا دەکەن کە محازەرەیەکی گشتییان بۆ بڵێتەوە... دەبێ ئەو نامەیەی تـر بـێ *(نامەکە لەسەر مێزەکـە هەڵـدەگرێت و دیقـەتی دەداتـێ)* نـا... ئەدرەسـەکەی بـە زمـانی فەڕەنگییـە، پولی پۆستەکەش، پولی خۆمانە نیە، پێدەچێ لە هەندەرانەوە هاتبێ.
بلاجویە/ تۆ بڵێی لە دکتۆر رایسەرەوە نەبێ؟
جیفوتا/ لەوەیە. دەتوانی مۆری پۆستەکە وەخوێنی تا بزانی لە کوێندەرەوە هاتووە؟

بلاجویە/ *(تەماشای دەکات و هەوڵێکی زۆر دەدات نووسینی ناو مۆرەکە بخوێنێتەوە.)* فر... فار... فریخ، فریبورگ.
جیفوتا/ فریبورگ... کەواتە لە پرۆفیسۆرەوەیە،و دەتوانین هەڵی بپچڕین (*نامەکە هەڵدەپچڕێ).*
بلاجویە/ باشە توڕە نابێت؟ *(ئاماژە بۆ ژوورەکەی میلاراد دەکات)*
جیفوتا/ هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نیە... دەی بیخوێنەوە *(نامەکە دەدات بە بلاجویە)*
بلاجویە/ *(دەست بەخوێندنەوە دەکات)* ماین لیبر میلیە (واتە ئازیزم).*(خوێندنەوەکەوەی دەبڕێ)* ئەمە یانی...
جیفوتا/ مەفهوومە... بایی ئەوەندە ئەڵمانی دەزانم، بەڵام نامەکە لە دوای ئەم ڕستەیەوە چی تیایە... *(بلاجویە لەبەر خۆیەوەو نامەکە بۆ خۆی دەخوێنێتەوەو سەر دەلەقێنێ)* چیە؟
بلاجویە/ ئەم نامەیە هی پروفیسۆر نیە *(دەڕوانێتە ئیمزاکە)* لە یفیچ داینە کلاراوە هاتووە!
جیفوتا/ باش دیقەت بدە... دیقەتی بدە... کلارا؟! باش سەیری بکە... ڕەنگە نووسرا بێ کارلو بەڵام تۆ بە کلارا دەیخوێنیتەوە.
بلاجویە/ نا، باوەڕ بکە کلارایە... بە خەتێکی خۆش و ڕەوان نووسراوە.
جیفوتا/ کلارا؟ بەڵام کلارا ناوێکی ژنانەیە.
بلاجویە/ منیش پێموایە.
جیفوتا/ یانی ناشێت ژنەکەی رایسەر نووسیبێتی؟
بلاجویە/ باڵێ! ژنی رایسەر هەقی چیە؟
جیفوتا/ ژنەکەی دکتۆر رایسەر. لەگینە ئەو نووسیبێتی... بیخوێنەوە..
بلاجویە/ *(بە دەم خوێندنەوە، حایرو سەرسام، سەر دەلەقێنێ)* کلارا *(سەر دەلەقێنێ)* کلارا *(دیسان سەر دەلەقێنێ)* نازانم چت عەرز بکەم... ژنەکەی نووسیویەتی.
جیفوتا/ ژنی کێ؟
بلاجویە/ ژنی کوڕەکەت...
جیفوتا/ ئەوە چ دەڵێی؟ خوماری؟... کوڕی من کوا ژنی هەیە؟.
بلاجویە/ ناوەڕۆکی نامەکە وایە.
جیفوتا/ باشە تۆ دڵنیایت کە زمانی ئاڵمانی باش دەزانیت...
بلاجویە/ بایی ئەوەی دەزانم کە ناوەڕۆکی ئەم نامەیەی پێ بخوێنمەوە. ئەو وشانەی لەبەردەممدایە بە ئاشکرا دەڵێت: "با ئەم هەواڵە دڵتەزێنەت بدەمێ... دایکە فەوتی کرد، و نهو من و منداڵەکە بە تەنیاین. "نامەکە ئەمە دەڵێت".
جیفوتا/ دیسان هەمان قەوان لێدەدەیتەوە. ئەم منداڵە لە کوێوە پەیدا بوو؟
بلاجویە/ وا دیارە منداڵی خۆیەتی.
جیفوتا/ هەڵبەتە منداڵی خویەتی... بەڵام بۆچی کوڕی من لەم مەسەلەیەوە دەگلێنی؟
بلاجویە/ *(دەڕوانێتە زەرفەکە)* نامەکە بە ناوی ئەوەوە هاتووە.

جیفوتا/ باشه بۆچی بە ناوی ئەوەوەیە؟ ***(لە فکران رادەچێ، رادەچڵەکێ)*** ئا... دۆزیمەوە، ئێستا هەموو شتێك روون و ئاشكرایە... فیلیمیر ئەم كەتنەشی كردووە، ئەم چەپكە گوڵەشی بە ئاوا داوە، بێگومان ئەوە... دەی بخوێنەوە.... كلارا چی پێ دەڵێت...؟

بلاجویە/ ***(دەڕوانێتە نامەكە)*** دەڵێت: "بڕیارم داوە بێم بۆ لات".

جیفوتا/ كێ بڕیاری داوە؟

بلاجویە/ كلارا.

جیفوتا/ چۆن "بڕیارم داوە بێم بۆ لات"؟ منداڵێكم خستووەتەوەو بڕیارم داوە بێم بۆ لات!

بلاجویە/ جیفوتا، عەقدیان لە بەیندایە.

جیفوتا/ چۆن دەزانی، كێ پێی گوتی؟

بلاجویە/ لە نامەكەدا نووسراوە... ***(دەیخوێنێتەوە)***: "چونكە عەقدی رەسمیمان كردووە، رەنگەزنامەی یوگسلافیم وەرگرتووە...و سەفارەتخانەی یوگسلاڤ هەموو ئاسانكارییەكی سەفرەكەی بۆ كردووم ...."

جیفوتا/ تۆ تەماشا بزانە كەرێتی چی لێدەكەوێتەوە. هەژارو نەدارێكی وەها بوو، ئەسپێ لە باخەڵیا سەوزەڵێ خانمی دەگوت. شنقڕی لە گیرفاندا نەبوو، لەسەر حیسابی خۆم بۆ فریبورگم نارد، كەچی ئەوەتا ژنی هێناوەو منداڵی خستووەتەوە... باشە لە كوێ مەسرەفی ژن و منداڵەكەی دەكێشێ؟ من نایڵێم تۆ بیڵێ، ئاخر لە كوێ و بەچی خەرجییان دەكێشێ؟...

بلاجویە/ كێ مەسرەفیان دەكێشێ؟

جیفوتا/ هەڵبەتە فیلیمیر.

بلاجویە/ خۆ ژنی ئەو نیە.

جیفوتا/ ئەدی... ژنی كێیە؟

بلاجویە/ ژنی كوڕەكەی تۆیە.

جیفوتا/ ژنی كوڕی من! ژنی كوڕی من!. وا دیارە ئەقڵت پارسەنگی دەوێ، ژەنگ لێی داوە... خۆتیش نازانی چ دەڵێی...

بلاجویە/ من حەقیقەت دەڵێم.

جیفوتا/ كام حەقیقەت؟ هەر چییەك دەڵێی پێچەوانەی حەقیقەتە، تۆ بیرت چووە كە فیلیمیر چوار دانە ساڵ لە فریبورگ بووەو لەوێ ژنی هێناوەو منداڵی خستووەتەوە... هێشتاش بە من دەڵێی ژنی كوڕەكەتە...

بلاجویە/ بەڵێ، فیلیمیر لەوێ بوو، ناڵێم لەوێ نەبووە. بەڵام بە خۆت چاك دەزانیت كە لە فریبورگ بە ناوی كوڕەكەی تۆوە ژنی هێناوە، وەكو چۆن بە ناوی كوڕەكەی تۆوە شەهادەی هێناوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ....

جیفوتا/ ئەوە دەگەیەنێ كە كەسێك سەفەری هەندەران بكات و ناوی من لە خۆی بنێت و لەوێندەر ژن بێنێ و منداڵان بخاتەوەو پاشان لە پڕ پەیدا ببێ و بڵێ جەنابی جیفوتا بێزەحمەت ئەمە ژن و منداڵەكانتە، شتی وا دەبێ؟

بلاجويه/ هەڵبەتە دەبێ ، بە تايبەتی ئەگەر بە رەزامەندی خۆت، بەناوی تۆوە سەفەری كردبێت،و سەرباری ئەمەش... ئەگەر لە سەر كيسەی تايبەتی خۆت ناردبێتت.

جيفوتا/ (بەهەڵچوونەوەنە) سەيرە...! ئەگەر شتێك روو بدات دەتكوژم... چونكە هەموو ئەمەم بە راوێژو تەگبيری تۆ كردووە...

بلاجويه/ چۆن بە راوێژی من كردووتە...؟!

جيفوتا/ وس بە... تۆ... بەڵێ تۆ پێت وتم: "ئەم منداڵە بەلەنگازە ئەزيەت مەدە، نابينی بە كەڵكی هيچ نايەت، هيچ شتێكی لە بارا نيە،و بە خۆڕايی مەسرەف لێدەكەی."

بلاجويه/ راستە من پێم گوتی هيچی لە بارا نييە، بەڵام...

جيفوتا/ "بەڵام"ـە چی؟ ئەرێ هەر تۆ نەبووی ئامۆژگاريت كردمو گوتت: ئەم فيليميرە هەژارە بە ناوی كوڕەكەتەوە بۆ هەندەران بنێرەو بە پلەی ئيمتياز دكتۆرا وەردەگرێتو دەگەڕێتەوە...!.

بلاجويه/ ئەدی ئەوە نييە بە شەهادەوە هاتووەتەوە، خەڵەتاندوومیت...؟

جيفوتا/ كەواتە بۆ ئێستا موناقەشەم دەكەی...

بلاجويه/ من دان بەوەدا دەنەم كە نەخشەكە نەخشەی من بوو، ئەمە نكوڵی لێناكرێ، بەڵام تۆ پێت لەسەری داگرتو هەر دەتگوتو دەتگوتەوە... كوڕەكەم دەكەم بە دكتۆر. كێ ئەم دكتۆرەی داهێنا، من؟ دەی وەڵامم بدەوە... شەهادە شەهادە، دكتۆرا دكتۆرا... ئەمەش ئاقيبەتی دكتۆراكەتە...

جيفوتا/ ئەدی كێ پێشنيازی ناوە تەزويرەكەی بۆ كردم؟ دەی وەڵامم بدەوە. دە قسە بكە دەی...

بلاجويه/ من حاشا لەمە ناكەمو پێويست بە هاتو هاوار ناكات... من حاشا لە بيرۆكەی ناوی تەزوير ناكەم... من لە سلكی ئەمنو پۆليس دا كارم دەكردو دەزانم ئەم شتانە چۆن دەكرێ.

جيفوتا/ دەيزانی... دەی كە دەيزانی فەرموو وەڵام بدەوە.

بلاجويه/ نازانم بۆچی ئێستا هێرشم دەكەيە سەر؟ يانی لە بيرت چوو كاتێ كە لە پۆليس دا كارم دەكرد چيمان پێكەوە دەكرد.

جيفوتا/ پۆليس شتێكی ترە... لەوێ دەكرا قەناعەت بەكەسێك بكرێ كە لە جياتی كەسێكی ترو بەناوی كەسێكی ترەوە دەنگ بدات، بەڵام مەحاڵە پياو بەناوی كەسێكی ترەوە ژن بێنێ... دەتوانم بڵێم دەنگدان كارێكی بێ وەيە، تەنيا تەزويركردنی كارتێكی دەنگدانەو هيچی تر، بەڵام ئەم مەسەلەيە، پەيوەندی بە منداڵێكەوە هەيە نەك بە كارتێكەوە... لێم تێدەگەی، دەڵێم.... منداڵ... نەك كارتی هەڵبژاردن... دەی فەرموو تەزويركردنی منداڵێك تاقی بكەوە.

بلاجويه/ ئێمە لێرەدا منداڵ تەزوير ناكەين، ئەم منداڵە منداڵێكی شەرعيە.

جيفوتا/ چۆن، منداڵێكی شەرعيە؟

بلاجويه/ تۆ كلارا بە ژنی حەڵاڵی كوڕەكەت نازانی...

جيفوتا/ تۆ شێتی... لەوەيە بڵێی منداڵەكەش...

بلاجويه/ بەڵێ دەڵێم، چونكە ناوی كوڕەكەی تۆی هەڵگرتووە.

جیفوتا/ (بەترسەوە) شتی وا چۆن دەبێ؟ کوڕی من نەچووە بۆ فریبورگ‌و نە کلارا ناوی ناسیوە....و لە پڕێکا بووە بە خاوەن ژن‌و منداڵ، بێ شەرعی لەوە بێ شەرعیتر دەبێ.؟

بلاجویە/ بەڵێ.... بەپێی قانون دەبێت.

جیفوتا/ چۆن بە پێی قانون دەبێ! ئاخر چۆن دەبێ بە منداڵی ئەو، ئەگەر بە عەمراتی ئەو ژنەی نەبینی بێ؟

بلاجویە/ بەڵام لەم حاڵەتەی ئێمەدا، کەسێکی دی دەوری کوڕەکەی تۆی دیتووە.

جیفوتا/ من بەلامەوە گرینگ نیە کێ ئەم دەورەی دیتووەو چۆنی دیتووە... من بۆ ئەوەم نەناردووە ئەو جۆرە رەفتارە بکات، بۆ ئەوەم ناردووە بخوێنێ... حاڵی هەیت؟

بلاجویە/ راستە... بەڵام ئیدی بە خۆت دەبینی کە شتەکە بووە،و روویداوە.

جیفوتا/ من ئیعتراف بەوە ناکەم کە رووی داوە... راستە شتەکە رووی داوە... بەڵام نەدەبوو ئەمە روو بدات، لە پڕێکا بووك‌و نەوەت بۆ پەیدا ببێ... ئاخۆ ئەمە کارێکی پێویست بوو؟.

بلاجویە/ ناڵێم پێویستە، بەڵام هیچ چارێك نیە، ئەو ئافرەتە شووی بە دکتۆر میلاراد تسفیوفتش کردووەو هەموو کەس دەزانێ کە دکتۆر میلاراد تسفیوفتش کوڕی تۆیە.

جیفوتا/ شکاتی لێدەکەم.... دەیخەمە زایندانەوە... چۆن پڕ کێشی کردووەو بە ناوی کوڕی منەوە ژنی هێناوە....

بلاجویە/ هەقی خۆتە بیدەیت بە دادگا، باوەڕم پێبکە حوکم دەیگرێ‌و دەخرێتە زیندانەوە... بەڵام حوکمەکە هەردووکیان دەگرێ.

جیفوتا/ مەبەستت خۆی‌و ژنەکەیەتی... قەیدی نیە با هەردووکیان بگرێ...

بلاجویە/ نا خۆی‌و ژنەکەی ناگرێ، بەڵکو ئەوو کوڕەکەی تۆ دەگرێ... حاڵی هەیت؟

جیفوتا/ ***(وەکو یەکێك مار پێوەی بدات لە جێی خۆی رادەپەڕێ‌و کورسیەکە دەگرێت)*** گوێ بگرە بلاجویە، یەك قسەی دی بکەی دەتکوژم.

بلاجویە/ زۆر باشە، قسە ناکەم.

جیفوتا/ ***(بە شپرزەیی بە ژوورەکەدا دێ‌و دەچێ‌و پاشان لە ناکاو رادەوەستێ)*** باشە... بۆ قسە ناکەی؟

بلاجویە/ ئەدی خۆت ئەمرت نەکرد کە بێدەنگ بم؟

جیفوتا/ باشە.... باشە... بێدەنگ بەو واز لە گەوجە گەوج بێنە،و ئەگەر ویستت قسە بکەی، دەتوانی قسە بکەی بەڵام قسەی باش... ***(جارێکی دی بە ژوورەکەدا دەکەوێتە هاتوچۆو، پاشان دەوەستێ)*** دەبێ هەنووکە پێم بڵێ کوڕەکەم بە چ تاوانێك دەخرێتە زیندان؟

بلاجویە/ بە تاوانی ئەوەی کە بەشدارە لە وەدەست هێنان‌و وەرگرتنی شەهادەی ساختە. حاڵی هەیت؟.... و ئەمە شتێکی روون‌و ئاشکرایەو هیچ چەندوچوونێك هەڵناگرێت.

جیفوتا/ چۆن دەڵێی "شەهادەی ساختە"؟ پارەیەکی زۆرم تیا خەرج کردووە.

بلاجویە/ پارە، پارە.... ئەدی بۆچی شەهادەکەت بە ناوی کوڕەکەتەوە تۆمار کرد؟ دەی ئێستا ئەقڵ‌و ئاوەزت بخەکار.

جیفوتا/ تەح.... *(بە چاوانی ئەبلەقەوە دەڕوانێ)*

بلاجویە/ ماڵەکەت پڕ دەبێ لە منداڵو هیچ چارێکت نامێنێ بێدەنگی نەبێ.

جیفوتا/ هەق بە تۆیە.. راست دەکەی... هیچم لە دەست نایەت.. دەبێ بێدەنگ بم *(ئانیشك دا دەداتە سەر مێزەکە، شەکەتی پێوە دیارە، ئەوسا بۆ ساتێك دەوەستێ، بە قووڵی لە فکران رادەچێ، بە نائومێدییەوە دەڕوانێتە شەهادەکەو هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت).* ئێستا تەگبیر...؟

بلاجویە/ تەگبیر؟ یەکەم دەبێ زروفەکە شی بکرێتەوە تا هەلویستەکە شرۆڤە بکەین.

جیفوتا/ باشە، دەی شی بکەوە.

بلاجویە/ ئەم کلارایە ژنی فیلیمیرە... وا نیە؟

جیفوتا/ وایە.

بلاجویە/ هەر ئەم کلارایە بە گوێرەی یاسا ژنی کوڕەکەی تۆیە.

جیفوتا/ شتی وا نابێ، قاسەکەم لە حالاتی لەمە دژوارترا ،لە یاسا بەهێزتر بووە. لە هەوڵو کۆششی خۆم ناکەوم.نەخێر کۆڵنادەم.

بلاجویە/ نەمگوتووە لاوازترە، بەڵام تۆ پارە دەدەیتە کێ...؟ ها؟... دەیدەی بە کلارا؟... کە ژنی کوڕەکەت بێ چ پێویستی بە پارەیە؟ دەیدەی بە فیلیمیر؟ پێویست ناکات... ئەگەر فیلیمیر وازی لێ بێنێ ئەنجامەکەی بۆ تۆ قورستر دەبێ. ئەدی ئەگەر لەگەڵیا بمێنێ؟ بەڵام چۆن لەگەڵیا بمێنێ لە کاتێکا ژنی قانونی کوڕەکەی تۆیە.... ئایا پارە دەدەیتە کوڕەکەت؟.

جیفوتا/ قسەکەت دۆغریە... لاحەولە وەلا قوەتە...

بلاجویە/ بۆ نموونە دەتوانی بەم شێوەیە تەگبیری بکەی، بە ڕواڵەتو لەبەر دەم خەڵکیدا ژنی کوڕەکەت بێو لە راستیدا ژنی فیلیمیر بێ.

جیفوتا/ پێت وایە کوڕەکەم بەمە قاییل دەبێ؟ رەنگە زیاتر بە پێچەوانەکەی رازی بێت، یانی بە رواڵەتو لە بەردەم خەڵکیدا ژنی فیلیمیر بێت،و لە ڕاستیدا ژنی ئەو بێ.

بلاجویە/ ڕاست دەکەی... هەق بە تۆیە.

جیفوتا/ ئەگەر ئەویش بەمە قاییل بێ من قاییل نابم... من نامەوێ کوڕەکەم بە رواڵەتو لەبەردەم کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و شارستانیدا ژنی هێنا بێ، جا هەر لەمەم کەم بوو کە ببمە باپیرە... خودا دەزانێ... دەبم بە باپیری کێ؟. من باپیری کەس نیم... ئەوە دەزانم.

بلاجویە/ بەڵام کلارا دەڵێ تۆ باپیریت... وا نووسیوە *(نامەکە دەخوێنێتەوە):* "بیبیك بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەوساتە دەکات کە دەستی باپیرو داپیری ماچ بکات...

جیفوتا/ دەستی کێ ماچ بکات؟.

بلاجویە/ دەستی تۆ ماچ بکات... جەنابی باپیرە.

جیفوتا/ (بەسەرسامی) وتت من کێم...

بلاجویە/ وتم باپیرە، بەڵام مارا داپیرەیەتی... بیبیك...

جیفوتا/ ***(بە شێوەیەکی هیستیری هاوار دەکات):*** بیبیکی چی؟ کامە بیبیک؟. چیتان لە من دەوێ؟ ئەمەتان لێ قەبوڵ ناکەم، هەمووتان دەکوژم... هەمووتان....

بلاجویە/ جیفوتا، توخوا ئەگەر تووڕە ببی...

جیفوتا/ ***(دەست دەداتە کورسیەکەو دەیەوێ پێیدا بکێشێت)*** ئەمە هەمووی کەتنی تۆ بوو... یەکەم کەس دەبیت کە... ***(پەلاماری دەدات).***

بلاجویە/ ***(بەرەو دەرگاکەی دەستەچەپ غار دەداو هاوار دەکات):*** مارا... کچێ مارا... منداڵینە خێرا بگەنە ئێرە...

جیفوتا/ هاوار بە ماڵم، حەیفێ بۆ زانکۆ... بۆ کچی وەزیری هێڵی ئاسنو هێڵی سربیا! سەد حەیفو مخابن بۆ هەموو نەخشەو پلانەکانم!... کێ ئەم هەموو نەخشەیەی پوچەڵ کردەوە، ریسەکەی لێکردمەوە بە خوری؟ ئەم بیبیک ناوە... ئەم بیبیکە خوێڕیە.

هەمووان/ ***(وەژوور دەکەون،و بە یەك دەنگ دەپرسن):*** چییە، چی بووە؟

مارا/ توخوا پێم بڵێن چی روویداوە؟

بلاجویە/ نازانم، بەڵام ئەقڵی تێکچووە....

سلاڤکا/ باوکە... چیتە؟...

مارا/ جیفوتا....

جیفوتا/ جیفوتا نیم... من باپیرەم

مارا/ ***(بە سەرسامی دەڕوانێتە هەمووان)*** ئەوە چ دەڵێی؟

جیفوتا/ تۆش داپیرەیت.

***پەردە دادەدرێتەوە.***

## فەسڵی دووەم

### (ژووری پێشوازی لە ماڵی تسفیوفتش)

### "1"

### (سلاڤکا، فیلیمیر)

### (سلاڤکا نامە دەنووسێت)

فیلیمیر/ *(وەژوور دەکەوێ و لە ئاستانەی دەرگاکەدا دەوەستێ)* ببورە... ناڕەحەتم کردیت؟

سلاڤکا/ *(دەستی دەخاتە سەر نامەکە)* نا... نا، دیمانەت بەخێر، خەریک بووم نامەم بۆ تۆ دەنووسی، چونکە دەمەوێ ئەو شتە بزانم کە هەمووان لێرەدا لێمی دەشارنەوە، ئەمە سێ ڕۆژی یەك لە دوای یەکە کە پەشێوی و پەریشانی باڵی بەسەر ئەم ماڵەدا کێشاوە،و ڕۆژی سێ جاران دەنێرن بە شوێن تۆدا،و کەسیش پێم ناڵێ چ باسە لێرە... جا من لە تۆ دەپرسم، ئەمە چیە؟

فیلیمیر/ بۆچی نیگەران دەبیت؟

سلاڤکا/ چۆن نیگەران نابم؟ ئەوەتا بابم سێ دانە ڕۆژە گینگڵ دەدات و ئاهان هەڵدەکێشێت و دەیڵێ و دەیڵێتەوە بیبیك... بیبیك. بیبیك چیە؟ ناوی کێیە؟ ئەم ناوە بۆچی بەم ڕادەیە باوکە ناڕەحەت دەکات؟.

فیلیمیر/ *(بەشەرمەوە)* ئاگام لەم مەسەلەیە نییە... بیبیك؟ بیبیك...؟

سلاڤکا/تۆ کەسێکی نزیکی لە ئێمەوەو هاتوچۆی ماڵمان دەکەی. تۆ هەموو شتێك دەزانی... توبی ئەو خوایە *(بیر دەکاتەوە)* پێم بڵێ ئەگەر تۆ دەستت لەم هەموو پەشێویەدا هەیەو، وتنی تۆم لەبەر چاو دەخات باشتر وایە... هەر نەیزانم.

فیلیمیر/ مەبەستت ئەوەیە کە ناتەوێ لەبەر چاوت بکەوم...؟

سلاڤکا/ بەڵێ... حەز ناکەم لەبەر چاوم بکەوی.

فیلیمیر/ سوپاسی ئەم هەستەت دەکەم.

سلاڤکا/ کەواتە تۆ شتێك دەشاریتەوە.

فیلیمیر/ من قەولی شەرەفم بە بابت داوە.

سلاڤکا/ مادامێکی قەولی شەرەفت داوەو پابەندی قسەی خۆتی من نامەوێ...

فیلیمیر/ راستە ئەم قەولی شەرەفە سندمی کردووم، بەڵام ناشمەوێ لەبەر چاوت بکەوم،و وێنەم لەبەر چاوت بشێوێ...

سلاڤکا/ کەواتە بە ڕاشکاوی پێم بڵێ لێرەدا چ باسە...

فیلیمیر/ تۆ بەخۆت دەزانی کە من سەفەری هەندەرانم کردو بابت خەرجی دەکێشام...

سلاڤکا/ هەڵبەتە... ئەوە دەزانم.

فیلیمیر/ بەڵام هەموو شتێك نازانی... من لە فریبورگدا لە سویسرا،و بە ناوی براکەی تۆوەو بە تەسکەرەو رەگەزنامەی ئەوەوە دەژیامو دەم خوێند.

سلاڤکا/ *(بە سەرسامی)* بۆچی؟...

فیلیمیر/ بابت دەیویست میلاراد بە هەر نرخێ بووە، ببێ بە خاوەنو هەڵگری شادەتنامەی دکتۆرای فەلسەفە...

سلاڤکا/ *(بە سەرسامیو نیگەرانی):* چۆن...؟ یانی ئەم شادەتنامەیە...

فیلیمیر/ ئەم شادەتنامەیە تەنیا بەناو هی براکەتە... دەنا هیچ کاتێك لە فریبورگدا خوێندکار نەبووە.

سلاڤکا/ ئەدی لە کوێ بووە....؟

فیلیمیر/ بۆ خۆی لە ئەوروپادا دەسوڕایەوە، تا خەڵکی بزانن لە هەندەرانە.

سلاڤکا/ یانی تۆ لە جیاتی ئەو ئەزموونو تاقیکردنەوەکانت بڕیوە...؟

فیلیمیر/ بەڵێ.

سلاڤکا/ خودایا... بەڕاستی کارێکی حەیابەرەیە. کەواتە ئەمەم لێدەشارنەوە، ئەدی تۆ بۆچی بەمە قاییل بوویت؟.

فیلیمیر/ من هەست بە شەرمەزاری دەکەم... ئێستا دەزانم چەند کورتبینو بێ ئەقڵ بووم، بەڵام ئەوسا زۆرم حەز لە سەفەری هەندەرانو ئامادەبوون لە کۆڕو محازەرەی زانایانی بەناوبانگی جیهانی، بوو... ئەم حەزەم لێبوو بوو بە خەونێك کە هەرگیز بە ئیمکانیاتی مادی من نەدەهاتە دی، ئیدی لە پڕێکا دەرفەت بۆ هاتنە دی ئەم خەونەم رەخساو بێ بیرکردنەوەو چەندو چوون، ئەو مامەڵەیەم قەبوڵ کرد.

سلاڤکا/ باشە، من تێناگەم تۆ چ پێویستت بەزانستی بێ شەهادە بوو... خۆ ئەم شەهادەیەی ئێستا هی تۆ نیەو بە ناوی تۆوە نییە...

فیلیمیر/ دڵنیات دەکەم کە ئەمە بۆ من کەمترین سزایە... کەرامەتم هەمیشە لە پارچە کاغەزێك گەورەتر بووە، زۆرجار شەهادە، جەهلو نەزانی پەردەپۆش دەکات، دەیشارێتەوە. ئەوەی خوێنەوارو زانیاری راستەقینە بێ پێویستی بە شەهادە نییە....

سلاڤکا/ ڕاستە، بەڵام وێرای ئەوەش رێگەی ژیانت لەبەردەم بەستراوە...

فیلیمیر/ رەنگە لەگەڵتا بم،و رێگەی پلەو پایەو پۆستی کارگێڕیم لێ بەسترا بێ، بەڵام رێگەی زانستو باسی ئەکادیمیم لێنەگیراوە...

سلاڤکا/ ڕەنگە ئەمە بۆ دڵدانەوەی خۆت بشێت، بەڵام هەرگیز پاکانە نییە بۆئەو گەوجیەتیەی کردووتە....

فیلیمیر/ بریا حەماقەت و گەوجیەتیەکەم هەر بەوەندەوە بوەستایە....

سلاڤکا/ تکایە بێدەنگ بە، حەز ناکەم گوێت لێبگرم...

فیلیمیر/ خانمەکەم، من ئێستا هەستدەکەم لەسەر کورسی ئیعترافم *(ماوەیەك بێدەنگی)* لە فریبورگ لە ماڵێکدا دەژیام کە ژووریان بە کرێ بە خوێندکاران دەدا، خاوەنی ماڵەکە بێوەژنێك بوو کە کچێکی هەبوو لە زانکۆ دەیخوێند....

سلاڤکا/ *(بە جۆرە ترسێکەوە)* وتت خوێندکاری زانکۆ بوو.... جوان بوو؟

فیلیمیر/ ڕەنگە جوان بێ، بەڵام ئەمە بۆ مەوزوعەکەی ئێمە گرینگ نییە... زۆر جار پێکەوە بۆ زانکۆ دەڕۆییشتین و پێکەوە دەگەڕاینەوەو یارمەتی یەکترمان دەدا... ئەو یارمەتی منی دەداو من یارمەتی ئەوم دەدا. دەستی بەخوێندنی زمانەکەی ئێمە کردو دوای ساڵێ دوان بە تەواوەتی فێری بوو.

سلاڤکا/ *(پێشبینی خراپ دەکا)* خۆی ئامادە دەکرد... تەواوی بکە، دەمەوێ هەموو شتێك بزانم.

فیلیمیر/ *(دەپەشۆکێ)* جارێکیان... لە ساتێکی غەفڵەتدا ئاگام لە خۆ نەما....

سلاڤکا/ *(بە بایەخێکی زۆرەوە)*... وتت چی؟.

فیلیمیر/ ناتوانم لەوە زیاترت بۆ بگێڕمەوە.... ژێوان بوومەوە بەڵام... بەڵام حەزم نەکرد تووشی بێویژدانی و بێ شەرەف ببم، بۆیە هەر هەمان ڕۆژ داخوازیم کرد...

سلاڤکا/ *(بە سەراسیمەیی)* تۆ....

فیلیمیر/ زەماوەندمان کرد *(سلاڤکا خۆی پێناگیرێ و ئەم خەبەرە تووشی شۆکی کرد، دەست بە چاوانیەوە دەگرێ و دەست بەگریان دەکات و فیلیمیرش بە سەرسامی و هەڵچوونەوە لەسەر قسەکەی بەردەوام دەبێت)*... بەڵام توبی خودا ... من تێناگەم...

سلاڤکا/ *(دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، ناتوانێ تەماشای فیلیمیر بکات و دەڕوانێتە لایەکی تر)*. ببوورە... مێشکم ماندووە... با دوایی ئەم قسانە بکەین...

فیلیمیر/ تەواو، ئەمە هەموو ئەو شتە بوو کە دەمویست پێتی بڵێم.

سلاڤکا/ *(بە پەشۆکاوی):* هەڵبەتە نەدەبوو ئەوەت لێبپرسم... ببوورە....

فیلیمیر/ پێم ناخۆش نیە... دەی تۆ بپرسەو من هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە...

سلاڤکا/ *(پتر دەپەشۆکێ)* جا چونکە ئەم زەوجینە زادەی ڤیان و خۆشەویستی بوو...

فیلیمیر/ ژنێکی جوان و دڵپەسندو دلبەرە، خۆ ئەگەر تووشی نا ئومێدی نەکردبام، لەوە بوو ئەم خۆشەویستی و ڤیانەمان بەردەوام بوایە.

سلاڤکا/ *(بە حەیرمانێکی شادی ئامێزەوە)* تووشی نائومێدی کردیت..

فیلیمیر/ دوای ماوەیەکی کەم، بۆم دەرکەوت، کارێکی بێ ئەقڵانەم کردووە، باش بیرم لێنەکردووەتەوە، دەرکەوت ئەمە تەگبیری خۆی و دایکی بووە. دایکی دەزانێ من لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەندم، ئیدی هەموو هەوڵێك دەخاتەگەڕ کە من و کیژەکەی لێکدی نزیك

ببینەوە. لەوەیە کلارا لەمەدا تاوانبار نەبووبێ بەڵام.... بەڵام هاودەستی دایکی بووە لە جێبەجێکردنی نەخشەو ئۆینەکانیا.

سلاڤکا/ کلارا... ناوی ژنەکەتە....

فیلیمیر/ بەڵێ.

سلاڤکا/ ئەدی بیبیك مانای چیە.

فیلیمیر/ بیبیك، ناوی منداڵەکەمانە... ژنەکەم نامەی ناردووە کە دەگەڵ منداڵەکەدا بۆ ئێرە دێ.

سلاڤکا/ یانی هاکا گەییە بەلگراد... هەر رۆژێ بگات، دەگات...

فیلیمیر/ بەڵێ.

سلاڤکا/ نازانم بابم بۆچی بەمە ناڕەحەتە؟

فیلیمیر/ چونکە کلارا بە گوێرەی قانون براژنی تۆیە.

سلاڤکا/ چۆن؟

فیلیمیر/ من نەمدەتوانی بە ناوێکی ترەوە بیخوازم، چونکە ناوی براکەی تۆم هەڵگرتبوو.

سلاڤکا/ ئێستا لێت حاڵی بووم...و هۆی تووڕەیی و پەستی و نائومێدییەکەی بابم بۆ دەرکەوت...

فیلیمیر/ مەگەر خوا بزانێ چەند خەمبارم. دڵم پڕە لە ژان، من زۆر قەرزارباری باوکتم.

سلاڤکا/ بەڕاستی هەڵوێستێکی دژوارە... چۆن لێی دەرباز دەبی؟ ئەدی هەڵوێستی بابم...

فیلیمیر/ هەست بە کەسەرێکی قووڵ دەکەم. ئامادەم هەرچیم هەیە، لە پێناوی چاك کردنەوەی ئەم وەزعەی دابنەم،و مەسئولیەتی هەموو شتێك هەڵگرم... هەموو شتێك.. هەموو شتێك.

"2"

**( فیلیمیر، سلاڤکا، جیفوتا، بلاجویە )**

جیفوتا/ ***(لەگەڵ بلاجویەدا وەژوور دەکەوێ. رووی دەم دەکاتە فیلیمیر)*** ئەوە تۆ لێرەی....؟

فیلیمیر/ بەڵێ... چاوەڕوانی تۆم.

جیفوتا/ ***(رووی دەم دەکاتە سلاڤکا)*** سلاڤکا گیان تۆ بڕۆ، ئێمە قسەی خۆمان هەیە.

سلاڤکا/ ***(وەدەردەکەوێ و لە ناو دەرگاکەدا دەڵێت)*** باوکە تکایە خۆت ناڕەحەت مەکە، کار نییە چاری نەبێ، چارێکی بۆ دەدۆزینەوە... هەموومان یارمەتیت دەدەین، باوەڕم پێبکە ئاغای فیلیمیر هیچ خەتایەکی نیە لەم شتەا کە ڕوویداوە.

جیفوتا/ ئەو خەتای نییە... نا.. من خەتابارم... دەی بڕۆ.

"3"

**( جیفوتا، فیلیمیر، بلاجویە )**

جیفوتا/ ***(بە فیلیمیر دەڵێت):*** بەویشت گوت؟

فیلیمیر/ دەبوایە پێی بڵێم... حەزم نەکرد درۆی دەگەڵ بکەم‌و لەبەر چاوی بکەوم.

جیفوتا/ بەڵام ئاساییە لەبەر چاوی من بکەویت ها؟... سەبارەت بە تۆ بە هەڵەدا چووم... هەڵەیەکی گەورەم کرد... من بە ئینسانم زانیت‌و بۆ زانکۆم ناردیت، لەدڵی خۆدا گوتم هەموو تاقیکردنەوەکان دەبڕێت، ئەوەتا بڕیتن... هەر بە کلاراوە نەوەستایت... بیبیکشت بۆ هێناوین....

فیلیمیر/ بەڵام خۆ شەهادەکەم بۆ هێنایتەوە..

جیفوتا/ راستە، بە شەهادەوە گەڕایتەوە... بەڵێ بە شەهادەوە گەڕایتەوە، ئەدی ئەم منداڵە چییە؟ من بۆچی مەسرەفم کێشایت؟ بۆ ئەوەی منداڵێکی بێگانەم بۆ بێنیتەوە...

فیلیمیر/ بێگانە نییە... کوڕی منە...

جیفوتا/ کەس نەیوتوە کوڕی تۆ نیە، بەڵام کێ باوکیەتی؟ ئەمە گرینگە.

فیلیمیر/ ئەمە هەرگیز کێشە نییە.

جیفوتا/ چۆن کێشە نیە؟ ئەدی کوڕەکەی من؟

فیلیمیر/ تەنیا بەڕواڵەت باوکیەتی‌و هیچی تر، هەر بەناو باوکیەتی.

جیفوتا/ دیارە هەر بەناو باوکیەتی... بە ناو ژنی هێناوە، بەناو منداڵێکی هەیە، هەر ئێستا بە رواڵەت‌و بەناو مێشکم دەتەقێ.

بلاجویە/ ئێستا لەلای ئەوقات بووین، بەڵام نازانێ چۆن وەڵامی پرسیارەکانمان بداتەوە،و قورسترین کێشەی مەسەلەکەش، ترسە لە ناوهێنانی حەقیقەت.

جیفوتا/ ***(رووی دەم دەکاتەوە فیلیمیر)*** پێم بڵێ ئەم یارۆیە رازی دەبێ... یانی ژنەکەت، ئەگەر بۆ نموونە دە یان بیست هەزار دینارێکی بدەمێ، رازێ دەبێ لە کوێوە هاتووە بۆ ئەوێندەر بگەڕێتەوە....؟

فیلیمیر/ نازانم.

بلاجویە/ بیست هەزار... ئەمە بیست هەزار دیناری کاش...بۆ خۆی وەری دەگرێ‌و دەڕوات. ئەم بڕە پارەیە، بە نرخی ئەمڕۆی بازار، پێنج ژنی بێ منداڵی پێدێت.

فیلیمیر/ بەڵام من تێناگەم ئەمە فایدەی چیە؟

جیفوتا/ چۆن فایدەی چیە؟ تۆ بۆ خۆت ئیستقرارت کردووەو ژنت هێناوە، ئیدی نۆرەی کوڕەکەی خۆمە،و دەمەوێ خەمی ئەو بخۆم... خۆ ئەگەر بە رێکەوت دەرفەتێکی باش بڕەخسێت، ناتوانم هیچ شتێك بکەم چونکە تۆ سندمت کردووم، دەست‌و پێت لە کۆت‌و زنجیر داوم.

فیلیمیر/ من نازانم مەبەستت لەمە چیە؟ خۆ ئەگەر کلارا ئەو بڕە پارەیەش وەربگرێ‌و بۆ سویسرا بگەڕێتەوە، هەر بە ژنی شەرعی‌و یاسایی کوڕەکەی تۆ حیساب دەکرێ‌و منداڵەکەشی میراتگری شەرعی‌و یاسایی تۆ دەبێت.

جیفوتا/ ***(رادەچڵەکێ)*** چۆن؟گوایە مرخت لە میراتیش خۆشکردووە. تەنانەت ئەم ئامانجەشت داوەتە چاو.

فیلیمیر/ تکات لێدەکەم لێم تێبگە... ئەمە پەیوەندی بە منەوە نیە، لێرەدا باس باسی من نییە...
بلاجویە/ باسی بیبیکە.
جیفوتا/ باسی بیبیك...! باشە چونکە بووە بە میراتگری یاسایی و شەرعی من، ئیدی لە کۆڵمان نابێتەوە؟
فیلیمیر/ باوەر ناکەم.
جیفوتا/ گوێت لێیە؟ نا.... نە بیبیك و نە غەیری بیبیك، خۆم کێشەو گرفتم کەمە جا بیبیکیشی بێتە سەر.... پیڤ، میرات! با ئەم بیبیکەم بکەوێتە دەست، هەنگێ پێی نیشاندەدەم.
فیلیمیر/ منداڵێکی بچووکە....
جیفوتا/ دیارە... منداڵێکی بچووکە، هەر منداڵی بچووکن دەبنە مایەی کێشەی گەورە *(بە پەشۆکاوی و توڕەیی بە ژوورەکەدا دەڕوات و لە پڕ دەوەستێ)*. دەبێ هەر ئەمڕۆ داوای تەڵاق و جیابوونەوە بکەی....
بلاجویە/ منیش هەمان بۆچوونم هەیە.
فیلیمیر/ چۆن داوای تەڵاق و جیابوونەوە لە ژنی پیاوێکی تر بکەم....؟
جیفوتا/ ئەدی چت دەوێ؟ دەتەوێ من داوای تەڵاقی لێبکەم؟
فیلیمیر/ من بە ڕەسمی نەمخواستوە.
جیفوتا/ *(بە شادییەوە)* تۆ نەتخواستووە؟ کەواتە بە شێوەیەکی نا یاسایی و نا شەرعی هێناوەتە، ئەدی بۆچی لە هەوەڵەوە بەبێ ئەم هەموو ڕاوە ڕێویە، پێت نەگوتم؟
فیلیمیر/ مەبەستم ئەوەیە من بەڕەسمی هێناومە، بەڵام بە ناوی کوڕەکەی تۆوە.
جیفوتا/ ئا.... یانی دەتویست ئەمە بڵێی؟ هەر ئەمڕۆکە خەبەری پۆلیست لێدەدەم، دەزانی ئەمە تاوانە؟ خۆ شاری بێ حاکم نییە، قانون حوکمی ئەم وڵاتە دەکات.
فیلیمیر/ من بە خۆم دەزانم کە کێشەکە قورس و دژوارە، بۆیە من ملکەچی هەموو داوایەکی تۆم، ئەگەر حەز دەکەی و گەرەکتە، من ئامادەم بە پێی خۆم، بچم بۆ پۆلیسخانەو بە ڕاشکاوی و بێ پێچ و پەنا دان بە هەموو شتێکدا بنێم.
بلاجویە/ پەلە مەکە... دەبێ لە پێشا بیری لێبکەیتەوە... ئەمە بیرۆکەو ڕێگەیەکی باشە، بەڵام ئایا پۆلیس لێت ناپرسن بۆچی ئەو کارەت کردووە و بۆچی بە ناوی کەسێکی ترەوە ژنت خواستووە؟.
فیلیمیر/ *(شانەکانی هەڵدەتەکێنێ)* لەوەیە.
جیفوتا/ با بڵێ سوعبەتی کردووە... میلاراد هاوڕێ و برادەری منداڵی بووە، و بۆیە ویستوویەتی شۆخی و سوعبەتی دەگەڵ بکات.
بلاجویە/ ئەمە چتۆ گاڵتەو سوعبەتێکە! گریمان زەوجینەکە بۆ سوعبەت دەست دەدات، ئەدی بیبیك؟ خۆ مەحاڵە بگوترێ ئەو منداڵەش هەر بە سوعبەت و بۆ سوعبەت خراوەتەوە. سویسرا وڵاتێکی شارستانیە، ڕەنگە منداڵ لە ساتێکی شۆخی و سوعبەت ئامێزا لە دایك ببێ، باشە کاتێ

كە پۆلیس لێی بپرسێت: كوا ئەو بەڵگەنامانەی كە لە كاتی مارەكردنیا پێشكەشت كردووە، پێشانت داوە، وەڵامی چ دەبێ؟

جیفوتا/ هەڵبەتە بەڵگەنامەی تەواوی هەبووە.

بلاجویە/ دیارە هەی بووە، كەس نكۆڵی لەمە ناكات، بەڵام بە ناوی خۆیەوە نەبووە، ئەمە بۆ....

نایخوات.... هەڵبەتە لە پۆلیسخانە لێی دەپرسن... ئەم بەڵگەنامانەت لە كوێ بوو؟ بۆچی بەكارت هێناون؟ ئەم هەموو ماوەیە لە فریبورگ چیت دەكرد؟

فیلیمیر/ پێیان دەڵێم خەریكی خوێندن بووم...

جیفوتا/ *(رادەچڵەكێ)* بێدەنگ... نەكەی ئەوە بڵێی... تێگەییشتی...؟

فیلیمیر/ بەڵام، داوام لێدەكەن كە ڕاستی بڵێم.

جیفوتا/ ڕاستی دەڵێی؟ كێ پێی گوتوویت كە خەڵكی لە پۆلیسخانەدا ڕاستی دەڵێن. خۆ ئەگەر هەموو كەسێك ڕاستی گوتبا، هەنووكە نیوەی میللەت لە زیندانا دەبوو.

فیلیمیر/ دەی باشە تۆ تەگبیرت بە چیە؟ دەتەوێ من چی بكەم...

جیفوتا/ هیچ شتێك مەكە.... ئەم هەموو كەتنەت ناوەتەوە، هێشتا ماوتە كاولی بكەی، پێویست بە هیچ شتێك ناكات، بە خۆم مشوری دەخۆم.

فیلیمیر/ باشە... بە دڵی خۆت بكە.

جیفوتا/ محازەرەكەت بۆ میلاراد نووسیوە؟.

فیلیمیر/ بەڵێ... ئەوەتا *(چەند پەڕەیەكی نووسراو دەدات بە جیفوتا).*

جیفوتا/ *(چاوێك بە پەڕەكاندا دەگێڕێ)* بابەتەكەی چیە...

فیلیمیر/ میكانیزمی گۆڕینی پێشبینی..

جیفوتا/ دیسان میكانیزمی گۆڕینە؟ بابەتی لەمە گرینگتر نیە *(كاغەزەكان دەدات بە بلاجویە)* هەوڵبدە زاراوە قورسەكانی ناوی بخوێنەوە *( بە فیلیمیر)* ئەدی ئەم رایسەرە لە كوێیە؟

فیلیمیر/ دوێنێ ئێوارە پێشوازیم كردو شیڤمان پێكەوە كرد....و بەیانیەكەی پیاسەیەكی ناو شارمان كردو پاشان گەیاندمە زانكۆ تا بەڕێوەبەری زانكۆ ببینێ.

جیفوتا/ *(محازەرەكە لە بلاجویە وەردەگرێت و لە بەركی خۆیی دەنێت)* زۆر باشت كردووە.... بیكە بە زانكۆدا با زانكۆ مشووری بخوات.

فیلیمیر/ بەڵام دەیەوێ تۆ ببینێ و تەعاروفت دەگەڵدا بكات.

جیفوتا/ پێویست ناكات، خۆ من زانكۆ نیم.

فیلیمیر/ بەڵام چۆن قەناعەتی پێبكەم.

بلاجویە/ *(بە جیفوتا)* شتی وا نابێ كاك جیفوتا، بە هیچ جۆرێ شتی وا نابێت، دەبێ پێشوازی بكەیت.

جیفوتا/ تۆش! تۆش دەتەوێ میوانداری و پێشوازی بكەم... كە ئەوەندە دەزانی، فەرموو خۆت پێشوازی بكە...

بلاجویە/ چۆن پێشوازی بكەم، بە چ سیفەتێك؟

جیفوتا/ ***(لە پڕ بیرۆکەیەکی بە مێشکا دێت و لە خۆشیا دەڵێت):*** باوەڕ بکە من بەڕاستیمە ها... دەتوانی خۆت بکەی بە باوکی و تەواو. تۆ ئەڵمانی دەزانیت،و پێی بڵێ کە هەندێ نۆژەنکاری لە ماڵەوە دەکرێت، بۆیە ناتوانی بیبەیتە ماڵەوە،و دەعوەتی فراقینی بکە، ئەمە باشترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی لێی رزگارم بم.

فیلیمیر/ یانی دەتەوێ ئاغای بلاجویە وەکو بابی من،خۆی پێ بناسێنێ؟

جیفوتا/ بەڵێ... مادامێکی رایسەر سوورە لەسەر ئەوەی بابت بدینێ... با بیدینێ... با بلاجویە وەکو چۆن تۆ بووی بە کوڕی من، بە هەمان شێوە ببێ بە بابی تۆ، چی تیایە... ***(بڕێ پارە لە جزدانەکەی دەردێنێ و دەیدات بە بلاجویە):*** ئەوەش پارە، پێموایە بەشی فراقین دەکات و خۆ بە تەما نین ئاوێنان بشکێنن؟

بلاجویە/ ئەوە بەڕاستتە؟

جیفوتا/ بەڵێ بەڕاستمە... خۆ ئیشەڵڵا ناتانەوێ هەموو سویسرا، بیبیك و كلاراو رایسەر لە ماڵی خۆمدا کۆ بکەمەوە ***(روو لە فیلیمیر)*** پێم سەیرە... چۆن بە بیرتا نەهاتووە سەر کۆماری سویسراش دەعوەت بکەی.... دوای ئەم هەموو بەزمە هێشتا ئێوە سەرگرانن، دەتانەوێ ئەم ئیشەم بۆ نەکەن.

بلاجویە/ نا، ئێمە بە هیچ جۆرێ سەرگران نین، هیچ لاریەکمان نیە.

جیفوتا/ کە سەرگران نین، کە لاریتان نیە، فەرموو لەگەڵیا بڕۆ و دەوری باوکی ببینە. بەم کارەتان لەم پرۆفیسۆرەم رزگار دەکەن.

بلاجویە/ باشە... ئەدی...

جیفوتا/ "ئەدی" چی، دەی بڕۆن ***( بە بلاجویە)*** ئەوە کوڕەکەت ***(بە فیلیمیر)*** ئەوە باوکت.

بلاجویە/ کە واهیت گەرەکە دەی کوڕم ***(لەگەڵ فیلیمیردا وەدەر دەکەوێ.)***

"4"

## ( جیفوتا، بلاجویە )

بلاجویە/ ***(دوای چوونە دەرەوەکەی یەکسەر بە تەنێ و بێ فیلیمیر وەژوور دەکەوێتەوە)***. خاتوو دراجا، ئەو ژنەی پەیوەندی نزیکی دەگەڵ وەزیری سکەی قیتاران دا هەیە، گەیی.

جیفوتا/ ئەمە ئەو ژنەیە کە بۆت باسکردم؟

بلاجویە/ بەڵێ... بۆ تاقیب و سۆراخم ناردبوو.

جیفوتا/ ئێ هیچی دەستکەوتووە؟... کوا لە کوێیە؟

بلاجویە/ لەوێ چاوەڕوانە.

جیفوتا/ ***(بەرەو دەرگا دەڕوات)*** بۆچی چاوەڕوان دەکات؟ بۆچی ***(لە ئاستانەی دەرگاکەدا)*** فەرموو خانم...

بلاجویە/ ***(ئەویش لەبەر دەرگا)*** فەرموو... فەرموو خزمی ئازیز.

جیفوتا/ فەرموو ***(بە بلاجویە)*** ئەوەی پێم گوتی جێبەجێی بکە.

*(بلاجویە بە دەم دەرچوونەوە لە ناو دەرگاکەدا تووشی خاتوو دراجا دەبێ کە لە حاڵی هاتنە ژوورەوەدایە).*

"5"

**( جیفوتا، خات دراجا )**

جیفوتا/ نەدەبوو چاوەڕوان بکەی.

دراجا/ ئاخر میوانت هەبوون.... و حەزم دەکرد بە تەنیا قسەت دەگەڵ بکەم، چونکە ئیشەکەم زۆر هەستیارو تایبەتیە...

جیفوتا/ فەرموو دانیشە.

دراجا/ *(دادەنیشیت)* پێموایە هۆی ئەم هاتنەم دەزانی.

جیفوتا/ بەڵێ... بلاجویە شتێکی بە گوێدا داوم.

دراجا/ ئەوەی ڕاستی بێ من پەلەم نەبوو، دەمویست بە کاوەخۆو بە شێنەیی بۆ ماڵی وەزیر بڕۆم، بەڵام کە لە ڕۆژنامەماندا خوێندمەوە کە کوڕەکەت محازەرەیەکی گشتی دەڵێتەوەو زانایەکی بیانیش ئامادەی دەبێت، یەکسەر ڕۆژنامەکەم لە جانتاکەم ناو...

جیفوتا/ *(لە خۆشیان دەستەکانی هەڵدەگلۆفێت و بەرەو دەرگا دەڕوات)* مارا، *(ڕوو لە دراجا)* ئەرێ پێم بڵێ کارەکان چۆن دەڕوات؟

دراجا/ بە دڵی دۆستە، هیوام زۆر زۆرە....

"6"

**( جیفوتا، دراجا، مارا )**

جیفوتا/ ئەمە خات دراجای خزمی ژنی کوڕەکەی بلاجویە.

مارا/ *(بەدەست سڵاو لە دراجا دەکات)* یەکتر دەناسین.

دارجا / ئێمە خزمین، چۆن دەبێ یەکتر نەناسین؟

مارا/ *(دادەنیشێت)* لە مێژە یەکترمان نەدیتووە. دانیشە. ئەحواڵت چۆنە؟

جیفوتا/ *(بە مارا)* خا دراجا ژنی وەزیری سکەی قیتاران زۆر باش دەناسێت،و جەنابی وەزیر کیژێکی عازەبی سەرو عوزرشۆری هەیە...

مارا/ *(پرشنگی شادی دەکەوێتە سەر رووی)* بۆ میلارادی کوڕمان..!

جیفوتا/ نا... بۆ من، هەڵبەتە بۆ ئەو...

دراجا/ کیژێکی زۆر جوان و خشیکە....

جیفوتا/ بلاجویە، قسەی دەگەڵ خا دراجا کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی...

دراجا/ بیرم لەوە دەکردەوە کە لە زەرفی دوو ڕۆژدا مەوزوعەکەیان لەگەڵ بکەمەوە، بەڵام کە لە ڕۆژنامەدا باسی محازەرەکەی دکتۆر میلاراد تسفیوفتشم خوێندەوە، یەکسەر ڕۆژنامەکەم لە جانتاکەم ناو....

**مارا/** و چیتر....

**جیفوتا/** که گەیینە سەر ئەم (وچیتر)ـە وەستاین و تا تۆ بانگ بکەین.

**دراجا/** و یەکسەر بۆ ئەوێندەر وەڕێکەوتم...و لەوێ... وەژوور کەوتم و گوتم رۆژتان باش... چۆنن، ئەحواڵتان؟

**جیفوتا/** *(قسەکەیان تەواو دەکات)* سوپاس باشین، ئەدی تۆ چۆنی، حاڵت؟

**دراجا/** بەڵێ، بەو جۆرە دەست بە قسان کرا... حاڵت چۆنە؟ چدەکەی؟ ئەوسا هەندێ باسی کەشوهەواو خەبەرو باسی شار، و ئەمەو ئەوەمان کردو ئەنجام سەری قسەکەم گۆڕی و هاتینە سەر باسی محازەرەکە...

**جیفوتا/** ئۆیف... زۆرباشە....

**دراجا/** لێم پرسین بە یانی دەچن بۆ محازەرەکەی زانای گەنج دکتۆر تسفیوفتش.

**جیفوتا/** وەڵامیان چ بوو؟

**دراجا/** لەسەری رۆییشتم و گوتم... پێویستە ئەم زانایە بناسن، هەموو کەس دەڵێن پەرجوی زانستە، و هزرڤانێکی مەزنە، و ئایندەیەکی گەش و پرشنگداری هەیە.

**جیفوتا/** دەم خۆش، باشت وتووە...

**دراجا/** پێمگوتن: ئەم زانا گەنجە شەوو رۆژ سەری بەسەر کتێبانەوەیە.

**جیفوتا/** درۆت نەکردووە، چونکە بەڕاستی وایە، ئەگەر باوەڕ بە من ناکەی لە مارا بپرسە *(مارا دەپەشۆکێ)* چەندین جار پێمگوتووە، گەنجێتی خۆت لە سەر کتێبان دامەنێ. بڕۆ دەرێ بای باڵێکی خۆت بدە، دەگەڵ هەڤاڵەکانتا بچۆ گەشت و گەڕان... دەزانی چی وەڵام داومەتەوە؟ باوکە گیان پەستم مەکە، چونکە زانست لای من و بۆ من لە هەموو شتێك پیرۆزترە، پیرۆزی پیرۆزانە... ئەوەیە کوڕی ئێمە.

**دراجا/** هەروەها پێمگوتن کەسێکی زۆر بێ هەواو شەرمن و سەلارە. دەڵێی کچە، خوارنگەو کاباری و ئەو جۆرە شوێنانە نازانێ.

**جیفوتا/** *(تاکید دەکاتەوە)* حەقیقەتت گوتووە، ڕاستت کردووە... ئەو جۆرە شوێنانە هەر ناناسێت.

**دراجا/** نەدەخواتەوەو نە جگەرە دەکێشێت. بەڕاستی زانایە، دەوڵەمەندە، جوان و قۆزە، دەڵێی گوڵی کراوەیە.

**مارا/** ئەرێ... ئەرێ...

**دراجا/** هەروەها زانایە.. بەڕاستی وایە؟

**جیفوتا/** هێشتا دەپرسیت؟ تەمەشا... ئەمە کارنامەکەیەتی... ئەمە شەهادەکەیەتی. ئەدی چییان پێ گوتی؟

**دراجا/** هیچیان نەگوت، کەوتنە پرسیار لەسەر پرسیار، دەربارەی خانەوادەکەی، دەوڵەمەندی و هەژاری خانەوادەکەی، پێمگوتن ئەمە دەرفەتێکەو بۆتان هەڵکەوتووە، لای بەیانیەکەی محازەرەیەك دەڵێتەوە، ئامادەبن و بە چاوی خۆتان دەی بینن. ئیدی کچە ئۆقرەی لێهەڵگیراو

زۆری لە دایکی دەکردو دەیگوت: توخوا دایکە گیان، تکات لێدەکەم با سبەی بەیانی بۆ ئەو محازەرەیە بچین.. بێگومان دێن‌و بە چاوی خۆتان لەوێندەر دەیان بینن.

جیفوتا/ *(بە مارا دەڵێت):* مارا گیان، ئەمە تەنیا بیانووە بۆ دیتنی.

مارا/ خودایا... موفەقیان بکە...

دراجا/ کاتێ هەستام کە خوا حافیزیان لێبکەم‌و بڕۆم خاتوو میلکا گوتی: "خا دراجا تکات لێ دەکەم پێمان لێ مەبڕە... سەرمان لێبدە...

مارا/ چیتر... *(قاوە دادەنێ)*

جیفوتا/ لەوەی زیاتر چیت دەوێ؟! ئامادەی محازەرەکە دەبن... ئەوەتا بەزاری خۆی پێی دەڵێت "تکایە خا دراجا پێمان لێ مەبڕە". ئەوانە وەزیرن، وەزیران وەکو ئێمە بیر ناکەنەوە، کە بێ بیرکردنەوە بڕیار دەدەین.

دراجا/ هەموو شتێك بە دڵی خۆمان دەبێت.... من سەرم لەم شتانە دەردەچێت، کە دەڵێت: "تکایە خا دراجا پێمان لێ مەبڕە...." لە مانای ئەمە دەگەم.

جیفوتا/ تۆ بە خۆت دەزانی من نەبووە نیم، بەڵام حەزیش دەکەم بزانم چەند کیلۆمەتر هێڵی ئاسن لە قەبێڵی مارەیی کیژەکەیان دەکەن؟

دراجا/ ها؟ چۆن مارەیی بە کیلۆمەتران حەساو دەکرێت؟

جیفوتا/ *(پێدەکەنێ)* ئەمە شتێکی ئاساییە... خۆ ناچین لە نانەوا بپرسین چەند پارە لە تەنورەکەی دەردێنێ، بەڵکو لێی دەپرسین چەند نان دەردێنێ... چونکە نان پارەی نەختی ئەوە.... جا سەبارەت بە وەزیری هێڵی ئاسنیش وایە... کیلۆمەتران پارەی نەختی ئەوە.

دراجا/ ئاغای جیفوتا... تێت ناگەم...

جیفوتا/ ئێستا هەموو شتێکت بۆ روون دەکەمەوەو تێی دەگەیت. ئەو، بەرپرسە لە راکێشانی هێڵێك بە سەرانسەری بەلقان دا، ئەم هێڵی بەلقانە دەکاتە هەزاران کیلۆمەتر، هەروەها ئەم پرۆژەیە دەگاتەوە ئەو دەوڵەتەی... هەڵبەتە من داوای ئەوە ناکەم هەموو هێڵی بەلقان لە قەبەڵی مارەیی‌و جیازی کچەکەی بکات، چونکە ناتوانێ شتی وەها بکات، بەڵام داوای چوار سەد پێنج سەد کیلۆمەتر،و ڕەنگە زیاتریش بکەم....

دراجا/ ئەها... تێ گەییشتم... لەو کیژە ئازیزتری نییە، وماڵی دنیای بۆ ئەو لەبر چاو نییە،.... لەوەیە لەو بەینەدا ئەگەر تاقە کیلۆمەترێکیش بووە، بە نسیبی خوازبێنیکەر ببێ....

جیفوتا/ بێگومان... بێگومان... من ناتوانم وەعدی پردێك یان تونێلێکت بدەمێ، بەڵام دڵنیابە کە کیلۆمەترێکت پێ دەبڕێ.

مارا/ ببوورە... حەز دەکەم چەند پرسیارێکت لێبکەم.

دراجا/ فەرموو یامارا.

مارا/ کیژەکە جوانە؟

جیفوتا/ کیژە وەزیرە... چۆن جوان نابێت؟

مارا/ باشە بێ فیزو دەعیەیە؟

دراجا/ هەر مەپرسە.... ئەگەر بێ فیزو دەعیە نەبا دەمێ بوو شووی کردبوو.
مارا/ بە تەمەن لە میلارادی کوڕمان گەورەترە؟
جیفوتا/ چۆن گەورەترە؟! ئەم قسە بۆش و بەتاڵە چییە... کیژە وەزیرو گەورەتر بێ؟!
دراجا/ ئێستا پێتان دەڵێم چ دەکەم... بێگومان دایك و کیژ لە محازەرەکەدا دەی بینن، ئیدی لەوێندەر بۆم دەردەکەوێ کە بە دڵیان بووە یان نا *(هەڵدەستێ)* هەنگێ خەبەرەکەتان بۆ دێنمەوە.
جیفوتا/ زۆر باشە...
دراجا/ جارێ خودا حافیز خانمەکەم... بە هێڤی دیدارو *(وەدەردەکەوێ)*.
مارا/ *(تا بەردەرگا بەرێی دەکات)*.... خودا حافیز، سوپاس....
جیفوتا/ *(ئەویش لەبەر دەرگاوە دوعاخوازی لێدەکات)* سوپاس... پێمان لێ مەبڕە... تکایە سەر بدەوە.

*(دراجا وەدەر دەکەوێ)*

## "7"

## (مارا، جیفوتا)

جیفوتا/ *(دەگەڕێتەوە)* خۆ گوێت لێبوو؟
مارا/ دیارە خودا ئەم هەموو بەختەوەری و شادییەی لە چارە نووسیوە...
جیفوتا/ تەسەور بکە کیژە وەزیر! کیژی وەزیر...!
مارا/ بەڵام جیفوتا گیان.... نازانم چۆنی بڵێم... کە ژنی هێنا بێ، چۆن ژنی تری بۆ بێنین، ئەمە چۆن دەبێ.
جیفوتا/ ئەو ژنی نەهێناوە، تەنیا بە ناوی ئەوەوەیە. ناوەکەی ژنی هێناوە.
مارا/ ئەمشەو خەو نەچووەتە چاوانم، تا بەیانی تەپاوتلم بووە... من وام دەزانی کە ژن بێنێ زۆر خۆشحاڵ و شاد دەبین، کەچی رەوتی رووداوەکان پێچەوانەیە، لە پڕێکا بووکێکمان بۆ هات مەگەر هەر خوا بزانێ کێیە، تەنانەت کوڕەکەشمان، یانی مێردەکەی، نایناسێت... ئەم نەوەیەش لەولاوە بوەستێ... لە جیاتی ناوێکی خۆمانەی لێ بنەن وەکو: میلاڤان، یان رداڤان یان دویرسلاڤ.... ناویان ناوە: بیبیك... توخوا ئەمە ناوە، مرۆڤ شەرمەکا لای خەڵکی ناوی بێنێ... خەڵکی گاڵتەم پێدەکەن و دەڵێن یامارا بیبیك چۆنە؟
جیفوتا/ نە هەقت ناگرم... شەرمەزارییەکی گەورەیە... ئەمە چ بەڵایەك بوو بەرۆکی گرتم!
مارا/ من تا ئێستاش باوەڕ ناکەم ئەمەمان بەسەر هاتبێ... باشە پارێزەرەکە هیچی نەگوت؟ من پێموایە میلاراد یەکسەر بڕوات بۆ پۆلیسخانەو پۆلیس ئاگادار بکاتەوە کە ساختەچیەك بە ناوی ئەمەوە ژنی هێناوە،و ئەم ئاگای لە مەحمودی بێ زەواد نیەو ئیعتراف بەو زەوجینە ناکات.
جیفوتا/ ئەمە مەحاڵە، چونکە پۆلیس پێی دەڵێن: "برۆ ئەو ساختەچیە بێنە". کە بیبات، پۆلیس، دەکەونە داپشکنینی و بەپرسیاران دایدەگرنەوە...هەنگێ ئەم ساختەچییە ناچارە بەرگری لە خۆی بکات... ئیدی شتەکە بەسەر خۆماندا دەشکێتەوە. دەبێ بە شێوەیەکی دی

بجوڵێینەوە... بۆ نموونە پارێزەرەکە ئەو تەگبیرەی بۆ کردووین کە کاتێ کلارا گەییە ئێرەو هات پێی گوتین/ "رۆژتان باش" یەکێك بکێشێت بە سەرو چاویا.

مارا/ بەڵام بۆچی لەو ژنە بدات؟

جیفوتا/ بۆ ئەوەی بە تەوهین و ئیهانە لە قەڵەم بدرێت... هەڵبەتە تەوهین هۆیەکە لە هۆیەکانی تەڵاق و جیابوونەوە. ئەمە قسەی پارێزەرەکە بوو.

مارا/ میلاراد شتی وا ناکات.

جیفوتا/ کەواتە... با کلارا لە میلاراد بدات... ئەمەش هەر بە سووکایەتی لە قەڵەم دەدرێ.

مارا/ نا.... نا... نەخشەو پێشنیازەکەی بلاجویە، ئاقڵانەترە... شایەتی لێدەگرین و تۆمەتی خیانەتی دەدەینە پاڵ.

جیفوتا/ کێ بە بەرچاوی شایەتەوە خیانەت لە مێردی خۆی دەکات، گێلە ژن؟

مارا/ بلاجویە دەڵێت ئەگەر میلاراد قاییل نەبوو لێی بدات، هەڵبەتە رازی دەبێ ماچی بکات.

جیفوتا/ *(بە دڵنیاییەوە)* بەڵێ بەمە ڕازی دەبێ... من کوڕی خۆم باش دەناسم، بێگومان بەمە قاییل دەبێت...

مارا/ بلاجویە دەڵێت... هەرکە بەدوو قۆڵی لە ژوورەوە مانەوەو لەو کاتەدا کە میلاراد خەریکی ماچکردن و راموسانی دەبێت، یەکسەر شایەتەکان خۆیان بە ژوورا بکەن و بچن بە سەریانا،و دوای ئەوە دادگا خۆت بگرە وا هاتم..

جیفوتا/ لە دادگا چی بکەین؟

مارا/ تۆمەتی خیانەتی دەدەینە پاڵ.

جیفوتا/ ها.. ها.. ئەمە پێشنیازو نەخشەکەیە؟ بەڕاستی خوشکی بلاجویەی، هەمان ئەقڵتان هەیە.

مارا/ بۆ ئەمە عەیبی چیە؟

جیفوتا/ باشە بیرت چووەتەوە کە میلاراد مێردی یاسایی و شەرعییەتی... یانی لە قەراری ئیتیهامەکەدا بنووسێت من ژنە شەرعیەکەی خۆم ماچی کردووم، بۆیە ئەمە بە خیانەت دەزانم و دەمەوێ تەڵاقی بدەم و لێی جیا ببمەوە....؟

مارا/ *(بە سەرسامی)* ئاه... شتەکانم وا لێ تێکەڵاو بووە، بە جارێ ئەقڵم لە دەست داوە...

"8"

**(جیفوتا، مارا، میلاراد)**

میلاراد/ *(رۆژنامەیەك بە دەستەوە دەگرێت)*.... ئەمە چیە؟!

جیفوتا/ کوا؟

میلاراد/ ئەمەتا، لە رۆژنامەکەدا... رۆژنامەکە نووسیویەتی گوایە من محازەرەیەك دەڵێمەوەو دکتۆر رایسەر بە تایبەتی بۆ ئەو محازەرەیە هاتووە...

جیفوتا/ مادامێکی رۆژنامە نووسیویەتی، مانای وایە ڕاستە.

**میلاراد/ چی ڕاستە؟**

**جیفوتا/ کە دکتۆر رایسەر هاتووە....**

**میلاراد/ بەڵام ئەوە ڕاست نیە کە گوایە من محازەرە دەڵێمەوە.**

**جیفوتا/ *(بە مارا دەڵێت)* دەبینی؟ تەمەشای بکە *(بە میلاراد دەڵێت)* دەبێ چیت پێ دەگوترێ جێبەجێی بکەی.**

**میلاراد/ محازەرەی چیو بابەتەکەی چیە؟**

**جیفوتا/ فەرموو ئەمە محازەرەکە بە نووسراوی *(محازەرەکەی دەداتێ)*.**

**میلاراد/ بۆ خۆتی هەڵبگرە... من پێویستم پێی نییە.**

**جیفوتا/ تکات لێدەکەم... ئەم شتە پەیوەندی بە بەختەوەری تۆوە هەیە *(بە مارا دەڵێت)* بۆ قسە ناکەی، دەی تۆ پێی بڵێ... بۆچی واقت وڕماوە؟**

**مارا/ پێویست بە قسە ناکات... کوڕەکەم ئاقڵەو بە گوێت دەکات...**

**جیفوتا/ نەك هەر پەیوەندی بە بەختەوەریتەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە شەرەفو ئابڕووشەوە هەیە... تێدەگەی؟ شەرەفو ئابڕووی من.**

**میلاراد/ ئا.... ئەمەت مەبەستە... کە مەسەلەی شەرەفو ئابڕووت دێتە گۆڕێ، دەبێ من بیکرمەوە، بەڵام ئەگەر شتێك پەیوەندی بە شەرەفو ئابڕووی منەوە هەبێ، نەك هەر خۆتی لێ بە ساحێب ناکەیت، بگرە ئامادەنیت گوێت لە یەك وشەش ببێ *(بە مارا دەڵێت)* دوێنێ داوای دە هەزار دینارم لێکرد، گوێی خۆی لێخەواندو رووی لێوەرگێڕام.**

**جیفوتا/ ئەمە دە هەزار دینار....**

**میلاراد/ نامەوێ بەڵام داوام لێمەکە ئابڕووت بکڕمەوە.**

**جیفوتا/ باشە ئەگەر ئەم دە هەزار دینارەم دایتێ محازەرەکە دەڵێیتەوە؟**

**میلاراد/ تۆ بەڵێنم بدەیە کە دە هەزار دینارەکەم دەدەیتێ، پاشان باسی محازەرەکە دەکەین.**

**جیفوتا/ تۆزێ وەرە خوارەوە.... دێیتە خوارەوە؟ دە هەزار دینار پارەیەکی زۆرە.**

**میلاراد/ زۆرە؟! من ئەو بڕە پارەیە قەرزارم... بە تۆبزی شەهادەتان بە ملدا دام، ژنو منداڵێکتان بە سەردا سەپاندم، پاشان نۆرە هاتە سەر محازەرە.... هێشتا تۆ دەڵێی دە هەزار دینار مەبلەغێکی گەورەیە؟**

**جیفوتا/ بەڵام هەر هەموو ئەمە بۆ قازانجو بەرژەوەندی تۆیە... دەزانی ئەم محازەرەیە چ خێرو بێرێکت بەسەردا دەبارێنێ... مارا گیان بۆی باس بکە. بە ئاشکرا پێی بڵێ کە کێ ئامادەی ئەم محازەرەیە دەبێت.**

**مارا/ کوڕەکەم، کیژی وەزیرێك ئامادەی دەبێت... بە تایبەتی بۆ دیتنی تۆ ئامادە دەبێت، ئەمە قسەی خوازبێنی کەرەکەیە.**

**میلاراد/ منێ کە خاوەنی ژنو منداڵ بم، ئیدی خوازبێنیکەری چی؟!**

**جیفوتا/ جا ئەمە کەی کێشەیە...؟ چی ژنداران ژنی خۆ تەڵاق نادەن؟ واز لەم مەوزوعە بێنە.**

"9"

**( جیفوتا، مارا، میلاراد، ماریتسا )**

**ماریتسا/** ***(وەژوور دەکەوێ)*** دوو خاتوون هاتوون.

**جیفوتا/** کێن؟

**ماریتسا/** ئەو دووانەن کە سێ چوار رۆژێك لەمە پێش هاتبوون.

**جیفوتا/** هی دالْدەکەن ***( بە میلاراد دەڵێت)*** بۆ مەسەلەی محازەرەکە هاتوون.

**میلاراد/** ئەمە مەوزوعی من نیە.

**جیفوتا/** دەبی بە گەپچاڕو گالْتەچی هەموو خەڵکی بەڵگراد ***(بە ماریتسا دەڵێت)*** با بێنە ژوورەوە.

**ماریتسا/** سەر سەرو سەرچاڤا ***(وەدەردەکەوێ)***.

"10"

**( جیفوتا، مارا ،میلاراد )**

**جیفوتا/** تکات لێدەکەم کوڕم، هەم خۆتو هەم منیش رزگاربکە.

**میلاراد/** سەبارەت بە خۆم... رزگاری دەکەم... ***(دەیەوێ وەدەربکەوێ)***

**جیفوتا/** ***(چمکی چاکەتەکەی دەگرێ)*** مارا! بیگرە.

**میلاراد/** ها...! دە هەزار دینارەکەم دەدەیتێ یان نا؟

**جیفوتا/** محازەرەکە دەڵێیتەوە؟

**میلاراد/** ئەگەر دە هەزار دینارەکەم بدەیتێ.

**جیفوتا/** ***(دوو دڵە، بەڵام کە دەبینێ دوو ژنەکە وەژوور دەکەون، بە نەبەدڵیو کەسەرەوە قاییل دەبێت)*** باشە، رێگری خاوەسێن.

"11"

**( جیفوتا، مارا، میلاراد، خاتوو بروتتش و سباسویفتش )**

**بروتتشو سباسویفتش/** ***(بە یەك دەنگ)*** رۆژ باش خانم.... ***(سڵاو لە مارا دەکەن)*** رۆژ باش ئاغای تسفیوفتش.

**جیفوتا/** ئەمە دکتۆر میلاراد تسفیوفتشی کوڕەمە ***(لە وتنی وشەی دکتۆردا، دان لەسەر (ڕ)یەکە دادەگرێ)***.

**هەردوو خاتوون/** ***(بە دوو قۆڵی)*** ئا.... زانا گەنجەکەمان ... زۆر خۆشحاڵین ***(سڵاو لەمیلاراد دەکەن)***.

**جیفوتا/** کوڕەکەم ، بەر لەوەی ئێوە تەشریف بێنن دەیگوت حەزدەکات تەعاروف دەگەڵ ئەو دوو خاتوونەدا بکات کە دەعوەتیان کردووە.

**هەردوو خاتوون/** ئەمە شەرەفو سەربەرزییەکی گەورەیە بۆ ئێمە.

سباسویفتش/ ئێمە راسپاردەیەکمان پێیە...

بروتتش/ *(قسەکەی پێدەبڕێ)* ئەنجوومەنی کارگێڕی دالدەی مندالانی ژمارە نۆ.

سباسویفتیش/ *(قسەکەی پێدەبڕێ)* بە یارمەتیت خا بروتتش با قسەکەم بکەم.... لە رۆژنامەدا خوێندمانەوە کە گوایە دکتۆر رایسەر لە فریبورگەوە دێت و ئامادەی محازەرەکە دەبێت.

بروتتش/ دەمانەوێ دەعوەتی تایبەتی ئاغای رایسەر بکەین.

سباسویفتش/ لەکوێ دەبینرێ؟

جیفوتا/ باشتر وایە بۆی نەگەڕێن، وا دیارە حەزی لە محازەرات نییە.

بروتتش/ بەلام رۆژنامەکە نووسیویەتی کە بە تایبەتی بۆ ئەم محازەرەیە هاتووە.

جیفوتا/ بەلێ... بەلێ... بەلام ئەمە شتێکی جیایە... من مەبەستم ئەمەیە کە بە شێوەیەکی گشتی حەز لە محازەرات ناکات، بەلام ئەم محازەرەیە جیاوازە

سباسویفتش/ *(بە میلاراد دەلێت)* جەنابی دکتۆر حەزدەکەین رەئی خۆتمان لەمەڕ محازەرەکە پێ بلێی. باشتر نیە یەکێك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی دالدەکە پێشکەش بە ئامادەبووانت بکات.؟ چونکە ئەمە یەکەم جارتە محازەرەیەکی گشتی پێشکەش دەکەیت، چ دەلێی؟.

میلاراد/ بۆ من فەرق ناکات.

بروتتش/ یان دەتەوێ دوو خانم لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کارگێڕی، بتناسێنن؟

میلاراد/ لاریم نیە ئەگەر دوان بن، بە مەرجێ تەنیا یەکێکیان قسە بکات.

## "12"

**( جیفوتا، مارا، میلاراد، بروتتش، سباسویفتش، بلاجویە )**

بلاجویە/ *(بە هانکە هانك وەژوور دەکەوێ)* ئەوە هات؟

جیفوتا/ کێ؟

بلاجویە/ پرۆفیسۆر رایسەر.

جووتە خاتوون/ *(لە خۆشیا رادەپەڕن)* ئا... زۆر باشە!

جیفوتا/ *(بە جۆرە پەشێوانییەکەوە)* ئەوە شێت بووی؟ بۆچی بۆ ئێرەت هێناوە؟

بلاجویە/ سوور بوو لەسەر ئەوەی دایکی میلاراد بدینێ...و هەر چیم کرد نەمتوانی قەناعەتی پێبکەم کە پێویست ناکات.

جیفوتا/ سەیرە....! کە بابی بینی ئیدی دایکی بۆچییە؟

سباسویفتش/ ئێمە زۆر خۆشحالین، کە دەرفەتمان بۆ رەخسا ئەم زانا گەورەیە بناسین و بۆ محازەرەکەی دەعوەت بکەین.

جیفوتا/ *(بە بلاجویە)* بڕۆ پێی بێژە کە نەیات.

بلاجویە/ زۆرم لەگەل هەولدا، بەلام بێفایدە بوو.

جیفوتا/ دەبڕۆن، سندانم لە هەمووتان دا.

*(بلاجویە بە تەریقی وەدەردەکەوێ)*

## "13"

## (جیفوتـا، مارا، میلاراد، بروتتش، سباسویفتش)

جیفوتا/ ***(روو دەکاتە میلاراد کە بە نەرمی پێدەکەنێ)*** بەچی پێدەکەنی؟

میلاراد/ بە بلاجویە، بەخاڵم، بەڕاستی مایەی پێکەنینە.

جیفوتا/ هەڵبەتە مایەی پێکەنینە... ئێستا ئێمە چ بکەین؟

بروتتش/ بە یارمەتیان، با ئێمە بە ناوی داڵدەی منداڵانی ژمارە نۆوە سوپاسی بکەین.

جیفوتا/ ***(تەواو پەشێوە)*****.....** قەیدی نیە سوپاسی بکەن... بەڵام تکایە ئەعسابی خۆ بگرن.. نا.... مەبەستم ئێوە نیە.... مەبەستم تۆیە میلاراد نەشڵەژێی ها، خۆت شیلونەکەی.

میلاراد/ بۆچی لەناو هەمووانیدا من...؟

جیفۆتا/ ***(زیاتر دەشڵەژێ)*** ئاه... ڕاست دەکەی... کەواتە مارا، دان بە خۆتا بگرەو خۆت شێلو مەکە.

مارا/ ***(رادەچڵەکێ)*** بۆچی من...!

جیفوتا/ بۆچی.... من....؟ بۆچی... من؟ یانی تێناگەن کە دەبێ یەکێکمان پێشوازی بکات.

## "14"

## (جیفوتـا، مارا، میلاراد، بروتتش، سباسویفتش، بلاجویە، رایسەر، فیلیمیر)

بلاجویـە/ ***(لـە پـێش هەموویانـەوە وەژوور دەکـەوێ، و پەشـێوانی و شـەرمەزاری پێـوە دیـارە)***.

فەرموو... سەر سەرو سەرچاوان ***(رایسەر وەژوور دەکەوێ)*** گەورەت کردم، ئەمە ئاغای جیفوتا، بابی میلارادە.

جیفوتا/ لەکەیەوە من بووم بە باوکی؟.... دەتەوێ تووشم بکەی؟

بلاجویە/ (***زیاتر دەپەشۆکێ)*** مەبەستم ئەمەیە من باوکیم،و ئەمەش دایکیەتی ***(ئاماژە بۆ جیفوتا دەکات).***

جووتە خاتوون/ ئاخ.... ***(مارا دەست هەڵدەبڕێ و نیشانەی خاچ دەکێشێ، میلاراد خەریکە لە پێکەنینا دەبورێتەوە...)***

فیلیمیر/ ***(لە بلاجویە تورە دەبێت و هەوڵدەدا وەزعەکە ئارام بکاتـەوە)*** چیت لێقەوماوە باوکە.... ئەوە دایکەیە.

بلاجویە/ وایە... وایە (روو دەکاتە رایسەرو مارای پێدەناسێنێ) بە شانازییەوە دایکی میلارادت پێدەناسێنم....

رایسەر/ ***(زۆر بەزەحمەت و، وەکو یەکێك کە زمان لە کتێبانەوە فێر بووبێ، بە پچڕ پچڕ وشەکان دەدرکێنێ)***. ڕێزم هەیە بۆت خانمەکەم.... من ڕێزو حورمەتی زۆرم بۆ کوڕەکەت هەیە، زۆرم لەلا بەقەدرە.

جیفوتا/ فەرموو: فەرموو...

جووتە خاتوون/ ***(بە جیفوتا دەڵێن)*** تکایە ئێمەشی پێ بناسێنە...

جیفوتا/ ***(بە بلاجویە)*** دەی بیان ناسێنە.

بلاجویە/ ***(بەرگری لەخۆی دەکات)*** من نایان ناسم....

جووتە خاتوون/ ***(بە جووتە لە رایسەر دەچنە پێشێ‌و بە یەك دەنگ دەڵێن)*** جەنابی پرۆفیسۆری بەڕێز ئێمە ئەندامی ئەنجوومەنی کارگێڕی داڵدەی منالانی ژمارە نۆین... ئەم داڵدەیە بە ئۆرگان‌و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگ دادەنرێ.

رایسەر/ ***(بە فیلیمێ)*** تکایە بۆمی تەرجەمە بکە.

سباسویفتش/ ***(بە بروتتش)*** هەڵبەتە... ئاغای پرۆفیسۆر لەم گەڕەلاوژەیەی ئێمە تێناگات، یارمەتیم بدە با بە تەنێ قسەی دەگەڵ بکەم....

بروتتش/ دەی، فەرموو قسەی دەگەڵ بکە....

سباسویفتش/ ئێمە، جەنابی پرۆفیسۆری بەڕێز، ئەندامی ئەنجوومەنی داڵدەی مندالانی ژمارە نۆین....

بروتتش/ ئەم داڵدەیە، کە بە ئۆرگان‌و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی گرینگ دادەنرێ.

جیفوتا/ ***(بە چپە بە بلاجویە دەڵێت)*** هەر ئێستا بۆمبێك دەتەقێتەوە.

سباسویفتش/ محازەرەیەکی گشتی ساز دەکات.

بروتتش/ هاتووین تا بۆ ئەم محازەرەیەت دەعوەت بکەین، کە قوتابی دڵپاك‌و شیر حەڵاڵی خۆت ***(ئاماژە بۆ میلاراد دەکات)*** ئاغای میلاراد تسیفوفتش دەیڵێتەوە.

رایسەر/ ***(بە واق وڕماوی)*** تێناگەم.

سباسویفتش/ بابی، ئاغای جیفوتای بەڕێز ***(ئاماژە بۆ جیفوتا دەکات)***.

بلاجویە/ ***(بە چپە قسە بۆ جیفوتا دەکات)*** ئەوە بۆمبەکە تەقییەوە....

بروتتش/ جوامێرییەکی زۆری لەگەڵدا کردین‌و یارمەتی داین کە قەناعەت بە جەنابی دکتۆر بکات.

سباسویفتش/ جا ئێمە جەنابی پرۆفیسۆری بەڕێز شادمانین کە تۆ لە فریبۆرگەوە تەشریفت هێناوە کە لەم محازەرەیەدا ئامادە بیت.

رایسەر/ ***(بە فیلیمێ)*** هیچ تێناگەم... محازەرەی چی دەڵێیتەوە....؟

سباسویفتش/ ئەو محازەرە ناڵێتەوە، دکتۆر میلاراد تسفیوفتش ***(ئاماژە بۆ میلاراد دەکات)*** دەیڵێتەوە.

رایسەری/ ئا.... مەبەستت کوڕەکەی ئەم پیاوەیە ***(ئاماژە بۆ بلاجویە دەکات)***.

بروتتش/ نا... کوڕی ئەم نا، بەڵکو کوڕی ئەم بەڕێز ***(ئاماژە بۆ جیفوتا دەکات)***.

جیفوتا/ ***(بە بروتتش)*** تکات لێدەکەم من تێکەڵاوی ئەم مەوزوعە مەکە.

رایسەر/ ***(بە جیفوتا)*** تۆ بابی کێیت؟

جیفوتا/ نازانم....

رایسەر/ ***(بە بلاجویە)*** ئەدی تۆ بابی کێیت؟

بلاجویە/ نازانم....

بروتتش/ ***(بە جیفوتا)*** باشە میلاراد تسفیوفتش کوڕی تۆ نییە، ئەو محازەرەکە ناڵێتەوە؟

ر ایسەر/ ببورە خاتوون، دکتۆر میلاراد تسفیوفتش کوڕی ئەم بەڕێزەیە ***(ئاماژە بۆ بلاجویە دەکات)***

بلاجویە/ وایە... وایە....

جیفوتا/ ئێستا شتەکە تەواو روونەو وا چاکە چیتر باسی لێوە نەکەن....

سباسویفتش/ (بە مارا) تکایە خانم پێم بڵێ کامە کوڕەکەی تۆیە.

مارا/ چوزانم...

جووتە خاتوون/ ئاخ.... ئای لەوە....

میلاراد/ ئەوە چ دەڵێی دایکە؟

مارا/ خویشم نازانم چ دەڵێم، سەرم لێ شێواوە، وڕێنە دەکەم.

جووتە خاتوون/ ئەرێ بێ زەحمەت مەسەلەکەمان تێبگەیەنن... ئێمە هیچ شتێك تیناگەین..

جیفوتا/ ***(لە پڕ کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات و دەتەقێتەوەو دەڵێت)*** ئێوە بێدەنگ بن، بۆچی خۆتان لە کاروباری خێزانی من هەڵدەقورتێنن، کێشەی بیبیك کەم بوو؟ تا کێشەی داڵدەی منداڵانیشی بێتە سەر.... مەیموون زۆر جوان بوو ئاوڵەشی دەردا...

جووتە خاتوون/ بەڕێز، قوربان...

رایسەر/ ***(هەوڵدەدات هێوری بکاتەوە)*** ئەم خاتوونانە گەرەکیانە...

جیفوتا/ ***(زۆر تووڕە دەبێت، بە جارێ گڕ دەگرێ)*** چ شەیتانێك لە فریبۆرگەوە تۆی هێناوە تا کاروباری خێزانی من رێك بخەی؟ ئەی بیزەنتی واز لە خانەوادەکەم بێنە با بۆ خۆ بە ئارامی بژین.... من قێزم لە شارەکەتان، لە فریبورگ دەبێتەوە، دڵم تێك هەڵدێ. بەسە ***(هاوار دەکات)*** بەسە... ***(جۆرە نیگەرانیەکی گشتی باڵ بەسەر هەموویاندا دەکێشێ و لە بەینی خۆیاندا پرس وڕا دەگۆڕنەوە، فیلیمیر هەوڵدەدا رایسەر هێور بکاتەوە، بروتتش و سباسویفتش دەگەڵ ماراو بلاجویەدا قسە دەکەن، میلاراد لە کە نارێکەوە دەوەستێ و بە خۆشحاڵییەوە پێدەکەنێ)***... ***(جیفوتا بەوپەڕی نائومیدییەوە لەبەر خۆیەوە دەڵێت)***.... بیبیك... ئەی بیبیکی نەحس و شووم، ئەی نەگریسی بەدفەڕ، ئەی کلۆڵی نەگبەت ئەمە چی بوو بەسەرت هێنام؟.....

***پەردە.***

# فەسڵی سێیەم

"1"

**( میلاراد، ماریتسا )**

***(میلاراد لەسەر قەنەفەیەک پاڵدەداتەوەو لاقی دەخاتە سەر تەپڵەکێک‌و بە تووڕەیی جگەرە دەکێشێت).***

**ماریتسا/** ***(وەژوور دەکەوێ)*** ئاغای میلاراد....

**میلاراد/** ***(رادەپەڕێ‌و بە دەنگی بەرز هاوار دەکات)*** چییە..؟ نەمگوت کەس ناڕەحەتم نەکات....

**ماریتسا/** دەمویست....

**میلاراد/** ***(بەر بالیفانی دەدات)*** بڕۆ دەرەوە... بڕۆ دەرێ ***(ماریتسا بەرەو دەستەچەپ غار دەدا).***

"2"

**( میلاراد، سلاڤکا، ماریتسا )**

(میلاراد هەمدیس پاڵدەداتەوەو لە جگەرەکێشان بەردەوام دەبێت... سلاڤکا لە سەمتی چەپەوە وەژوور دەکەوێ، و ماریتساش لە پشتەوە خۆی داوەتە پەنای ئەو).

**میلاراد/** ***(لە جێی خۆی رادەپەڕێ‌و بالیفێک بە دەستەوە دەگرێت)*** نەمگوت...؟

**سلاڤکا/** ***(لێی نزیک دەکەوێتەوە)*** تکات لێدەکەم... تکات لێدەم خۆت هێور بکەرەوە ***(کە سلاڤکا لە میلاراد نزیک دەبێتەوە، ماریتسا، دەرفەت دێنێ‌و بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە دەرگای چوونە دەرەوە)*** ئەوە ئەمڕۆ چیتە؟

**میلاراد/** چیمە؟ سەرم سوڕ دەمێنێ چۆن هێشتا بە قەپاڵ بەر نەبوومەتە خەڵکی، بەلام ئەمڕۆ دەست پێدەکەم.

**سلاڤکا/** بۆچی...؟

**میلاراد/** بۆچی؟ ئەدی بە چاوی خۆت نەتبینی لەم محازەرەیەدا چ عەیبەیەکم بەسەر هات؟.

**سلاڤکا/** پێم سەیرە... چۆن بەم رادەیە پەشۆکایت؟ هەڵبەتە من دەزانم کاتێ کە جەماوەرەکە دەستی بە پێکەنین کرد، هەستت بە چ تاڵاوێک کرد... ئەگەر دەرفەتم هەبوایە لە هۆڵەکە هەڵدەهاتم.

**میلاراد/** ئاخر چۆن ئینسان ناپەشۆکێت؟! فەرموو، ئەوەی ئەم قەلەباچکە فەیلەسوفە نووسیویەتی بخوێنەوە... ئەوەتا... گوێ بگرە ***(محازەرەکە لە بەرکی دەردێنێ‌و دەست بەخوێندنەوە دەکات):*** "لە باسی گرفتەکانی، گۆڕانکارییە ئەقڵییە ناوەندی‌و بایۆلۆجییە ناوەندیەکاندا بە شێوازێکی ڕامانکاریانەی هەستۆکی ئۆرگانی، رووبە رووی عەمەلیاتی پیس بوونی ئاستە ئەقڵییەکان بووینەوە لە تەمەنی یەئس دا" دەی... ئەوەی خوێندمەوە بۆمی بلێرەوە... کە گەییمە ئەم وشانە خوێنم جما. ڕاجفریم‌و زمانم کەوتە تەتەڵە، ئیدی وەکو یەکێک

لە جەرگەی چڕە دارستانێکدا ڕێی گوم کردبێ‌و لە هەر چوار نکالیەوە دڕندان بنەڕێنن، بەو ئاوایەم لێهات‌و چی وای نەما بوو وەکو پلنگ بنەڕێنم.... ئەوجاش لێم دەپرسیت چیتە؟

سلاڤکا/ باشە بۆچی رازی بوویت ئەم محازەرەیە بڵێیتەوە؟

میلاراد/ بۆچی: بۆیە رازی بووم چونکە کەوتبوومە تەنگانەیەکی دژوارەوەو دەبوا بە هەر نرخێ بووە دە هەزار دینار پەیدا بکەم...

سلاڤکا/ خاوەن قەرز هەڵی پێچا بوویت...؟

میلاراد/ نا... لە سۆنگەی ژنێکی نازداری جوانەوە بوو...

سلاڤکا/ تەنیا لەبەر ئەمە؟

میلاراد/ ئەرێ... خاوەن قەرز هیچ کاتێك بە ئەندازەی ژنی جوان خەتەر نییە، خاوەن قەرز ئەوپەڕی ئینزارێکت بۆ دەنێرێ، پاشان پروتستۆیەك دەخاتە سەر کۆمپیالەکەو ئەوسا دادگا بانگت دەکات،و دوای ئەوە دادگا حوکمی تەنفیزی خۆی دەنێرێت. بەڵام ژن لە هەمان کاتدا هەم وەکو کۆمپیالە پروتستۆ کراوەو هەم وەکو حوکمی تەنفیزی فەوریە....

## "3"

## ( میلاراد، سلاڤکا، ماریتسا )

ماریتسا/ ***(لە دەرگاکەوە سەر دەکێشێت‌و ناوێرێ بێتە ژوورەوە)*** : ئەزبەنی ژنێك هاتووە دەیەوێ...

میلاراد/ ***(هاوار دەکات)*** ژنی چی؟

ماریتسا/ منداڵێکی لەگەڵە.

میلاراد/ خۆیەتی ***(بالیفەکان‌و کۆمەڵێك شتی دی خڕ دەکاتەوە)*** ئێستا پیشانی دەدەم.

سلاڤکا/ بە کێ؟

میلاراد/ بێگومان هی داڵەی منداڵانە... لەوێندەرەوە هاتووە... چونکە دوێنێ پێی گوتم دەگەڵ منداڵاندا دێت تا سوپاسم بکات.

سلاڤکا/ بەڵام نابێ بەمجۆرە زبر رەفتارو دڵ رەق بیت...

میلاراد/ نا.... هەر یەکێك بە تەپڵی سەریا دەکێشم‌و تەواو... ئەم داڵەیە کوشتمی (بە ماریتسا) بڵێ با بێتە ژوورێ.

سلاڤکا/ ***(بەرەو ژوورەکەی خۆی دەڕوات‌و لە ئاستانەی دەرگاکەدا)*** دەڵێت: تکات لێدەکەم، ئەعسابی خۆت بگرە..

## "4"

## ( میلاراد، کلارا، بیبیك )

***(مارتیسا لەبەر دەرگاکە لادەکەوێ، کلارا وەژوور دەکەوێ، دەستی منداڵێکی چوار ساڵانی گرتووە، میلاراد دەست دەداتە بالیفێك‌و دەیەوێ بەر بالیفانی بدات).***

کلارا/ ***(لەم پێشوازییە ساردو سڕە دەسڵەمێتەوە)*** ببورە... ***(میلاراد بە ئەسپایی دەستی بە بالیفەکەوە دادەگرێو دەبینێ کە ئەمە نوێنەری دائدەکە نییە، بەڵکو ژنێکی جوانو دڵڕفێنە)...***
ببوورە... من ئاغای میلاراد تسفیوفتشم گەرەکە.

میلاراد/ بەڵێ منم....

کلارا/ نا.... ئەوە تۆ چ دەڵێی بەڕێز؟ من مێردەکەمم دەوێ.

میلاراد/ میلاراد تسفیوفتش منم...

کلارا/ نا.... قوربان من مێردی خۆم باش دەناسم...

میلاراد/ بیناسیت یان نا خانم... میلاراد منم....

کلارا/ وا دیارە من ناتوانم بە جوانیو بە وردی بە زمانی ئێوە گوزارشت بکەم...؟

میلاراد/ نا.. نا... خاکلارا.. تۆ بە باشی بە زمانی ئێمە قسە دەکەیت... ئەمەم پێ سەیرە... ڕەنگە بیبیك زمانی ئێمە نەزانێ...؟

کلارا/ ناوەکەشی دەزانی؟

میلاراد/ کەس هەیە ناوی کوڕی خۆی نەزانێ... وەرە بچکۆلەکەم... وەرە بۆ لای من، وەرە مەترسە... سەیر ئەوەیە بە هیچ جۆرێ لە من ناچێت...

کلارا/ بەلاّم... بەڕێز، جەنابت کێیت...؟

میلاراد/ خانم من پێمگوتیت کێم..

کلارا/ یانی من ئەدەرسەکەم لێ تێك نەچووە؟ بەلاّم تۆ ناوی خۆمو منداڵەکەم دەزانیت... تۆ بڵێی لێرە دوو کەس بە ناوی تسفیوفتش هەبن؟

میلاراد/ ئەوەی لێرەیەو لێرە دەژی دکتۆر میلاراد تسفیوفتش ـە... کە منمو جگە لە من هیچ مێردێکی ترت نییە.

کلارا/ سەیرە... باشە چۆن؟

میلاراد/ تۆ باوەڕ بە من ناکەیت؟ ئاخر چۆن بۆتی بسەلمێنم..؟

کلارا/ دایکت لە ماڵە؟

میلاراد/ بەڵێ ***(لە زەنگ دەدات)*** ئەو بۆتی روون دەکاتەوە.

"5"

**(میلاراد، کلارا، بیبیك، ماریتسا )**

مارتیسا/ چیت دەوێ؟

میلاراد/ دایکە بانگ بکەو پێی بڵێ خاکلاراو بیبیك هاتوون.

ماریتسا/ باشە.

"6"

**( میلاراد، کلارا، بیبیك )**

**کلارا/ سەیرە.! یانی دایکت چاوەڕوانی هاتنی منە؟!**

**میلاراد/ ئەدی تۆ نامەت بۆ نەنووسیبووم؟**

**کلارا/ من نامەم بۆ مێردەکەم نووسی بوو... ئەم گۆڕانە مەحاڵە، تۆ بە هیچ جۆرێ لە شووەکەم ناچیت.**

**میلاراد/ پێویست ناکات لە مێردەکەت بچم. بەڵام بە شەرەفم کوتو مت لە دکتۆر میلاراد تسفیوفتش دەچم، بە موو فەرقمان نیە.**

**کلارا/ نازانم.... لەگینە...**

**میلاراد/ ئەوە دایکەیە وا هات،و ئیستا هەموو شتێکت بۆ روون دەکاتەوە...**

"7"

**( میلاراد، کلارا، بیبیك، مارا )**

**کلارا/ *(بەرەو پیری مارا دەچێتو دەستی ماچ دەکات)* دایکە... دایکە، چەند بە دیدارت خۆشحاڵم!.**

**مارا/ *(پەشۆکاوە)*... من... ئەمە... بە ڕاستی کلارایە؟**

**کلارا/ *(دەستی منداڵەکە دەگرێ)* بیبیك... دەی دەستی داپیرە ماچ بکە... ئەمە داپیرەتە.**

**مارا/ *(زیاتر دەپەشۆکێ)* ئەمە بیبیکە؟ ئێستا چ بکەین میلاراد گیان؟ تەگبیرمان چیە کوڕەکەم؟**

**میلاراد/ چۆن تەگبیرمان چیە؟ دەی نەوەکەت لە ئامێز بگرە...**

**مارا/ راست دەکەی.... ڕاست دەکەی... ئەم منداڵە گوناحی چیە *(منداڵەکە ماچ دەکاتو بە کلارا)* کەی قیتارەکە گەییە جێ؟**

**کلارا/ هەر نیوە سەعاتێك دەبێت.**

**مارا/ هەر هەردووکتانن؟ ئەدی مێردەکەت نەهاتە پێشوازیتان؟**

**کلارا/... نەخێر... چونکە من کاتی گەییشتنەکەم بە دروستی بۆ دیاری نەکردبوو *(مارا لە هەمێز دەگرێت)*. تۆ ژنێکی زۆر میهرەبانی دایکە... میلاراد بۆی باسکردووم کە تۆ میهرەبان ترین دایکی دنیایت...**

**مارا/ *(میلاراد لە باوەش دەگرێو دەستی بەسەرا دێنێ)* هەموو دایکان میهرەبانن... بەڵام کوڕەکەم برێك نازدارە.**

**کلارە/ نا.... ئەمم مەبەست نییە...**

**مارا/ ئەدی کێت مەبەستە؟**

**کلارا/ پێی گوتم ئەم مێردەکەمە.**

**مارا/ من تەنانەت دایکیشی ناناسم.**

کلارا/ *(بەسەرگەردانیو واق و ورمانەوە)* ئاخر چۆن... تکات لێدەکەم خانمەکەم... من مێردەکەم میلارادە...و میلارادی مێردی من ئەمە نییە.

ملارا/ خۆزگە یەکێکی تر بوایە... لەم میلارادە زیاترمان نیە.

کلارا/ چۆن. دکتۆر میلاراد تسفیوفتش؟

میلاراد/ منم من.

کلارا/ تکایە خانم ئەمەم بۆ روون بکەوە... تۆ بڵێی بە هەڵەدا چووبم؟

مارا/ چیت بۆ روون بکەمەوە؟ ئاه... کچە باشەکەم من هیچ شتێك نازانم، دەڵێی خەون دەبینم.

کلارا/ *(ئاماژە بۆ میلاراد دەکات)* ئەم بەڕێزە گوتی ئەو مێردەکەمە... ئاخر چۆن.

مارا/ *(بە میلاراد)* وات پێگوت؟ بابت تورە دەبیٚ *(بە کلارا)* ڕاستە مێردتە، بەڵام ئەمە لە هیچ شوێنیٚ باس مەکە.... نابیٚ کەس بەمە بزانیٚ.

کلارا/ ئاخ... خودایا! ئەمە چ ئابڕوچوونێکە، ئێوە گاڵتەم پێدەکەن... خودایا *(دەگری).*

مارا/ *(لێی نزیك دەبێتەوەو دڵی دەداتەوە)* مەگری گیانەکەم.... ئەم وەزعە بەردەوام نابیٚ، هەر چیمان لە دەست بیٚ دەیکەن بۆ ئەوەی دەستتان لە یەخەی یەکتر ببێتەوەو جیا ببنەوە.

کلارا/ *(سەر هەڵدەبڕیٚ)* جیا ببینەوە! بۆچی...؟

مارا/ چونکە تۆ ناتوانی وەکو ژنی ئەو لەگەڵیا بمێنیتەوە.

کلارا/ بۆچی؟

مارا/ بۆچی؟ بۆچی؟ منیش نازانم بۆچی... میلاراد گیانەکەم بۆی روون بکەوە.

میلاراد/ با بابم بۆی روون بکاتەوە *(بە کلارا)* باپیرە هەموو شتێکت بۆ روون دەکاتەوە. دایکە... خاکلارا ماندووی ڕێگەیە،و پێموایە بیبیکش برسیەتی.

مارا/ ئا... ئا... راستە، فەرموو وەرە ئێرە با چاوەڕوانی مێردەکەم بکەین.... فەرموو...

میلاراد/ فەرموو خانم، ئێرە ماڵی خۆتە *(ئاماژە بۆ دەرگاکەی دەستە چەپ دەکات)* دایکە گیان بە دڵتە *(مارا بە دەست ئاماژەی دەکاتیٚ کە بێدەنگ بیٚو لە دوای کلاراوە وەدەردەکەویٚو میلاراد هێدی هێدی لە دوایانەوە دەڕوات، و لە دڵی خۆیدا دەڵێت:* "کیٚ باوەڕی دەکرد کە من ژنێکم بەم هەموو جوانیە هەبیٚ؟"

## "8"

## (میلاراد، جیفوتا، بلاجویە)

جیفوتا/ *(هێشتا وەژوور نەکەوتووە، بەڵام بە دەنگی بەرز جنێو بە بلاجویە دەدات، دوای کەمێك. بێدەنگی وەژوور دەکەویٚ)* تۆ خەڵەتاندمت، دەستت بڕیم. لە جیاتی سەد کەس تەنیا بیست کەسێکت بۆ محازەرەکە دەعوەت کردبوو.

بلاجویە/ من گوناحم چیە، چۆن دەڵێی خەڵەتاندومیت،و بۆچی من...؟

جیفوتا/ دەزانی بۆچی تۆ... من پارەم دایتێ کە سەد بلیت بکڕیتو دابەشی بکەیت بەسەر خەڵکانی باوەڕ پێکراوی ئەوتۆدا کە لە کاتی محازەرەکەدا چەپڵە لێبدەن، ئەو چەپڵە لێدەرانە لە کوێ بوون؟ لە محازەرەکەدا هەر دە کەسێك چەپڵەیان لێدا. بەلای کەمەوە پارەی هەشتا بلیتت لێ دزیوم.

بلاجویە/ کاکی خۆم چەپڵە لێدان هەبوو بەڵام...

جیفوتا/ بەڵام چی... تەنیا چەند کەسێك، ئەویش تەنیا بۆ مجامەلە چەپڵەیان لێدا، بەڵام کاتێ کە میلاراد پەشۆکاو زمانی کەوتە تەتەڵە، هەر هەموو ئەو سەد کەسەی هێنا بوومن، لە قاقای پێکەنینیان دا، وەکو ئەوەی بۆیە بە خۆڕایی بلیتمان پێدابن تا پێبکەنن.

بلاجویە/ نا... وا نیە قوربان... تەنیا ئەوانە پێکەنین کە بە پارەی خۆیان بلیتیان کڕی بوو، نەشدەکرا پێکەنینیان لێ قەدەغە بکرێ، چونکە بە پارەی خۆیان پێدەکەنین.

جیفوتا/ بەچی پێدەکەنین؟

بلاجویە/ بەچی؟ چونکە....

جیفوتا/ چونکە هیچ نازانن،و لە هیچ ناگەن، فەلسەفە بەبێ وشەو زاراوەی نامۆو غەریب فەلسەفە نیە.

بلاجویە/ "گۆڕانکاریە ئەقڵیە ناوەندیو بایولۆجیە ناوەندییەکان" ئەمەندەم لە محازەرەکە بیرماوە... بەزاتی خوا من مانای ئەم وشەو زاراوانە نازانم. تۆ دەیزانی؟

جیفوتا/ نا.... نایزانم.

بلاجویە/ پیاو چۆن لەمە دەگات... کوڕم دەوێ تێی بگات....

جیفوتا/ ئەگەر هەموو کەس لەم جۆرە قسەیە تێ بگەییشتبا، فەلسەفە بوونی نەدەبوو، دەزانی فەلسەفە چیە؟ فەلسەفە ئەوەیە تۆ لە قسەی من نەگەیت،و من لە قسەی تۆ نەگەم... ئەوەی تۆ کردووتە... بە فەلسەفە دادەنرێ، من پارەم دایتێ کە سەد بلیت بکڕیت، کەچی تەنیا بیست دانەت کڕی بوو.

بلاجویە/ دە تەمەشا دیسان هاتەوە سەر باسی بلیتان...

## "9"

## ( جیفوتا، بلاجویە، مارا، بیبیك )

مارا/ *(دەگەڵ بیبیك دا وەژوور دەکەوێ)* جیفوتا....

جیفوتا/ *(بە حەپەساوی تەمەشای دەکات، دوای ئەوەی بیبیك دەبینێ، لە پڕ زمانی دەگیرێ)*

مارا... ئەمەیە..؟

مارا/ بەڵێ.

جیفوتا/ ئەمە بیبیکە؟

مارا/ بەڵێ.

جیفوتا/ *(بە میهرەبانییەوە)* بیبیك! بیبیك! خودایا! خودایا! *(دڵی گەرم دەبیٚ و دەست بە گریان دەکات... و فرمێسکەکانی دەسڕێت)*

مارا/ ئێستا بۆچی دەگریت...؟

جیفوتا/ خودایا...! نەوە ئازیزەکەم..!

بلاجویە/ ئەوە چیتە، کەی نەوەی تۆیە...؟

جیفوتا/ *(رادەچڵەکێ و سیمای دەگۆڕیٚ)* ڕاست دەکەی... نەوەی من نیە.... چ پەیوەندییەکی بە منەوە نیە. وا دیارە دڵم بە ڕادەیەك ناسك بووە، کە بۆ منداڵێکی بێگانە دەگریم.

بلاجویە/ من پیٚم وایە کە....

جیفوتا/ کە چی؟ ئەلهەقی بە ڕواڵەت نەوەی منە....

مارا/ منداڵێکی سەلارو بێدەنگە، بەردەوام بێدەنگە حەزی بە لاساریی نیە.

جیفوتا/ دیارە حەز بە لاساری ناکات، لە سویسرا لە دایك بووە، سویسرا وەکو لای ئێمە نیە. منداڵ لێرە، لە بێشکەوە تا گۆڕ هەر خەریکی لاسارییە. باشە بۆت گێڕاوەتەوە کە چ بەڵاو نسیبەتێکم لە سۆنگەی ئەوەوە بەسەر هاتووە؟

مارا/ بۆ کیٚ؟

جیفوتا/ بۆ بیبیك... بۆ کیٚ!...

مارا/ خودایا! ئەمە منداڵێکی بچووکە جیفوتا....

جیفوتا/ دەزانم منداڵە، بەڵام پێویستە هەموو شتێك بزانێت... پێویستە پیٚی بڵێین تا بزانیٚ... گویٚ بگرە بیبیك گیان.... گویٚ بگرە بزانە چیت پیٚ دەڵێم *(گەرم دەبێت و زۆر بە جدی قسە دەکات، وەکو ئەوەی منداڵەکە بەڕاستی گوێی لێبگریٚ و لێی تیٚ بگات)*. پێویستە هەرچیەکت پیٚ دەڵێم جوان تێی بگەیت و وەکو ئەڵقە لە گوێی بکەی، نەك لەم گوێیەتەوە بڕواتە ژووریٚ و لەوی ترەوە دەربچیٚ... ئیٚ، تۆ لە دایك بوویت، ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوە هەیەو کەس بۆی نیە خۆی لەمە هەڵقۆرتێنیٚ... بەڵام بۆت نیە خۆت لە کاروباری خەڵکی تر هەڵقورتێنی... لەوەتای لە دایك بوویت، بە جۆریٚ نەخشەو حیساباتەکانت لێتێکداوم و ئاڵۆزاندووتە کەس ناتوانیٚ ئەم گریٚ کوێرانەم بۆ بکاتەوە، مەگەر هەر خوا بە خۆی فریام بکەویٚ... جا من ئەم نموونەیەت بۆ دێنمەوە تا قسەکانمت لە لا روون و ئاشکرا بیٚ.... بۆ نموونە بڕوانە ورگت... چۆن سەیری دەکەی نیو کیلۆ پەنیر ناگرێت، بەڵام چوار سەدو هەفتا کیلۆمەتر هێڵی ئاسنی بەلقانی لە من قووت داوە، ئەمە جگە لە چوار پردو حەوت تونێل.... هەر بە خوت و خۆڕایی و لەو گۆڕە بیٚ ئەوەی ویژدانی بجولیٚ، دەزانی ئەمە مانای چیە، چی دەگەیەنیٚ...؟ باسی هێڵی ئاسنی بەلقانت بیستووە؟ هێڵێکی ئاسن بە بەلقاندا، یەکێکی دی بە ئەتڵەسیدا *( بە بلاجویە)* چیتر؟

بلاجویە/ هیچی تر....

جیفوتا/ ئەمەت دژی من کردووە.

بلاجویە/ (بە ئەڵمانی) ڤیرشتیست دو؟ (واتە تێدەگەی؟)

جیفوتا/ *(بە بلاجویە)* بۆ من (ڤیرشتیست دو) یان نا فەرق ناکات، تەنیا ئەوەندەم گەرەکە گوێ بگریو بزانیٰ چ دەڵێم *(بە بیبیك)* کوڕی خۆم من دەزانم تۆ گەورە دەبیت، با بڵێین مەکتەبو خوێندن تەواو ناکەیت، بۆ نموونە، بۆ نموونە.... دەبیت بە.... جا سبەینێ... دەست بە تەزویری کومپیالەو چەكو فاتورانو پسولەی حیسابات‌و ئەو جۆرە شتانە دەکەیت... جا کوڕی خۆم ئەمە کاتێ کە گەورە دەبی، کارێکی ئاساییە... بەڵام تۆ بەڕاستی بە تەزویرچێتی لە دایك بوویت... ئەمە باشە؟ پێم بڵێ بزانم ئەمە باشە؟ تۆ منداڵێکی ئاسایی نیت، بەڵکو تەزویرچیت... جا ئەگەر لە ئێستاوە لەم تەمەنەوە بە تەزویر دەستت پێ کردبێ، سبەی ڕۆژ چ دەردەچیت؟ جا ئازیزەکەم بۆیە لێت دەپرسم بۆچی ناوی منت هەڵبژاردووە کە کۆمپیالەکەتی پێ ئیمزا بکەی بیبیك... من ناتوانم ڕەحمەت پێدا بکەم، بمبورە، بەڵام ناتوانم ڕەحمت پێدا بکەم... میراتت دەوێ؟ دەبێ چاوەڕوان بکەی.... چاوەڕوانیەکی زۆر.

مارا/ خودایا... جیفوتا، تۆ بە جۆرێ قسە دەکەی وەکو ئەوەی منداڵەکە لێت بکات...

جیفوتا/ هەموو شتێکی پێدەڵێمو بەمە هەست بە ئاسوودەیی دەروون دەکەم.

مارا/ دەتوانی ئەمە بە بابی بڵێی.

جیفوتا/ تۆ پێم بڵێ... ئەم بیبیکە هەر خۆی هاتووە...

مارا/ دایکیشی لێرەیە.

جیفوتا/ کلارا....

مارا/ بەڵێ.

جیفوتا/ ئاوها... ئەدی چی گوت؟

مارا/ هیچی نەوتووە، بەڵام زۆر نیگەرانە،و لەوەتای گەییوەتە ئێرە لە یەکبینە دەگری... وا لە ژوورەوەیە، میلارادو سلاڤکا دڵخۆشی دەدەنەوە.

جیفوتا/ بە میلاراد بڵێ ئەوەندە بایەخی نەداتێ... تێگەییشتی؟ چونکە ژنی ئەو نیە.

مارا/ بەشی خۆی کەپلی هەیە.

جیفوتا/ دەزانم، بەڵام پێی بڵێ خۆی لە بیر نەکا... ئەدی فیلیمیر لێرەیە؟

مارا/ نا.... ناردوومە کە خەبەری بدەمێ... جیفوتا کلارا دەیەوێ دەستت ماچ بکات.

جیفوتا/ بۆچی دەستم ماچ بکات...؟

مارا/ کەیفی خۆتە، بەڵام پێموایە هەق نیە ئەم داوایەی ڕەفز بکەی. چ دەڵێی؟ گازی بکەم...؟

جیفوتا/ هۆه...! نازانم... تۆ چ دەڵێی بلاجویە؟

بلاجویە/ یانی.... دەتوانی بە ساردییەکەوە دەستی بدەیتێ، دەنا وەکو چۆن کاتێ بیبیکت بینیو دەستت بە گریان کرد، هەمان شتت بەسەر دێت.

جیفوتا/ لە خەفەتا گریام... مارا تۆ بڕۆ پاشان منیش دێم، هەندێ ئیشم هەیە دەبێ لەگەڵ بلاجویەدا بیبڕمەوە.

مارا/ زۆر باشە *( بە بیبیك)* دەی بی.... خودا لێم نەگری، ناوەکەیم بۆ نایەت... دەی کوڕەکەم *(دەگەڵ بیبیك دا وەدەردەکەوێ).*

"10"

**( جیفوتا، بلاجویە )**

**جیفوتا/ ئەیّ بلاجویە! نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم.. دەبێ قەراری خۆمان بدەین کە چی بکەین، دەی قسە بکە... تۆ لەسەر کورسی پرۆفیسۆر دانیشتوویت، بۆیە پرۆفیسۆراوی بوویت، دەیسا بڕێ ئامۆژگاری پرۆفیسۆرانەم بکە.**

**بلاجویە/ جیفوتا گیان، تۆ باش بیربکەوە، چەند سەر بێنی و سەر ببەیت، هیچ مەفەڕو چارێکی دیکە نییە... دەچین بەسەریا و بە خیانەتەوە دەیگرین و پاش ئەوە داوانامەی تەلاقی لەسەر تۆمار دەکەین.**

**جیفوتا/ باشە ناکرێ، بەبێ ئەم خیانەتە داوانامەی تەلاقی لەسەر بەرز بکرێتەوە.**

**بلاجویە/ دەکرێ... هەڵبەتە دەکرێ... دەکرێ بە مەرجێ هۆیەکەی دیاری بکرێ.**

**جیفوتا/ دیسان هاتیتەوە سەر بۆچوونەکەی خۆت... دە جارێك واز لەمە بێنەو ئەگەر راست دەکەی و شتێك دەزانێت، شتێکی تازە بڵێ.**

**بلاجویە/ شتی تازەی چی... بۆ نموونە نەگونجانی تەبیعەت و مجێزیان.**

**جیفوتا/ چ تەبیعەت و مجێزێك دەگەڵ میلارادا دەگونجێ؟**

**بلاجویە/ منیش وا دەڵێم، خیانەت باشترین چارەسەرە.**

**جیفوتا/ باشە چۆن ئەمە رێك بخەین؟**

**بلاجویە/ بەو شێوەیەی کە پێمگوتیت... ئەم ژنەو فیلیمیر یەکتر دەبینن، هەڵبەتە دوای دابڕانێکی پتر لە ساڵێك، وەکو ژن و مێردێکی گەنج ئالکاوی یەکتر دەبن...و لەم کاتەدا دوو شایەد دەچن بەسەریاناو بەو دەقەوە دەیانبینن و هەموو شتێك دەبڕێتەوە.**

**جیفوتا/ باشە، ئەم دوو شایەتە لە کوێ پەیدا بکەین؟ گوتت دوو شایەتت پەیدا کردووە.**

**بلاجویە/ *(دەڕوانێتە سەعاتەکەی)* پێمگوتوون سەعات یازدەی رێك لێرە ئامادە بن، چاوەڕوان بکە هاکا پەیدا بوون *(لەزەنگ دەدا)*.**

"11"

**( جیفوتا، بلاجویە، ماریتسا، سویکا، سیما )**

**ماریتسا/ *(وەژوور دەکەوێ):* کەرەمکە ئەزبەنی**

**بلاجویە/ ئەو ژن و پیاوە هاتوون؟**

**ماریتسا/ بەڵێ... ئێستا گەییشتنە جێ.**

**بلاجویە/ خۆیانن... بیانهێنە ژوورەوە.**

***(ماریتسا، سویکاو مێردەکەی سیما دێنێتە ژووری و خۆی وەدەردەکەوێ).***

"12"

**( جیفوتـا، بلاجویه، سویکا، سیما )**

**بلاجویه/ *(به جیفوتایان دەناسێنێ)* ئەمە خاتوو سویکاو مێردەکەیەتی .**

**جیفوتا/ خۆشحاڵم بە ناسینتان.**

**سویکا/ ئاغای بلاجویە بۆ ئێرەی بانگ کردین.**

**جیفوتا/ بەڵێ... ئەو هەڵی بژاردن... بیستوومە کە گوایە لەم جۆرە کاروبارانەدا ئەزموونێکی زۆرتان هەیە.**

**سویکا/ راستە، ئێمە دەخزمەتودایـن... ئێمە، منو ئاغای سیما دەمێ ساڵە ئەم کارە دەکەین.**

**جیفوتا/ ئەم ئاغای سیمایە دەکاتە کێ؟**

**سویکا/ مێردی منە.**

**جیفوتا/ ئەدی بۆچی دەڵێی ئاغای سیما؟**

**سویکا/ نازانم چۆنت بۆ باس بکەم کە مێردمە،و مێردم نییە، هەرچەندە لە یەك ماڵدا دەژین، بەڵام پێنج ساڵە لێکدی جیا بووینەتەوە.**

**جیفوتا/ باشە بۆچی لێکدی جیا بوونەتەوە...؟**

**سویکا/ پیشەکەمان وا دەخوازێ، ئەگەر وا نەبێ قازانجو کاریگەریی پیشەکەمان کەمتر دەبێت، ئەگەر خەڵکی وەکو ژنو مێرد پێکەوەمان بدینن، هەنگێ دەڵێن لە بەینی خۆماندا رێك کەوتووین، سیناریۆی بەینی خۆمانە، بەڵام ئەگەر جیا بین هەنگی دەبین بە دوو شایەدی جیاواز ئەو بۆ خۆی ئاغای سیما یاتشینشش-ەو من سویکا بروتش-م... بۆیە هەمیشە من بە ئەو دەڵێم ئاغای سیما،و ئەویش بە من دەڵێت خات سویکا.**

**جیفوتا/ یانی بەم قسانەدا پیشەکەتان شایەتی دانە؟**

**سویکا/ بەڵێ، بەڵام تەنیا لەکێشەی تەڵاقو جیا بوونەوەدا.**

**جیفوتا/ باشە ئەم جۆرە کێشانە زۆرن؟**

**سویکا/ هەر لە ژمارە نایەن، مۆدی ئەم رۆژگارەی ئەمڕۆ بریتیە لە *سیاسەتو تۆپانێو تەڵاق،* کۆمەڵگەی هاوچەرخمان تەنیا بەو شتانەوە سەرقاڵە، ئەمڕۆ دوو کەس زەماوەند دەکەنو مانگێ دوو مانگ پێکەوە دەژینو ئارەزووەکانیان بە یەك دادەمرکێننەوە، ئەوسا نۆرەی تەڵاقو جیا بوونەوە دێت... ئایا تەڵاق بەبێ شایەت دەبێت؟.**

**جیفوتا/ باشە دەسکەوتی ئەم کارە زۆرە؟**

**سویکا/ لە خودا بەزیاد بێ... دەسکەوتەکەی زۆرە سوپاس بۆ خوا... کەمیو زۆری دەسکەوتەکە وەستاوەتەوە سەر تەبیعەتی کێشەکە... بۆ هەر جۆرە شایەتیەك نرخێکمان هەیە، بۆ نموونە ئەگەر شایەتیەکەمان ئەوە بێ بڵێین ئەمەو ئەوەمان بیستووە نرخەکەی جیایە لەوەی بڵێین ئەمەو ئەوەمان دیتووە، یان بڵێین گرتوومانن...**

**جیفوتا/ بەمەو بەوەوە گرتوومانن...**

**سویکا/ نا... نەك بەمەو بەوەوە... بەڵکو بەم حاڵەتو بەو شێوەیە.**

جیفوتا/ بەم حاڵەت و بەو شێوەیە؟!

سویکا/ ئەرێ....

جیفوتا/ پێم وایە نرخی ئەم شایەتیە لە هەموو ئەوانی دی گرانترە....

سویکا/ نا.... گرانترین شایەتیمان، شایەتی درۆیە...

جیفوتا/ ئەم کارەش دەکەن؟.

سویکا/ ئەگەر پێویست بکات.

جیفوتا/ بەڵام ئەمە تاوانە.

سویکا/ ئەمە لە دۆزو کاروبارانی دیدا تاوانە، بەڵام لە مەسەلەی تەڵاق و تەڵاقکاریدا تاوان نیە، تۆ کە لە مەسەلەی تەڵاقدا شایەتی درۆ دەدەیت بەرانبەر بە لایەنێکی مەسەلەکە تاوان دەکەیت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەرانبەر بەلایەنەکەی تر چاکەو خێر دەکەیت، یانی تۆ بەم کارە یارمەتی هەردوو لایەن دەدەی کە لە یەکتر رزگاربن.

جیفوتا/ بە ڕاستی ئەمەیە کار بلاجویە!

سویکا/ خۆ هەندێجار ئەگەر کەسێکی دەوڵەمەندو پارەدار کاری پێمان بکەوێ و بێتە لامان، موجیزات وپەڕجوو ئەنجام دەدەین.

جیفوتا/ موجیزاتی وەکو چی؟

سویکا/ بۆ نموونە.... بەدگۆیی و زمان لێدان، بوختان کردن و پیلانگێڕان. لەوەیە بۆ نموونە پیاوێك پێویستی بەوە بێ کە ژنەکەی تەڵاق بدات و هیچ بیانوویەکی بە دەستەوە نیە، دێت بۆ لای ئێمە تا پیلانێکی لە بارتەقای پێنج سەد یان هەزار دینار دا بۆ رێك بخەین.

جیفوتا/ من پێموا بوو بوختان و پیلانان بە خۆڕایی رێك دەخرێن...

سویکا/ ئەوەی کە بە خۆڕاییە، لە چپەو فسکە فسك تێناپەڕێ، بەڵام تەڵاق دەبێ بە دەنگی بەرزو ئاشکرا بێت،و ئەم جۆرە بوختان و پیلانانە بەکرێ و پارەیە.

جیفوتا/ وا دیارە ئێوە لە کارەکەی خۆتاندا زۆر مەعلانن... ئێستا چۆن ئیشەکەی من رێك دەخەن؟

سویکا/ هەر چۆنێکت گەرەکە... بە دڵی خۆت، ئێمە لە خزمەتت داین.

جیفوتا/ بلاجویە، نەخشەکەی خۆتی بۆ شەرح بکە...

بلاجویە/ مەسەلەکە بە کورتی بریتییە لە: گریمان ژنی کوڕەکەی ئاغای جیفوتا خیانەت لەشووەکەی دەکات.

سویکا/ تەنیا یەك پرسیارم هەیە.... حەز لە رابواردن دەکات...؟

بلاجویە/ کێ دەزانێ؟ ئیدی ئافرەتە...

سویکا/ خودا، جۆرە ڕابواردن دۆستیەکی بە ئافرەت بەخشیوە... تۆ پێم بڵێ... هاتۆچۆی هیچ شوێنێ دەکات؟ دەستەخوشك و ئەو شتانەی هەیە...؟

بلاجویە/ ماوەیەکی زۆر کەمە هاتووەتە ئێرەو تا ئێستا لە ماڵ نەچووەتە دەرێ، بەڵام لەوەیە لە ئان و ساتا گەنجێك بێ بۆ لای.... هەرکە ئەم گەنجە دەربکەوێ، ژنەی تاین خۆی داوێتە باوەشی.

سويكا/ باشه تۆ لەمە دڵنیایت...؟
بلاجويە/ بێگومان، هەردووكیان ئالكاوی یەكتر دەبن... ئیدی دوو شایەد بەم حاڵەوە دەیانبینیٚ و تەواو.
سويكا/ وا وێنا دەكەم ئەمە جێی گومانە... بەڵام ئێمە ئامادەین، ئەگەر هیچ شتێكیش نەدینین، شایەتی بدەین.
جیفوتا/ نا... من گەرەكمە بیاندینن.
سويكا/ دەزانم تۆ ئەوەت گەرەكە.... بەڵام پێمواية واقیع شتێكەو ویستن شتێكی ترە، ئاخر چۆن ئەم دووانە بە بەرچاوی ئێمەوە یەكتر ماچ دەكەن و ئالكاوی یەكدی دەبن.
جیفوتا/ لەوە زیاتر هیچ چارێكی تریان نییە... بێگومان یەكتر ڕادەمووسن.
بلاجويە/ پێمواية باشتر وایە لەم ژوورەدا خۆتان مەڵاس بدەن، و هەر كە ئەوان ئالكاوی یەكدی بوون، ئێوە یەكسەر بێنە دەریٚ.
سويكا/ *(بە نەبە دڵی):* خراپ نییە.... باشە بەڵام چۆن بزانین كەنگیٚ لە ژوورەكە وەدەربكەوین.
جیفوتا/ لە كونی دەرگاكەوە چاودێری هەڵوێستەكە بكەن.
سويكا/ نا.... باشتر وایە ئەگەر یەكێك ئاماژەمان بۆ بكات.
جیفوتا/ باشە... بلاجويە ئاماژەتان بۆ دەكات.
بلاجويە/ ئاماژەكە چ بێت؟
سويكا/ زۆر ئاسانە... دەتوانی شتێك بە ئاردیدا بدەیت *(تەمەشای دەوروبەری خۆی دەكات)* هانیٚ.... دەتوانی ئەم كەشفەیە بدەیت بە ئاردیدا *(كەشفەكە لەسەر مێزەكە هەڵدەگرێت و بە عاردیدا دەدات)* و هەنگی دەنگەكەی بە باشی دەبیستریٚ....
جیفوتا/ تۆ چ دەڵێی بلاجويە؟
بلاجويە/ زۆر باشە....
جیفوتا/ ئەدی دەوری ئاغای سیما چ دەبیٚ؟
سیما/ ببوورە، كە دەگەڵ بێگانانداا دەبین، تەنیا ژنەكەم قسان دەكات.
سويكا/ دەبیٚ قسەی لیٚ قەدەغە بكەم، چونكە زۆر فرەوێژە،وكارەكە تێكدەدات، كاتیٚ كە بۆ شایەتی دان بۆ دادگا دەڕۆین، هەموو ئەو شتانەی بۆ دەنووسمەوە كە پێویستە لەوێندەر بیانڵیٚ، بۆ دادگای نابەم تا هەر هەمووی ئەزبەر نەكات.
جیفوتا/ باشە... باوا بیٚ، بەڵام پێویستە پەلە بكەن، چونكە پەیدا بوونی ئەو گەنجە لە ئان و ساتدایە.
بلاجويە/ بێزەحمەت بڕۆن بۆ ئەم ژوورە. *(بۆ ژوورێكی ئالی ڕاستیان دەبات و لەوێندەر بەجێیان دەهێڵیٚ و یەكسەر دەزڤڕێتەوە).*

جیفوتا/ تەحا کە ژنێکی فرەوێژە!
بلاجویە/ ئەدی چۆن، ئەمە پیشەیەتی....
جیفوتا/ باشە لە بارتەقای ئەمەدا چەندی دەوێ.
بلاجویە/ بەگوێرەی لیستی نرخەکان، کرێی خۆی وەردەگرێ، لیستی تایبەتی هەیە.
جیفوتا/ هەرکە لەم کارە بووینەوە، یەکسەر بۆ لای پارێزەر دەڕۆم بۆ ئەوەی دەعوایەکم بۆ بەرز بکاتەوە.
بلاجویە/ باشە میلاراد دەعواکە ئیمزا دەکات؟
جیفوتا/ بە گوێرەی لیستی نرخەکان ئیمزای دەکات.... لیستی تایبەتی نرخی لەلایە... دە هەزار دیناری لە بری یەك محازەرە وەرگرت.... جا با بزانین لە بری ئیمزا کردنی ئەم دەعوای تەڵاقە چەند وەردەگرێت.

"14"

## ( جیفوتا، بلاجویە، مارا، خات دراجا )

مارا/ *(دێتە بەر دەرگا)* تۆ بۆ لای ئەو دەچیت، یان ئەو بۆ ئێرە بێت جیفوتا.
جیفوتا/ وا هاتم.... هەر ئێستا *(مارا دیار نامێنێ، جیفوتا ئامادە دەبێت بۆ چوونە دەرەوە، بەڵام دەوەستێ و روو دەکاتە بلاجویە)* ئاگات لە ئاماژەی کەشەفەکە بێ *(وەدەردەکەوێ)*.
*(بلاجویە دەچێتە نزیکی کەشەفەکەو بە جۆرێکی دادەنێ کە لەبەر دەستیدا بێ)*.
دراجا/ *(وەژوور دەکەوێ)* رۆژ باش.
بلاجویە/ ئا.... رۆژ باش خزمی ئازیزم.
دراجا/ باش بوو دۆزیمیتەوە، دەمەوێ بە تەنیا چەند پرسیارێکت لێبکەم.
بلاجویە/ پرسیاری چی؟
دراجا/ باشە ئەم دکتۆرە گەنجە چی لێقەوما؟ لە کاتی محازەرەکەدا زۆر خراپ زمانی تێك ئاڵا.
بلاجویە/ ناتوانم بڵێم زمانی تێك ئاڵا، بەڵام....
دراجا/ بەڵام چی؟ جەماوەرەکە خەریك بوون لە پێکەنینا دەبورانەوە.
بلاجویە/ ئا.... مەبەستت جەماوەرە؟ ئێ جەماوەر جەماوەرەو هەموو ئامانجێکی پێکەنینە نەك گریان، دەیسا من پەیوەندی نزیکم دەگەڵ کۆمەڵێك زاناو پرۆفیسۆردا هەیە،و هەر هەموویان دەڵێن محازەرەکە لە ئاستی زانستی زۆر بەرزا بوو، و سەریان لەو دیقەتە زانستی و ئەکادیمیە سوڕماوە کە محازەرەکەی پێ ئامادەکراوە.
دراجا/ من نامەوێ نەهەقی دەربارەی زانست بکەم، بەڵام محازەرەکە چ زانستێکی تیابوو خزم؟ زمانی کەوتە تەتەڵەو پاشان لە خەتی خوێندنەوەکە دەرچوو و ئەوجا وەستا، دوای ئەوە خوابەختەکی و کوێرانە کەوتە خوێندنەوە.
بلاجویە/ خەتا خەتای ئەو نیە، بەڵکو خەتای ئێمەیە،
دراجا/ بۆچی خەتای ئێمەیە.

بلاجویە/ بە تایبەتی خەتای تۆیە. بۆچی پێت گوت کە کیژی وەزیری هێڵی ئاسن ئامادەی محازەرەکە دەبێت!؟ هەڵبەتە من پێشوەختە وەڵامەکەت دەزانم، دەڵێی چونکە محازەرەکە گشتییەو دەشێت کیژی هەموو وەزیرەکان ئامادەی بن. ئەمە راستە، بەڵام خانمی ژنە وەزیرو کیژەکەی یەکسەر لە ریزی پێشەوە دانیشتن‌و بە درێژایی کاتەکە هەر چاویان لەسەر ئەو بوو.... ئەم گەنجە زۆر بە باشی‌و بە جوانی قسەی دەکرد تا نیگایان لە یەکتر هەڵەنگوت‌و لە پڕ هەستی بە شتێکی غەریب کرد.... نازانم ناوی چی لێبنەم، بەڵام هەستێکی غەریبە.

دراجا/ ئەمە هەر قسەی رووتە.

بلاجویە/ نا... هەستی بەشتێك کرد، لێدانی دڵی خێرا بوو و دنیای لەبەر چاو تاریك بوو.

دراجا/ باشە بە دڵی بوو؟

بلاجویە/ زۆر زۆری بەدڵ بوو... کاتێ کە بینی، هەموو شتێکی لە بیر چووەوە،و ئەمە بووە مایەی تەتەڵەکردنی زمانی‌و دنیای لەبەر چاو تاریك بوو.... ئیدی وشەکان لەبەر چاویا وەکو کیژانی رۆژانی جەژن‌و ئاهەنگ کەوتنە سەماو جیمی لێ بوو بە غەین،و سینی لێ بوو بە تاء ،و رائی لێ بوو بە سادو .... جا لە حاڵەتی وا نەك ئەو بەڕێوەبەری زانکۆش دەپەشۆکێ‌و زمانی دەکەوێتە تەتەڵە.....

دراجا/ لەوەیە وابێ... دەشێت، بەڵام لەوە خراپتر هەیە....

بلاجویە/ چییە؟

دراجا/ بەڵام تکایە ڕاستگۆبە دەگەڵما، با عەیبەمان نەیەتە سەر....

بلاجویە/ لە رووی راستگۆییەوە خەمت نەبێ.... چی روویداوە؟

دراجا/ مقۆ مقۆ لە نێو خەڵکی دا بڵاوبووەتەوە، بە خۆت دەزانی فسکە فسك‌و مقۆمقۆی خەڵکی دەکاتەچی.

بلاجویە/ فسکە فسك‌و مقۆ مقۆیان دەربارەی چیە؟.

دراجا/ دەڵێن گوایە دکتۆر تسفیوفتش ژنی هەیە....

بلاجویە/ یانی باسی ئەوە دەکەن؟ ئەمە تەنیا زادەی خەیاڵەو هیچی تر.

دراجا/ من پێت دەڵێم ئەوە دەنگۆی خەڵکییە.

بلاجویە/ ئەگەر ئەمە راست بوایە نەیان دەشاردەوەو بە ئاشکرا باسیان دەکرد. ڤیان‌و خۆشەویستی ناشاردرێتەوە چ جای زەوجین‌و ژنهێنان.

دراجا/ ئەدی ئەم دەنگۆو فسکە فسکە لە کوێوە هاتووە؟

بلاجویە/ ئەمە تەنیا پیلانەو هیچی تر... بیستوویانە کە کیژی وەزیر لە تەمەندایە، بۆیە دەیانەوێ کۆسپی بخەنە رێ.

دراجا/ ئاه... بلاجویە... ئەگەر ئەم شتە راست بێ، هەر بەوە لێم خۆش نابن کە لە ماڵی وەزیر وەدەرم بنەن، بەڵکو دە زیندانیشم دەپەستن.

بلاجویە/ خەمت نەبێ... تۆ باوەڕ دەکەیت کە ئێمە بۆ پیاوێکی ژندار لە ژن بگەڕێین.

دراجا/ باشە بەڕای تۆ ئەمە پیلان‌و ئۆینی کێیە؟

بلاجویە/ خەڵکی بەدخواو دووزمان زۆرە... کوڕەکە گەنجێکی قۆزە، کەسێکی بە تەربێتو باشە، ئەمە جگە لەوەی کە زانایەکی گەورەیەو دکتۆرانامەیەکی لە چوار چێوەیەکی جواندا هەیەو ئایندەیەکی گەش چاوەڕوانیەتی. هەروەها کوڕی پیاوێکی ملیونێرە، قابیلە لە کچە وەزیر کەمتر بێنێ. تۆ بە خۆت دەزانی چۆن خوازبێنیکەران لە هەمووو لایەکەوە بەسەر جیفوتادا دادەبارێن...و ئەویش خۆی لێیان دەدزێتەوە، بەڵام خوازبێنیکەران لێی نابنەوەو زۆری لێدەکەن... دوو رۆژ لەمەوبەر خاتوو فیدا هاتبوو... لەوانەیە بیناسیت؟

دراجا/ نا... نایناسم.

بلاجویە/ منیش نایناسم... بە هەرحاڵ ئەم خاتوو فیدایە هاتبوو، بووکێکی بۆ هەڵدا بوو، کە بەشە میراتێکی یەجگار مۆڵی پێدەبڕێت... نە خانوویەك.. نە دووان... نە سیان... نە رەزێك، نە دووان... نە سیان... سەروەتو سامان ئەوا هەر باسی مەکە. هەر هەمووی لە بانقێکی عەقاریدا دانراوە... بە جۆرێ زۆری بۆ جیفوتا هێنا کە هیچ چارێکی نەما... پێی گوت: "ئەو بووکەی تۆ بۆ کوڕەکەی منی هەڵدەدەیت زۆر باشە، زۆر لە بارە، بەڵام وەعدو بەڵێنی تری داوە".

دراجا/ وەعدو بەڵێنی چی؟

بلاجویە/ مەبەستی ئەو تەکلیفەیە کە لە تۆی کردووە... ئیدی پێی گوت... یان کچی وەزیری هێڵی ئاسن یان نا... تەنانەت کچی وەزیری دارایی یان وەزیری ناوخۆش نابێ.

دراجا/ بێگومان... وەزیرەکانی دی کیلۆمەترانی هێڵی ئاسنیان نیە.

بلاجویە/ بەڵێ ئەمەی بە خاتوو فیدا گوت، گوتی وەعدو بەڵێنی تری داوە. ئیدی خاتوو فیدا ئەمەی بەوە لێکدابووەوە کە دەبێ کوڕەکەی ژنی هەبێ... ئیدی ئەم دەنگۆیە لەوەوە داکەوتووە.

دراجا/ تۆ سوێندی شەرەف دەخۆیت کە هەموو ئەم دەنگۆیانە درۆن؟

بلاجویە/ من ئامادەم، ئەگەر دەتەوێو حەزدەکەی دەست بە ئنجیلدا بدەم.

## "15"

### (بلاجویە، دراجا، فیلیمیر)

**فیلیمیر/** ***(وەژوور دەکەوێ):*** رۆژتان باش، ئەرێ ڕاستە کلارا هاتووە؟

**بلاجویە/** ڕاستە...

**فیلیمیر/** منالەکەش؟

**بلاجویە/** بەڵێ مندالەکەش.

**فیلیمیر/** ***(بەرەو دەرگای سەمتی چەپ دەڕوات)*** ئەدی لە کوێیە؟

**بلاجویە/** بە منی گوت هەر کە تۆ بۆ ئێرە هاتی، بانگی بکەم ***(دەڕوات بۆ ئەوەی بانگی بکات، بەڵام بە شەرمەوە دەوەستێو بە دراجا دەڵێت):*** دەڕۆیت؟

**دراجا/** چۆن دەڕۆم تا ئاغای جیفوتا نەبینمو قسەی دەگەڵ نەکەم...؟

**بلاجویە/** بۆچی تۆ قسەی دەگەڵ دەکەی؟ من هەموو شتێکی پێ دەڵێم.

**دراجا/** بەڵام ڕەنگە قسەی تۆ لەگەڵ هی من جیا بێ.

بلاجويه/ ناڵێم وا نيه، بەڵام....

فيليمير/ *(بە تاسەوە):* تكات لێدەكەم ئاغای بلاجويه.

بلاجويه/ *(رادەچڵەكێ)*... ئاه... باشه *(وەدەردەكەوێ)*

"16"

**( بلاجويه، دراجا، فيليمير، كلارا )**

دراجا/ تۆ زۆر بێ سەبری قوربان.

فيليمير/ هەڵبەتە بێ سەبرم... كابرا خۆی لە بيركرد (لەم ساتەدا، بلاجويە و كلارا دەبينێ كە دێنە ژوورەوە)... كلارا!

كلارا/ ميلاراد! *(بەرەو پيری يەكدەچن‌و باوەش بە يەكتردا دەكەن. بلاجويە بە پەلە خۆی دەگەيەنێتە مێزەكە، كەشەفەكەی لەسەر هەڵدەگرێ‌و فڕێی دەداتە سەر عاردی).*

"17"

**( بلاجويه، دراجا، فيليمير، كلارا، سويكا، سيما )**

سويكا/ *(بە پرتاو لە حەشارگەكەی دێتە دەرێ‌و مێردەكەی بە دوايا)* ها.. ها.. ها.

سيما/ نا.. نا... نا.. نا..

سويكا/ دەكرێ بە رۆژی نيوەڕۆ وبەو زەقييە ژنی كابرايەكی دی ماچ بكەی؟

سيما/ چ حەيا چوونێكە!

فيليمير/ *(كە ئەوان دەبينێ پاشەكشە دەكات)* ئێوە كێن؟

سويكا/ پەلە مەكە، پێموايە كاتی ئەوەش دێ خۆمانت پێ بناسێنين.

فيليمير/ ئاغای بلاجويه، ئەمانە كێن؟

بلاجويه/ من نايانناسم.

فيليمير/ ئێوە كێن؟

سويكا/ ئێمە ئێستا ديتمان كە ژنی كابرايەكی ديت ماچ كرد... وا بزانم *(رووی دەم دەكاتە خاتوو دراجا)* تۆش ديتت خانمەكەم.

دراجا/ بەڵێ ديتم، ئەدی چۆن نايبينم؟

سويكا/ *(بە بلاجويه)* هەروەها تۆش ديتت ئاغا؟

بلاجويه/ ئەرێ ديتم، ناتوانم بڵێم نەمديت.

سويكا/ چوار شايەت بەسە... بەڵكو زۆريشە.

فيليمير/ *(بە هەڵچوونەوە)* تۆ زۆر بێ شەرمی خانم.

سويكا/ جوێنشم پێدەدەيت.. ئاغای سيما ئەمەش تۆمار بكە.

فیلیمیر/ ***(زیاتر تووڕە دەبێ)*** تۆماری بکە... بەڵام ئێوەش لە ماڵی خەڵکیدا رەفتاری ناشیرین دەکەن... رێم بدە جەنابی بلاجویە با توڕیان بدەمە سەر جادەکە.

سویکا/ ها....!

سیما/ ها....!

بلاجویە/ ***(بە شەرمەوە)*** من خاوەن ماڵ نیم.

فیلیمیر/ ***(بەرەو دەرگا دەڕوات و بە دەنگی بەرز بانگ دەکات):*** ئاغای جیفوتا... ئاغای جیفوتا....

"18"

**(بلاجویە، دراجا، فیلیمیر، کلارا، سویکا، سیما، جیفوتا، سلاڤکا، مارا، میلاراد، بیبیك)**

***(جیفوتا، سلاڤکا، مارا، میلاراد و بیبیك بە کۆمەڵ وەژوور دەکەون)***

هەموویان / ئەرێ ئەوە چ قەوماوە بۆ خاتری خوا؟ چی روویداوە...؟

جیفوتا/ ئەوە کێیە بانگ دەکات...؟

سویکا/ ئەم ئاغایە گەرەکیە توڕمان بداتە سەر جادە...

فیلیمیر/ ***(هەرکە بیبیك دەبینێ یەکسەر بەسەریا دادەنەوێتەوەو لە باوەشی دەکات)***: بیبیك، گیانەکەم! ***(کلارا لە سلاڤکا نزیك دەبێتەوەو باسی شتێکی لەگەڵ دەکات).***

جیفوتا/ چۆن توڕتان دەداتە سەر جادەکە؟! چۆن؟!

سویکا/ ئێمە هاتین بۆ ئێرە تا باسی فرۆتنی خانووەکەت دەگەڵدا بکەین، ئەو خانووەی سەر شەقامی بوانکاریە، بە خۆت، چونکە تۆزێ مژول بووی، داوات لێکردین لەم ژوورەدا چاوەڕوانت بکەین، و لە کونی دەرگاکەوە تەمەشامان کرد تا بزانین هاتوویتەوە یان نا، کەچی لە پڕێکاو بێ ویستی خۆمان بووین بە شایەتی ئابڕوچوونێکی بێ وێنە ***(ئاماژە بۆ کلارا دەکات)*** ئا ئەمە بووکی تۆیە، ژنی کوڕەکەتە؟

جیفوتا/ ***(بە پەشۆکاوی):*** بەڵێ... دەتوانم بڵێم... بەڵێ.

دراجا/ ***(لەم کاتەدا لەپشتیانەوە دەوەستێ، بۆیە جیفوتا نایبینێ... سەری سوڕ دەمێنێ)***: ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ***(نزیك دەبێتەوە)***

سویکا/ ئێ... بووکەکەتمان بە باوەشی ئەم ئاغایەوە گرت.

جیفوتا/ ئاه... چ ئابڕووچوونێکە، ئەمە تاوانە، فجورە، ئەمە حەیاو شەرەفی ماڵەکەم دەبات،و ناوم لەکەدار دەکات، چ شەرمەزارییەکە! بووکی من، ژنی کوڕەکەم پیاوێکی بیانی ماچ بکات... تکاتان لێدەکەم شایەتیم بۆ بدەن.

سویکا/ ئاه... بە خۆشحاڵییەوە...

فیلیمیر/ ***(بە واقی وڕەوە روو دەکاتە ماراو ئەوانی دی)***... ئەمە چیە؟

دراجا/ ***(لە جیفوتا نزیك دەبێتەوە)*** منیش ئەم دیمەنەم بینی، دەتوانی منیش بە شایەت بگریت.

جیفوتا/ *(دوای ئەوەی دراجای بینی، بەپەشۆکاوی پاشەوپاش کشایەوە):* تۆ... چ دەکەیت لێرە؟

دراجا/ هاتم تا بەخۆم دڵنیا بم لەو دەنگۆیانە، چ ئابڕوو چوونێکە! کەواتە... کوڕەکەت بە ڕاستی خودان ژن‌و عیالە.

جیفوتا/ *(بە پەشۆکاوی)* نا... ژنی نەهێناوە.

دراجا/ باشە ئاغای بلاجویە... خۆ تۆ تۆزێ لەمە پێش خەریك بوو دەست بە ئنجیلدا بدەی.

بلاجویە/ ئەمەم نەدەزانی.

دراجا/ باشە ئاغای جیفوتا ئەم هەموو بەزمە چیە؟

جیفوتا/ هیچ نیە، پاشان بۆت دەردەکەوێ‌و دڵنیا دەبیت کە هیچ نیە.

دراجا/ بەڕاستی شەرمە...! یانی پێم ڕادەبوێری؟ زۆر چاکە... ئەم گاڵتە کردنە بە من‌و بە وەزیر هەروا سووك‌و ئاسان تێناپەڕێ.

جیفوتا/ تکات لێدەکەم... تکات لێدەکەم، بێزەحمەت هێور بەوە.. بلاجویە شتەکەی بۆ باس بکە

فیلیمیر/ من هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم خانمەکەم.

جیفوتا/ تۆ دەمت داخە... ئابڕووی ماڵەکەت بردم‌و زەوجینێکی پڕ بەختەوەریت وێران کردو دەتەوێ بۆی باس بکەیت...

مارا/ ڕاوەستە جیفوتا!

جیفوتا/ تۆ هەقت نەبێ...

دراجا/ دەبینم کوڕەکەت... مێردی خەڵەتاو، ئەم عەیب‌و عارەی بەلاوە گرینگ نیە، زۆر بەبێ موبالاتی تەمەشای دەکات.

میلاراد/ *(بە دەم پێکەنینەوە شان هەڵدەتەکێنێ)* جا من هەقم چیە... چ پەیوەندییەکی بە منەوە هەیە.

جیفوتا/ من هەقم هەیە، پەیوەندی بەمنەوە هەیە *(ڕووی دەم دەکاتە سویکا)* من، خانمەکەم پشت بە ئێوە، وەکو شایەت، دەبەستم *(بە دراجا):* ئەوا بۆت ساغ بووەوەو دڵنیا بوویت کە کوڕەکەم ژنی نەهێناوە.

سویکا/ چۆن.... ژنی نیە؟

جیفوتا/ نا.. ژندارە... سەرم لێ مەشێوێنە... بەلای تۆوە ژندارە،و بەلای ئەم خانمەوە ژندار نیە.

دراجا/ چۆن...؟! ئەمەم پێ سەیرە...

کلارا/ *(بە نائومێدی، سلاڤکا دەدوێنێ):* تکات لێدەکەم ئەم هەموو شتەم تێبگەیەنە....

سلاڤکا/ پەلە مەکە، خۆت شپرزە مەکە، بە خۆت دەیبینی...

دراجا/ باشە چی بە جەنابی وەزیر بڵێم...

فیلیمیر/ تکاتان لێدەکەم پێم بڵێن ئەمە چیە... چ شتێك لێرە ڕوودەدات...

سویکا/ منیش ....

جیفوتا/ ***(پەشۆکاوە، سەری لێ تێکچووە، نازانێ چۆن لەم داوە دەرباز ببێ):*** پێتان دەڵێم... هێواش.. هێواش.. لە هەموو لایەکەوە هێرشتان بۆ هێناوم... تکاتان لێدەکەم... بێدەنگ بن... بێدەنگ بن، با هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکەمەوە... شتەکە بە کورتی ***(بە بلاجویە)*** تۆ... بۆچی وا تەمەشام دەکەی، ناتوانی زار هەڵێنی و شتێك بڵێی؟.

بلاجویە/ چما هیچ دەزانم..؟

جیفوتا/ نازانی...! ئەگەر هیچ نازانی بۆچی دەتەوێ شتەکە باس بکەی؟ من بە خۆم هەموو شتێك ڕوون دەکەمەوە، بەڵام تۆ بێدەنگ بەو خۆت تێکەڵ مەکە... ئاه... دەمویست باسی چی بکەم... ***(بە سویکا):*** ئێوە بۆ مەسەلەی ئەو خانووەی شەقامی بونکاریە هاتبوون... ئەمە خانوویەکی زۆر چاك و جوانە، دالانێك و سێ ژوورە، موغەیری تێدایە، ژووری پێشخزمەتان و موبەق و دەست شۆرو هەموو پێویستییەکی ژیانی تیایە.

فیلیمیر/ واز لەمە بێنە... ئێمە شتێکی ترت لێدەپرسین...

جیفوتا/ چیم لێدەپرسیت؟ خستمتە ئەم زەلکاوەوەو هێشتاش پرسیارم لێدەکەی؟

دراجا/ هەروەها منیش شتێکی ترم لێپرسیت.

جیفوتا/ سەبارەت بە تۆ هەر ئێستا وەڵامت دەدەمەوە... کە چوویت بۆ لای جەنابی وەزیر تکایە سڵاوی منی پێ بگەیەنە، پێی بڵێ ئەوپەڕی ڕێزو حورمەتم بۆی هەیە...

دراجا/ کێ ئەمەی لێ پرسیوویت؟ پێم ناڵێی چ جوابێکی بدەمەوە؟

جیفوتا/ پێی بڵێ... پێی بڵێ... ئەرێ چی پێ بڵێ بلاجویە؟

"19"

## (هەمووان، خا بروتتش، خا سباسویفتش، دوو منداڵی کوڕ، دوو منداڵی کیژ، مامۆستایەکی ژن).

***(چوار منداڵ، دوو کوڕو دوو کچ وەژوور دەکەون و کچێکیان چەپکێ گوڵی هەڵگرتووە)***

جیفوتا/ ***(سەری لە نێو هەردوو دەستی دەنێت):*** ئاه.... داڵدەی منداڵی ژمارە نۆ...! هەر لەمەم کەم بوو...!

هەردووو خاتوون/ دەگەڵ منداڵەکانماندا هاتووین تا بە ناوی ئەنجوومەنی کارگێڕی و منداڵە هەتیوەکانەوە سوپاسی جەنابی دکتۆر تسفیوفیتش بکەین بۆ ئەو محازەرەیەی کە بۆ قازانجی داڵدەکە گوتیەوە.

جیفوتا/ سوپاس... سوپاس....

میلاراد/ ***(پڕ دەداتە بالیفێك، بەڵام سلاڤکا دەستی دەگرێت)*** دەستم بەردە با پیانا بکێشم.

سلاڤکا/ تکات لێدەکەم... توخوا.

مامۆستا/ ***(ئەو کچەی کە چەپکە گوڵەکەی پێیە بۆ پێشەوە دەڵەك دەدات):*** دەی... پێی بڵێ.

کچەکە/ ***(هەمان وەزعی نوێژکەرانی ناو کڵێسا وەردەگرێت و دەست بە وتاردان دەکات)***... ئەی خاوەن قەداسەت!

جیفوتا/ خاوەن قەداسەت...! بلاجویە... پێموایە تۆی مەبەستە.

میلاراد/ ***(بە سلاڤکا)*** واز بێنە با لێیان بدەم...

مامۆستا/ ببوورن... کچۆڵەکە پەشۆکا، ئەو گوتارە ئاراستەی ئەو گەورە رەبەنەیە کە داڵدەکەی پیرۆز کردین ***(بە کچۆڵەکە)*** ئەمە نا ئازیزەکەم... شیعرەکە... ***(منداڵە گوڵ بە دەستەکە دەست بە خوێندنەوەی شیعرێك دەكات).***

***ئەی جەنابی زانای گەورە***

***سوپاس و پێزانینی ئێمە***

***قەبووڵ بفەرموون***

***لە بری ئەو کارە خێرخوازییەی***

***کرتان دەرهەق بە ئێمە***

***بە ناوی داڵدەی ژمارە نۆوە***

***پێشکەشتان بێ ئەم چەپکە گوڵە***

مامۆستا/ ئەم شیعرە هۆنراوەی خا بروتتشە.

بروتتش/ بەڵێ... من دامناوە.

میلاراد/ شیعرێکی جوانە.

مامۆستا/ ***(منداڵەکە بۆ لای میلاراد دەنێرێ)*** چەپکە گوڵەکە پێشکەش بەم بەرێزە بکە.

دراجا/ باشتر وا نیە پێشکەش بەم خانمەی بکەی ***(ئاماژە بۆ کلارا دەکات)*** جەنابی دکتۆر ژنی هێناوە،و ئەمە ژنەکەیەتی.

هەردوو خاتوون/ چۆن ژنی هێناوە؟!

دراجا/ با ژنی هەیە... وا نیە ئاغای جیفوتا..؟

جیفوتا/ بۆچی ئیحراجم دەکەی.... ئەم مەسەلەیە شایەنی باسکردن نیە.

دراجا/ هەموو کەسێك دەڵێ ژنی هەیە ***(بە سویکا)*** وا نیە خانم؟

سویکا/ ئەرێ... ژنداره

سباسویفتش/ ئەمە چیە؟ نزیکەی سەد بلیتمان بەو بیانووە فرۆشتووە کە موحازیرەکە بێ ژنە، سەڵتە.

بروتتش/ باشە بۆچی پێت نەوتووین ئاغای تسیوفتش.

جیفوتا/ بۆچی خۆتان لەم کارانە هەڵدەقورتێنن؟ پەیوەندی داڵدەکەی ئێوە بەم کارانەوە چیە؟

میلاراد/ ***(بە سلاڤکا):*** وازم لێ بێنە. لێیان دەدەم ***(سلاڤکا دەیگرێت).***

هەردوو خاتوون/ ***(بە جیفوتا):*** ئێمە هەقمان نیە، خۆمان هەڵناقورتێنین، بەڵام باشتر وابوو ئەمەمان زانیبایە.

جیفوتا/ بێدەنگ بن خانمانی داڵدە... بە دەردی خۆمەوە وازم لێدینن. یان نا...؟

هەردووخاتوون/ ئاغا تۆ لە بیرت چوو کە ئێمە لە خانمانین؟

جیفوتا/ مادامێکی لە خانمانن، بێدەنگ بن ***(قژی خۆی رادەکێشێت)*** خودایا،ماڵەکە وەکو شێتخانەی لێهاتووە... بووە بە خەستەخانەی شێتان... بۆچی بەمجۆرە تەماشام دەکەن؟ دەی بمخۆن... دەی بمخۆن... مێشکم لەکار وەستاوە... سەرم دەسووڕێت... گێژ دەخوات.

"20"

**(هەمووان، رایسەر)**

رایسەر/ ***(ماریتسا دەیهێنێتە ژوورەوە)*** رۆژتان باش.

جیفوتا/ سەرچاو، رۆژباش لە تۆش.

رایسەر/ ***(لە بلانجویە نزیك دەکەوێتەوە)*** هاتووم قوربان پێت بڵێم.

جیفوتا/ *(بە رایسەر)* پێم بڵێ قوربان... بە تەمای تاکەی لە بەڵگرادا بسوڕێیتەوە؟ بۆچی بەرۆکمان بەرنادەیت و سەفەری ئەسینا ناکەی؟

رایسەر/ ***(زیزە)*** تکا دەکەم.

مارا/ ئەمە چیە جیفوتا؟

جیفوتا/ بیبیك.... ئەی بیبیکی بەدفەڕ، ئەی کلۆڵ... ئێستا بە چاوی خۆت بینیت چیت بەسەر ماڵەکەم هێناوە؟.دڵت رەحەت بوو؟!

***(پەردە دادەدرێتەوە).***

# فەسڵی چوارەم

**(شوێن هەمان ئەو ژوورەیە کە رووداوەکانی فەسڵی یەکەمی تێدا روو داوە)**

"1"

**(ماریتسا، فیلیمیر)**

*(مارتیسا لە دەرگای سەمتی چەپەوە وەژوور دەکەوێ، کەشەفەیەکی بە دەستەوەیە، پەرداخێکی شیراویو هەندێ قاپی تری لەسەرە)*

فیلیمیر/ *(لەم کاتەدا، لە دەرگای ناوەڕاستەوە وەژوور دەکەوێ):* ماریتسا.... تۆ لە سەرەوە دێی؟

ماریتسا/ بەڵێ... شیرم بە منداڵەکە دەدا.

فیلیمیر/ ژنەکەم لەوێیە؟

ماریتسا/ مەبەستت ژنەکەی میلارادە...

فیلیمیر/ فەرق ناکات... لەوێیە؟

ماریتسا/ بەڵێ لەوێیەو دەگەڵ خانم سلاڤکادایە... ببورە من تا ئێستا نازانم ئەم ئافرەتە ژنی کێیە؟!

فیلیمیر/ تکایە بە سلاڤکای خانمت بڵێ تا ئێرە بێت.

ماریتسا/ خانم سلاڤکا بە تەنیا؟

فیلیمیر/ بەڵێ بە تەنیا... پێی مەڵێ من بانگی دەکەم، بڵێ یەکێك گەرەکیەتی.

ماریتسا/ باشە *(کەشەفەکە لەسەر تەپڵەکێك دادەنێو بەرەو ژوورەکە دەچێت).*

## "2"

## ( ماریتسا، فیلیمیر، سلاڤکا )

مارتیسا/ *(دوای تۆزێك دەزڤڕێتەوەو کەشەفەکە دەبات)* هەر ئێستا دێت....

فیلیمیر/ سوپاس مارتیسا. *(ماریتسا وەدەردەکەوێ).*

سلاڤکا/ *(وەژوور دەکەوێ، سەری لە دیتنی ئەو سوڕ دەمێنێ)* ئا... ئەمە تۆی؟....

فیلیمیر/ تکایە لێم زیز مەبە، چونکە ناڕەحەتم کردیت.

سلاڤکا/ نا... نا... هەرگیز... ناتەوێ سەر بکەوی؟ کلاراو منداڵەکە لەوێندەرن.

فیلیمیر/ نا... بە پێچەوانەوە... من دەمەوێ بە تەنێ قسەت دەگەڵ بکەم.

سلاڤکا/ خۆتی لێدەدزیتەوە؟

فیلیمیر/ کلارا هەرکە پێی نایە ئەم ماڵە،و تووشی ئەم هەموو فەرتەنەو بەزمە بوو، ئیدی دووچاری شۆك بوو، تەواو لە حاڵی ترسدایە... نازانێ چ شتێك لێرە روویداوەو کەسیش ناتوانێ مەسەلەکەی تێبگەیەنێ.

سلاڤکا/ دەبوایە تۆ تێی بگەیەنی.

فیلیمیر/ ڕاست دەکەی... بەڵام نازانم... نازانم چۆنی تێبگەیەنم...؟، چونکە ئەمە تاوانبارکردنی خۆیشم دەگرێتەوە...

سلاڤکا/ جا چ قەیدیە، یانی جورئەتی ئەوەت نییە؟

فیلیمیر/ نا... تکات لێدەکەم بەڵکو یارمەتیم دەدەیت...

سلاڤکا/ چۆنت یارمەتی بدەم..؟

فیلیمیر/ هەموو شتێکی بۆ بگێڕەوە. هەموو شتێکی وەکو خۆی بۆ بگێڕەوە، هیچ بەزەییەکت بە مندا نەیەتەوە.
سلاڤکا/ ئەدی بۆچی خۆت ئەمە ناکەیت؟
فیلیمیر/ چونکە مرۆڤ کاتێ کە خۆی ئیدانە بکات هەست بە جۆرە سەر شۆڕییەك دەکات، بەڵام ئەگەر کەسێکی دی ئیدانەی بکات، شتەکە هەندێ سووکترە.
سلاڤکا/ باشە بەچی تاوانبارت بکەم...؟
فیلیمیر/ بە ئارەزووی خۆت، سڵ لە هیچ مەکەوە. قەت بەزەییت پێمدا نەیەتەوە.
سلاڤکا/ ئەدی ناترسیت کلارا دڵی لێت بڕەنجێ و ئومێدو متمانەی پێت نەمێنێ؟
فیلیمیر/ بێگومان دەڕەنجێ و دڵی سارد دەبێتەوەو هیچ ئومێدو متمانەیەکی بە من نامێنێ و ئیدی...
سلاڤکا/ بەڕاستی من ئەم ئیشەم لەبەر گرانە، بەڵام مادامێکی زەرورییە... چار چییە...؟ من بەزەییم بەم ژنە کڵۆڵ و داماوەدا دێتەوە.
فیلیمیر/ سوپاست دەکەم... حەزدەکەم لێرە بڕۆم تا ئەم ئیشە بە چاوی خۆم نەبینم.
سلاڤکا/ ڕاستە... بەڵام تکایە دوایی وەرەوە، ئەگینا لەسەرت دەبێ بە ماڵ کە خۆتی لێدەدزیتەوە..
فیلیمیر/ باشە... دوایی دێمەوە... دووبارە سوپاست دەکەم. *(وەدەر دەکەوێ).*
سلاڤکا/ *(بەرەو دەرگای دەستەچەپ دەڕوات و بانگ دەکات)* کلارا... خاتوو کلارا... بێزەحمەت تا ئێرە وەرە....
کلارا/ *(وەژوور دەکەوێ)* منت بانگ کرد..؟
سلاڤکا/ بەڵێ... دەمەوێ قسەت دەگەڵ بکەم... دایکەو بیبیك لەوێندەرن، بەڵام ئێرە چۆڵە، بە دوو قۆڵی دادەنیشین و قسان دەکەین.
کلارا/ *(باوەشی پێدا دەکات)* سەرم زۆر دێشێت... مێردەکەم لە کوێیە؟ لە دوێنێوە خۆیم لێدەدزێتەوە.
سلاڤکا/ نا.... دەیەوێ بتدینێ، بەڵام ئەویش کێشەی خۆی هەیە.
کلارا/ ئاخر ئەمە بۆ؟ تێناگەم ئەمە چییە؟
سلاڤکا/ گوێ لە من بگرە... بەخۆت لە هەموو شتێ دەگەی... *(ماوەیەك بێدەنگی)* میلاراد تسفیوفتش ناوی کەسێکە لەم ماڵەدا.... ناوی براکەی منە.... میلاراد گەنجێکی میهرەبان و دڵپاکە، بەڵام حەزی لە خوێندن نەدەکرد... باوکم لێبڕا کە کوڕەکەی خوێندنی باڵا تەواو بکات و شادەتنامەی دکتۆرا وەربگرێت.... میلاراد بە حەلا حەلا و زۆر بە زەحمەت قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بڕی... هەنگێ بابم کوڕە هەژارێکی بەهرەمەندی بە هەموو دیکومێنت و تەسکەرەو ڕەگەزنامەکانی براکەمەوە بۆ فریبورگ نارد تا لەوێندەر بخوێنێ و شادەتنامەی دکتۆرا بە ناوی میلارادی برامەوە وەربگریت... ئێستا حاڵی بوویت؟.

کلارا/ *(بە وردی گوێ دەگرێت و حەقیقەتی بۆ دەردەکەوێ و دەحەپەسێ و زمانی دەبەسترێ و زەق زەق دەڕوانێتە سلاڤکا... لە ئەنجامدا بە چپە دەڵێت):* بەڵام ئەمە دەکاتە....

سلاڤکا/ خۆت تێك مەدەو تا کۆتایی گوێم لێبگرە...

کلارا/ *(بە دەنگی بەرز هاوار دەکات):* ئەدی پاشان...؟ چی...؟ یانی مێردەکەم بە ناوی کەسێکی ترەوە خواستوومی...؟ من ژنی شەرعی ئەو نیم. ئەمە چیە...؟ یانی خەڵەتێنراوم *(بەسەر قەنەفەکەدا دادەڕوخێت و لە هۆرژنی گریان دەدات و پاشان سەربەرز دەکاتەوە).*

سلاڤکا/ تکات لێدەکەم خانم، هێور بەرەوە.

کلارا/ من قوربانیی فێڵێکی ریسوام..

سلاڤکا/ بەڵام ئەمە فێڵ و خەڵەتان نیە خانمەکەم...

کلارا/ دەشێت... بەڵام لای ئێوە... بەڵام لە وڵاتی ئێمەو لە هەموو دنیادا حەیاچوونە، ریسواییەو فێڵە... باشە ناوی ئەم بەڕێزە چیە؟

سلاڤکا/ ناوی فیلیمیرە.

کلارا/ ئەم ئاغای فیلیمیرە... کەڵەکبازە..

سلاڤکا/ ببورە، کەڵەکباز نیە...

کلارا/ چۆن کەڵەکباز نیە؟!

سلاڤکا/ *(بە مکوڕی)* نەخێر... کەڵەکباز نیە...

کلارا/ باشە لە زمانی ئێوە، کەسێك بە ناوی کەسێکی ترەوە ژن بێنێ، چی پێدەڵێن؟

سلاڤکا/ ئاغای فیلیمیر فریوی نەداویت، نەی خەڵەتاندوویت، کڵاوی لەسەر نەناویت. لە ساتێکی گەوجایەتی نەشە ئامێزدا هەڵەیەکی کردووەو شتەکەی لە دەست دەرچووە... ئیدی بووە بە ریشییەوە کە ئابڕووت هەڵگرێتەوە تا باجی ناوزڕان و ریسوایی ئەم گەوجیەتیەت نەدەی... بەم جۆرە مرۆڤە ناڵێن کەڵەکباز.

کلارا/ بزانم تۆ هەموو چیرۆکەکە دەزانیت... تۆ دۆستی ئەویت...

سلاڤکا/ ئێمە لە منداڵیمانەوە دۆست و هاوڕێین.

کلارا/ بەڵام ئەمە بەس نیە بۆ ئەوەی تۆ داکۆکی لێبکەیت... چونکە ئەو بێ سڵ کردنەوە لەوەشدا دەستی بڕیم و خەڵەتاندمی کە خۆی وەکو کوڕە دەوڵەمەندێك پێناساندم.

سلاڤکا/ ئیدی کوڕی دەوڵەمەند یان هەژار بێ.... ئەمە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.

کلارا/ بەڵام من شووم بە کوڕە دەوڵەمەند کردووە.

سلاڤکا/ باوەڕم پێبکە خانمەکەم... پێموا بوو تۆ تەنیا لە پێناوی خۆشەویستی و ڤیاندا ئەم کارەت کردووە.

کلارا/ ئەرێ... لە پێناوی خۆشەویستیدا.... بەڵام خۆشەویستی لای ئێمە واقیعە، حەقیقەتە، بەڵام لای ئێوە خەیاڵ و رۆمانسیەتە... خۆشەویستی یەکەم ڕاموسان نیە... بەڵکو پەیوەندییەکە بە درێژایی ژیان...

سلاڤکا/ پێموایە خانم، خۆشەویستی و ڤیان چ لای ئێوەو چ لای ئێمە هەر یەکە.

کلارا/ نەخێر... چونکە زەماوەند دەگەڵ هەژاران دا... نەگبەتیە، کلۆڵییە... نەدەبوو درۆم دەگەڵ بکات... من شووم بە کابرایەکی خاپینۆك کردووە *(حەپەساوە)*... شووم بە کەسێکی فریبۆك، کەڵەکباز کردووە.

سلاڤکا/ خانمەکەم....

کلارا/ چ سالوکێکە!. سالوك و بەس! بەنیسبەت منەوە تەواو، لەم ساتەوە هەموو شتێك تەواو، کۆتایی هات.

سلاڤکا/ تکات لێدەکەم خانمەکەم، مەیگەیەنە مریشکە ڕەشە، ئەوەندەش نائومێد مەبە. فیلیمیر هەژارە، بەڵام زۆر بە سەبرو بەردەبارە دەگەڵ ئەم هەژاریەدا... بە حەوسەڵەیە دەگەڵ کێشەو گرفت و سەریەشەکانی ژیاندا، ئەقڵ و هێز هەموو گرفتێکی ژیان، هەموو سەختی و دژواریەکی ژیان لا دەبات... بەڕاستی شایستەی گلەیی و گازاندە نییە، بە پێچەوانەوە شایستەی ڕێزو حورمەتە، روحی پاکە، دەروونی سافە... وەکو منداڵ بێگەردە.

کلارا/ ***(گوێ بۆ سلاڤکا رادەدێرێ... کە بە تاسەوە قسان دەکات... چاوانی کلارا دەکرێنەوە، وەکو ئەوەی هەموو حەقیقەت و راستییەکی بە تەواوەتی بۆ دەرکەوتبێ)***.... ئایا خۆشتدەوێ.

سلاڤکا/ ***(وەکو تاوانبارێك بەسەر تاوانەکەیەوە گیرا بێ ڕادەچڵەکێ)***... مەعلوم نییە.

کلارا/ ***(زۆر بە جدی و بنجبڕی... وەك ئەوەی دوا رەئی خۆی بڵێت)***... با خۆشت دەوێ ***(سلاڤکا وەڵامی ناداتەوە، سەری دادەخات و دەستی بە نیشانەی نەرێ دەجوڵێنێ)***.... تۆ خۆشت دەوێ... دەبوایە بەمە دەست پێبکەین... کەوتوومەتە چ هەڵدێرێکەوە، من بووم بە کۆسپی بەردەم هەمووان... بەردەم باوکت... بەردەم براکەت.... و بەردەم بەختەوەری تۆ.

سلاڤکا/ ***(دەگری)*** من شتی وام نەگوتووە ***(بەسەر لایەکی قەنەفەکەدا دادەنەوێتەوەو لە گریان بەردەوام دەبێت)***.

کلارا/ ئەدی چارەنووسی منداڵەکەم چ دەبێ؟ چارەنووسی منداڵەکەم؟ ***(بەسەر لایەکەی تری قەنەفەکەدا دادەنەوێتەوەو سەری دەنێتە سەر گۆشەیەك و لە هۆڕژنی گریان دەدات)***.

## "3"

## ( سلاڤکا، کلارا، جیفوتا )

جیفوتا/ ***(بەو دەقەوە دەیانبینێ، تەماشایان دەکات...)*** ئەوە قسان دەکەن؟ ***(شتاقیان سەربەرز ناکەنەوە)*** سلاڤکا گیان، ئازیزەکەم... بڕۆ بۆ ژوورەکەی خۆت، دەتوانی لەوێندەر درێژە بە گریانی خۆت بدەی... گەرەکمە دوو قسە دەگەڵ کلارادا بکەم.

***(سلاڤکا هەڵدەستێ،و وەدەردەکەوێ بێ ئەوەی دەستەسڕەکەی لەسەر چاوانی لا ببات)***.

## "4"

## ( جیفوتا، کلارا )

**جیفوتا/** دەمەوێ قسەت دەگەڵدا بکەم کلارا...

**کلارا/** *(هەڵدەستێ و خۆی کۆنترۆڵ دەکات...)* گوێم لێتە.

**جیفوتا/** مەسەلەکە بە نەختێ و پوختی کلارا... لە سەرمە هەندێ شتت بۆ روون بکەمەوە... و لە دوا ئەنجامدا دەبێ بزانیت تۆ ژنی کێیت... بۆ نموونە تۆ لات وایە ژنی مێردەکەتی، بەڵام لە راستیدا وانییە.

**کلارا/** هەموو شتێك دەزانم.

**جیفوتا/** باشە... مادامێکی دەزانی، دیارە بەخۆت هەڵوێستەکە دەخوێنیتەوەو پێم وایە دەزانیت لەبەرچی داوای خیانەتی زەوجیم لەسەر تۆمار کردوویت.

**کلارا/** بەڵێ دەزانم، هەروەها ئامادەشم ئەگەر پێویست بکات، یارمەتیت بدەم.

**جیفوتا/** بەڕاستتە؟ سوپاس... باشە چۆن دەتوانی یارمەتیم بدەیت؟

**کلارا/** دەتوانی داوای تەڵاقم لەسەر تۆمار بکەیت،و بڵێی کە گوایە من لە فریبورگ دوای رۆیشتنی مێردەکەم دۆستم گرتووە...

**جیفوتا/** ها...! ئەمە بیرۆکەیەکی جوانە... زۆر باشە... ناوی چییە؟

**کلارا/** ناوی کێ..؟

**جیفوتا/** ناوی ئەم دۆستەت...؟

**کلارا/** هیچ دۆستێکم نەبووە، بەڵام ئەگەر زەروری بێ دەتوانی چەندت دەوێ بینووسیت... بڵێ یەك دۆست، یان دوان یان سییان....

**جیفوتا/** باشە... گریمان دۆستت هەبووە... باشە ناوی چی بێ؟

**کلارا/** فەرق ناکات... دەشێت ناوی بنەی یوهان فولفگانگ گوتە.

**جیفوتا/** (ناوەکە دەنووسێت) زۆر باشە... باشە ئەم ناوە لە سێ ناو پێکهاتووە... ئەگەر یەکێکیان لە بیر بکەم دوانیانم لە بیر دەمێنێ... باشە هیچ شتێکی تر نییە، تۆی پێ تۆمەتبار بکەم....؟ شتێکی هەندێ گرینگ...؟

**کلارا/** ئەگەر بە پێویستی دەزانی، دەتوانی بنووسیت کە من لە فریبورگەوە تا بەلگراد دەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەندا بووم و ئەو پارەی بلیتەکەی بۆ داوم.

**جیفوتا/** (بە ئیعجابەوە): زۆر باشە..! باشە نێوی بنەین چی...؟

**کلارا/** نازانم... بۆ من فەرق ناکات، دەشێت سربی بێ یان رۆمانیایی....

**جیفوتا/** دەڵێی چی بیکەین بە رۆمانیایی...؟ و ناوی بنەین تیتولیسکو؟ *(ناوەکە تۆمار دەکات)*... پێم بڵێ... خۆ پاشان حاشا ناکەیت؟

**کلارا/** نا... من دان بە هەموو شتێکدا دەنەم، بەڵام گرینگ ئەمەیە بە زووترین کات لێرە بڕۆم.

**جیفوتا/** دەتەوێ بڕۆیت....

**کلارا/** بەڵێ... بۆ ئەوەی لە خۆمتان رزگار بکەم... چونکە هەستدەکەم بووم بە کۆسپ لە بەردەم هەمووتانا.

جیفوتا/ ئەمە چاکەی خۆتە... زۆر باشە...! هەمیشە گوتوومە کە پەروەردەو تەربیەتی سویسریم بە دڵە... ئەم رەفتارەی تۆم زۆر بە دڵە.

کلارا/ بەڵام یەک تکام لە تۆ هەیە بەڕێز... حەزدەکەم خراپ لێم حاڵی نەبیت.. من هەژارو بێنەوام، پارەی کڕینی بلیتی سەفەرم نیە... تۆ یارمەتیم دەدەیت ؟

جیفوتا/ ئەگەر حەزبکەی، هەر ئەوەندەی بڵێی من ئامادەی سەفەرم، پارەی بلیتی نمرە یەکت بۆ دەدەم..

کلارا/ سوپاس... من ئامادەی سەفەرم.

جیفوتا/ *(لە فکران رادەچێ)* ئامادەی سەفەری! باشە لە وێ چ دەکەی؟.

کلارا/ نازانم.... بە دووی کارا دەگەڕێم.

جیفوتا/ دەگەڕێی...! دەگەڕێی! ئەمە شتێکی بەڵگە نەویستە، بەڵام تا ئیشێ دەدۆزیتەوە چ دەکەی؟

کلارا/ نازانم.

جیفوتا/ *(لە فکران رادەچێ)* گوێ لە من بگرە... بۆتی دەسەلمێنم کە پەروەردەی منیش پەروەردەیەکی سویسرییە... من پیاوێکی شەریفم،و یەک قرۆشت لێنابڕم... کاتێ کە نامەکەت نارد، من ئامادە بووم بیست هەزار دینارت بدەمێ لە بری ئەوەی بۆ ئێرە نەیەیت و کێشەو گرفتانم بۆ چێنەکەیت... جا ئێستا ئەو وەعدەی خۆم دەبەمە سەرو بیست هەزار دینارەکەت وێدەدەم.

کلارا/ سوپاست دەکەم... من تەنیا داوای نرخی بلیتەکانم کردووە... بەڵام من شادی خۆم و چارەنووسی کوڕەکەم نافرۆشم... کوڕەکەم. داوای هیچت لێناکەم.

جیفوتا/ پەنا بەخوا...! کەس شتی وای نەگوتووە... تۆ داوای پارە دەکەیت و من دەتدەمێ.

کلارا/ سوپاست دەکەم.

جیفوتا/ باشە.... ئێستا بچم بۆ لای پارێزەرەکەو داواکە بەرز بکەمەوە..؟

کلارا/ بەڵێ.... دەتوانی بچیت.

جیفوتا/ زۆر باشە... وا دەڕۆم،و ئەگەر کەسێک لێی پرسیم، پێی بڵێ هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

*(وەدەر دەکەوێ).*

## "5"

## ( کلارا، خا بروتتش، خا سباسویفتش )

*(کلارا لەهۆڕژنی گریان دەدا)*

هەردوو خاتوون/ *(دوای تۆزێک وەژوور دەکەون و بە جووتەو بە یەک دەنگ):* رۆژ باش... ببورە دەمانەوێ ئاغا ببینین.

کلارا/ ئاغا گەنجەکە....؟

هەردوو خاتوون/ نا.... ئاغا پیرەکە.

کلارا/ تازە چووە دەرێ، بەڵام هەر ئێستا دێتەوە...
هەردوو خاتوون/ کەواتە چاوەڕوانی دەکەین.
سباسویفتش/ لە کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی کۆمەڵەکەی خۆماندا موناقەشەی ئەو ریسواییەمان کرد کە دوێنێ لێرە روویدا.
بروتتش/ کۆمەڵە ڕای سپاردین کە داوای رەدی ئیحتوباری خۆمان بکەین...
سباسویفتش/ ئەگینا ناچار دەبین ئیجرائاتی دی وەربگرین...
بروتتش/ چونکە ئەو سوکایەتیەی دوێنێ پێمان کرا...
سباسویفتش/ سوکایەتیکردنە بە کۆمەڵەکەمان یان بە داڵدەی مندالانی ژمارە نۆ.
بروتتش/ جا خانمەکەم هیوادارین تۆ لێمان بگەیت....
کلارا/ *(بەرگری لە خۆی دەکات)* بەڵام من هیچ شتێك نازانم... لە هیچ شتێك تێناگەم...
سباسویفتش/ بەڵام خۆ تۆ لە کاتی رووداوەکەدا لێرە بوویت.
کلارا/ بەڵێ... لێرە بووم، بەڵام بە ڕاستی هیچ شتێك لەو رووداوە نازانم.... تکایە چاوەڕوانی ئاغای تسفیوفتش بکەن و لەگەڵ ئەودا قسە بکەن.
هەردوو خاتوون/ هەڵبەتە.... چاوەڕوانی ئەوین.
کلارا/ تکایە لەم ژوورەدا چاوەڕوانی بکەن.
هەردوو خاتوون/ سوپاس... *(وەدەردەکەون، بە جووتەو بە یەك دەنگ لەسەر قسان بەردەوام دەبن)* لە ئەنجامدا پەردە لەسەر هەموو ئەم شتە لا دەبەین.

## "6"

## (کلارا، فیلیمیر)

فیلیمیر/ *(وەژوور دەکەوێ و کە کلارا دەبینی دەشڵەژێ)* کلارا؟ ئەوە تۆ لێرەی...؟
کلارا/ *(بە ساردی و بێ موبالاتی)* وا دیارە چاوەڕوانت نەدەکرد من بدینی.
فیلیمیر/ بۆچی بەم شێوازە قسە دەکەی؟ *(کلارا بەرسڤی ناداتەوە... لەسەر قسەکانی بەردەوام دەبێت... دوای ماوەیەك بێدەنگی)*... بەڕاستی چاوەڕوانم نەدەکرد، بەڵام بە د یتنت خۆشحاڵم... پێویستە باسێکی ئەم وەزع و حاڵە بکەم کە من و تۆی تیاین.
کلارا/ پێموایە تۆ دەتەوێ دڵخۆشیم بدەیتەوە... بەڵام دەبوایە چوار ساڵ لەمە پێش ئەمەت بکردایە... نەك ئێستا.
فیلیمیر/ ئەو کاتانە مەحاڵ بوو.
کلارا/ جا ئێستا زەروری نیە...و من هەموو شتێك دەزانم.
فیلیمیر/ زۆر بە داخەوەم کە بەبێ ئارەزووی خۆم تۆم خستە ئەم هەڵوێستە دژوارەوە... بەڵام دڵنیات دەکەم، کلارا گیان ئێمە هەردووکمان لەم مەسەلەیەدا قوربانین.
کلارا/ بەڵێ قوربانی فێڵێکین کە تۆ کردت.

فیلیمیر/ ***(هەست بە سووکایەتی دەکات....تورەیی بە سیمایەوە دەردەکەوێو شێوازی قسە کردنەکەی دەگۆڕێ)*** من تۆم فریو نەداوە، بەڵکو خۆمم فریو داوە.

کلارا/ پێویست ناکات پاکانە بۆ خۆت بکەی، هیچ پاکانەیەك دادت نادات... من باوەڕم پێکردیت کە کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندی.

فیلیمیر/ کاتێ کە زانیت کوڕە دەوڵەمەند نیم، ئیدی لە خۆشەویستییەکەت سارد بوویتەوە... وانیە...؟

کلارا/ باسی خۆشەویستی مەکە... چونکە من هیچ کاتێك تۆم خۆش نەویستووە.

فیلیمیر/ سوپاس بۆ ئەو ڕاشکاویەت...

کلارا/ ڕاستە جاران خۆشم نەویستوویت، بەڵام ئێستا ڕقم لێتە، هەروەها بڕیارم داوە کە لە زەواجەکەمان پەشیمان ببمەوەو لەم ساتەوە هیچ شتێك پێکەوەمان نابەستێت.

فیلیمیر/ باشە کلارا تۆ بە باشی بیرت لەم بڕیارەت کردووەتەوە...؟

کلارا/ ئەمە دوا بڕیارە. بڕیاری یەکجارەکییە... پێموایە بۆ تۆ ناخۆش نیە، هەروەها سلاڤکا، دۆستو هاوڕێی منداڵیت، زۆری پێ خۆش دەبێت.

فیلیمیر/ ***(هەست بە سووکایەتی دەکات)*** مەبەستت چیە..؟

کلارا/ مەبەستم ئەو شتەیە کە وای لێکردم ئەم دوا بڕیارە بدەم.

فیلیمیر/ کلارا... تۆ مێشکت ماندووەو بێ بیرکردنەوە قسان دەکەیت.. باشتر وایە ئەم قسانە بۆ کاتێکی دی هەڵگرین.

کلارا/ پێویستم بەوە نیە جارێکی دی باسی ئەم مەسەلەیە بکەم.... ئەمە دوا جارە کە لەو بارەیەوە قسە بکەین.

فیلیمیر/ ***(هەڵدەستێ)*** باشە... بە دوعا... ***(بەلەز وەدەردەکەوێ)***

"7"

**( کلارا، بلاجویە )**

***(کلارا تەمەشای ناکاتو، بە قووڵی لە فکران ڕاچووە)***

بلاجویە/ ***(وەژوور دەکەوێ)*** ڕۆژ باش... باپیرە لەماڵە؟

کلارا/ زۆر نیە چوو بۆ لای پارێزەرەکە تا دەعوا لەسەر من تۆمار بکات.

بلاجویە/ هیچ چارێکی تر نییە... تۆ بە خۆت چاك دەزانیت کە تاوانباریت... چۆن بە ئاشکرا کابرایەکی بێگانە ماچ دەکەیت..؟

کلارا/ ***(بە تورەیی)*** بەڵام بابی منداڵەکەمە.

بلاجویە/ لەوە بوو ئەمە مەسەلەکە، تۆزێ سووکتر بکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە دەیئاڵۆزێنێ... ئەم منداڵە لە هەندێ ڕووەوە دەبێتە یەکێك لەو فاکتەرانەی کە سزاکە قورستر دەکاتو ئەگەر وتمان بابی کوڕەکەتە... ئەمە ئەو حەقیقەتو ڕاستیە گرینگە ناگۆڕێت کە کوڕی پیاوێکی ترە.و زۆرجار دەبینین لە حاڵی حازردا بابەکە، مێرد نیە بەڵکو پیاوێکی ترە...

کلارا/ ئەگەر دان بەو تۆمەتەدا بنەم کە ئاراستەم کراوە ئیدی شتەکە دەبڕێتەوە؟

بلاجویە/ هەڵبەتە... دەبڕێتەوە.

کلارا/ کەواتە دانی پێدا دەنەم.

بلاجویە/ باشە ئەمەت بە جیفوتا گوتووە...

کلارا/ بەڵێ... پێمگوت.

بلاجویە/ باشە...! زۆر باشە..! هەنگێ دەتوانین هەموو شتێك تەرتیب بکەین... تۆ خەمی هیچت نەبێ، هەموو بارەکە بدە بە شانی مندا... وەکو کیژی خۆم رەفتارت دەگەڵدا دەکەم، گرینگ ئەوەیە بە پەلە لێت رزگاربین.

کلارا/ من لاریم نیە، تکایە خەمی مەسەلەکە بخۆ... بە یارمەتیت با بڕۆم، چونکە زۆر شەکەتم و پێویستم بە ئیسراحەتە.

بلاجویە/ باشە... بڕۆو ئیسراحەت بکە.

***(کلارا بەرەو دەرگای سەمتی چەپ دەبێتەوە کە دەکاتە ژوورەکەی خۆی)***

"8"

**( بلاجویە، سویکا، سیما )**

سویکا/ رۆژ باش ئاغای بلاجویە...

بلاجویە/ ئا... رۆژ باش خا سویکا.

سویکا/ ئاغای بلاجویە، بینیت دوێنێ تووشی چ مەترسیەك بووین.

بلاجویە/ بەڵێ... بینیم.

سویکا/ تۆ رەئیت چیە..؟ ئایا ئاغای جیفوتا ئەم زروفە رەچاو دەکات؟ حیساب بۆ ئەمە دەکات؟

بلاجویە/ تێناگەم...! کام زروف؟

سویکا/ چونکە شایەتی دان لە زروفی ترسناکدا جیایە لە شایەتی دان لە زروفی ئاسایی و بێ ترس.

بلاجویە/ باشتر وایە ئەم مەسەلەیە دەگەڵ ئاغای جیفوتادا باس بکەیت.

سویکا/ بۆیە هاتووین تا لێی بپرسین ئایا دەیەوێ قسەکانمان برازێنینەوەو ڕتوشی بکەین، یان هەروا بە وشکی شایەتیەکە بدەین و لە کۆڵی بکەینەوە.

بلاجویە/ ئەگەر بیرازێننەوە چۆنەو ئەگەر هەر بە وشکی بەڕێی بکەن چۆنە؟

سویکا/ بە وشکی، ئەوەیە کە لە کاتی تەحقیقدا لە کورتی بیبڕینەوەو چیمان دیتوەو بیستووە ئەوە بڵێین و تەواو... بەڵام قسەی رازاوەو ڕتووش کراو زۆر جیاوازە، لەبەردەم دادگادا دەڵێین ئەم جووتە ئالکاوی یەکتر بوون. دەستیان لە ملی یەکتر وەرینا، پیاوەکە گوتی: "ئاه خۆشەویستەکەم...! چیتر بەبێ تۆ هەڵناکەم، بێ تۆ ناژیم." لێرەدا ژنەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بەرسڤی دایەوە: "خەریکە بۆ بینینت سوێم دەبێتەوە، ئاگرم تێ بەردەبێ."

بلاجویە/ زۆر باشە!... ڕێك لە قسەی ناو ڕۆمانان دەچێت... باشە تۆ ئەمە قسانە دەهۆنیتەوە...؟

سویکا/ بەڵێ.... بەڵام بە گوێرەی داواو داخوازی...

بلاجویە/ باشتر وایە چاوەڕوانی ئاغای جیفوتا بکەین، تا ئەو داوا بکات.

سویکا/ باشە، با چاوەڕوانی بکەین.

بلاجویە/ تکات لێدەکەم بچنە ژوورێکی تر... نابێ کەس بتان بینێ کە دەگەڵ ئاغای جیفوتادا تەگبیر دەکەنو رێك دەکەون...

سویکا/ *(بەمێردەکەی):* با بڕۆین ئاغای سیما *(بەرەو ژوورێکی تەنیشت دەچن).*

"9"

**(بلاجویە، سلاڤکا، ماریتسا، خات دراجا)**

سلاڤکا/ *(لە دەرگای چەپەوە وەژوور دەکەوێ)* ڕۆژ باش خاڵە بلاجویە..

بلاجویە/ ڕۆژ باش گیانی خاڵە.... مارا لەوێندەرە؟ هەر بە تەنیایە؟ دەمەوێ شتێکی پێ بڵێم.

سلاڤکا، بەڵێ... بە تەنیایە. کلارا جانتاکانی ئامادە دەکات... نازانی چی بووە؟

بلاجویە/ لە کوێ بزانم؟ بابت هەموو شتێك دەزانێ *(بەرەو دەرگەی دەستە چەپ دەڕوات)*

*(سلاڤکا لە زەنگ دەدات، ماریتسا وەژوور دەکەوێ).*

"10"

**(سلاڤکا، ماریتسا)**

مارتیسا/ ئەمرێکت هەبوو خانم؟

سلاڤکا/ ئاغای فیلیمیر هات بۆ ئێرە ماریتسا.

مارتیسا/ بەڵێ... ئەوە بوو قسەی دەگەڵ تۆ دەکرد...

سلاڤکا/ ئەوە ناڵێم... مەبەستم دوای ئەوەیە...

ماریتسا/ بەڵێ... جارێکی دیکەش هات.

سلاڤکا/ قسەی دەگەڵ خا کلارا کرد؟

ماریتسا/ بەڵێ... پێکەوە لێرە بوون.

سلاڤکا/ حەزمدەکرد ئەمە بزانم، ئەمەم مەبەست بوو. سوپاس *(وەدەردەکەوێ).*

ماریتسا/ لە خزمەتت دام خانمەکەم.

"11"

**(ماریتسا، خات دراجا)**

دراجا/ *(وەژوور دەکەوێ):* ڕۆژ باش.

مارتیسا/ ڕۆژ باش.

دراجا/ ئاغای جیفوتا لە ماڵە؟

ماریتسا/ نەخێر... لە ماڵ نیە، بەڵام پێی گوتم زوو دەگەڕێتەوە.

دراجا/ ئەدی خانم لەماڵە...؟

ماریتسا/ بەڵێ ... لە ماڵە.

دراجا/ بێزەحمەت پێی بڵێ خادراجا دەیەوێ قسەی دەگەڵ بکات.

ماریتسا/ ***(دەڕوات بانگی بکات):*** باشە...

دراجا/ ***(بیری دەکەوێتەوە)*** گوێ بگرە... پێویست ناکات بانگی بکەیت. باشتر وایە بەخۆم چاوەڕوانی ئاغا بکەم... ئاغای میلاراد لە ماڵە؟

ماریتسا/ نەخێر... ئەویش لە ماڵ نیە.

دراجا/ ئەدی ژنەکەی لە ماڵە؟

ماریتسا/ ژنی چی؟

دراجا/ چۆن ژنی چی... ئافرەتە فەڕەنگییە گەنجەکە.

ماریتسا/ چما ئەوە ژنیەتی؟

دراجا/ سەیرە... یانی نازانیت...

ماریتسا/ سەرم لێ شێواوە... جارێ دەڵێن ژنیەتی، و جارێکی دی دەڵێن ژنی نیە.

دراجا/ عەجایەب...! چۆن کارەکەر نازانێ لە ماڵا چ دەگوزەرێ.

ماریتسا/ هەر بەڕاستی نازانم خانم....

دراجا/ چما گوێ لە قسەکانیان ناگریت؟

ماریتسا/ نەخێر خانم...

دراجا/ لە کونی دەرگاوە تەمەشات نەکردوون؟

ماریتسا/ نەخێر... خانمەکەم.

دراجا/ عەجایەب...! تۆ چتۆ کارەکەرێکی؟! لێرەدا چاوەڕوانی ئاغا بکەم...؟

ماریتسا/ باشتر وایە لەوێندەر، لە ژووری پێشوازی چاوەڕوان بکەی.

دراجا/ باشە... کە هاتەوە ئاگادارم بکەوە ***(بەرەو ژووری چاوەڕوانی دەڕوات)***

ماریتسا/ فەرموو.

"12"

**( ماریتسا، میلاراد )**

میلاراد/ ***(وەژوور دەکەوێ)*** ماریتسا... بابم لە ماڵە؟

ماریتسا/ لە ماڵ نیە، لێ گوتی بەلەز دەزڤڕێتەوە.

میلاراد/ باشە.. بڕۆ.

ماریتسا/ خات کلارا داوای لێکردم کە لە هاتنی تۆی ئاگادار بکەم.

میلاراد/ خات کلارا؟! باشە بڕۆ خەبەری بدەیە.

ماریتسا/ باشە... ***(وەدەردەکەوێ)***

## "13"

### (میلاراد، رایسەر)

رایسەر/ *(وەژوور دەکەوێ)* ڕۆژ باش.

میلاراد/ ئاه... جەنابی پرۆفیسۆر!

رایسەر/ ببوورە... هاتووم خودا حافیزت لێبکەم... چونکە ئەم ئێوارەیە بۆ ئەسینا سەفەر دەکەم.

میلاراد/ پێموایە... دەتەوێ بابم بدینی؟

رایسەر/ بەڕاستی من نازانم لێرە کێ بابی کێیە.

میلاراد/ راستە... راست دەکەی... حاڵی حازر لە ماڵ نیە.

رایسەر/ دەتوانم چاوەڕوانی بکەم؟

میلاراد/ کەرەمکە لەو ژوورە چاوەڕوانی بکە... ئەوێ هێمن ترە، هەرکە هاتەوە ئاگادارت دەکەمەوە.

رایسەر/ ببورە... ببورە *(بەرەو ژوورەکەی تەنیشت دەڕوات).*

## "14"

### (میلاراد، کلارا)

کلارا/ *(وەژوور دەکەوێ)* بمبورە... گەرەکمە قسەت دەگەڵ بکەم.

میلاراد/ کەرەمکە... من دەخزمەتودام.

کلارا/ سوپاس... ئەو وەزعو حاڵەیان بۆ شرۆڤە کردم کە حاڵی حازر منی تیام...

میلاراد/ پێموایە هەنووکە بۆت دەرکەوتووە کە من وێڕای ئەوەی مێردی تۆم، هیچ خەتاو گوناحێکم نیە.

کلارا/ نا... نا... من بە هیچ جۆرێ خەتای تۆ ناگرم... بەڵام حاڵی حازر وەزعم زۆر خراپە، من ئافرەتێکی بێگانەمو کەوتوومە ناو غەوارەو غەریبانو هیچ پشتیوانێکم نیە.

میلاراد/ من ئامادەم پشتیوانیت لێبکەم کلارا، ئەگەر ئەمە بە دڵنەواییەك بۆ خۆت بزانی.

کلارا/ من حەزم کرد بت بینم نەك بۆ ئەوەی دڵنەواییم بکەی... دەمویست... من پێویستم بە راوێژو تەگبیری تۆیە.

میلاراد/ راوێژی من؟! عەجایەب...! تۆ یەکەمین کەسیت کە داوای راوێژ لە من دەکات *(دادەنیشێت).*

کلارا/ لێبڕاوم بۆ سویسرا بگەڕێمەوە... ئەوەی ئێستا بووە بە کۆسپ لە ڕێگەی سەفەرەکەم، ئیفادەکەمە لەمەڕ مەسەلەی تەڵاق بە هۆی خیانەتی زەوجیەوە.

میلاراد/ ئیدی دوای ئەوە سەفەر دەکەی... باشە، ئەدی لەوێندەر چ دەکەی؟ چۆن دەژیت؟

کلارا/ من ئیختیزال دەزانم...و شارەزاییم لە زانستی پەنجەمۆر هەیە، هەروەها زمانی ئێوە بە نووسین و قسەکردن دەزانم، لەوەیە لەویٚ لای خۆمان، لە سەفارەتخانەکەی ولاٚتی ئێوەدا کارێکم دەست بکەویٚ.

میلاراد/ مەحاڵە لە سەفارەتخانەی... تەنیا خزم و کەسوکارو دۆست و برادەرانی وەزیران لەو شوێنە کاردەکەن،و ژمارەشیان کەم نیە، بۆیە مەحاڵە سرەت بگاتیٚ کە لەوێندەر کاربکەیت.

کلارا/ باوکت پیاوێکی خواردەو خانەدانە... بیست هەزار دیناری عەرز کردم بۆ کرێی سەفەرو خەرجیاتی تر..

میلاراد/ تۆ دەڵێی بیست هەزار دیناری عەرز کردویت! پێم سەیرە...! ئەدی داوای لێنەکردیت محازەرەیەك بڵێیتەوە. تکات لێدەکەم بە هیچ نرخیٚ نەچیتە ژێر باری وتنەوەی هیچ محازەرەیەك.

کلارا/ حەزدەکەم لە شتێکی دیکەشدا پرست پێبکەم... ئێمە ئێستا خەریکی تەلاٚق و جیابوونەوەین،و دوای جیابوونەوەکە من هەمان ناوی شۆڕەتی خانەوادەکەی خۆم هەڵدەگرمەوە، بەلاٚم بیبیك... هەڵبەتە بۆی نیە ناوی شۆڕەتی خانەوادەکەی من هەڵبگرێت.... ئا لەمەدا پێویستم بە راوێژو تەگبیری تۆ هەیە..

میلاراد/ بە یارمەتیت با جاریٚ من پرسیارێکت لێبکەم. ڕاستە تەلاٚق لە ناوی شۆڕەتی ماڵباتەکەی منت رزگاردەکات، بەلاٚم لە پەیوەندیت بە مێردە ڕاستەقینەکەتەوە، رزگارت ناکات... مێردەکەت قاییل بووە بە سەفەرەکەت؟

کلارا/ تەنیا هەودایەکی باریکمان لە نێوان هەبوو کە ئێستا ئەویش نەما.

میلاراد/ بەلاٚم وێڕای ئەوەش ئەو پەیوەندیەتان هەیە کە نووسەران ناوی دەنەن ڤیان و خۆشەویستی.

کلارا/ ئەم ئاغایە هەرگیز نەیگوتووە کە خۆشی دەوێم و منیش هەرگیز شتی وام بەو نەگوتووە.

میلاراد/ ئەمە ناکاتە هیچ... منیش ئەمە دەکەم... کەچی وێڕای ئەوەش.

کلارا/ دەزانم دەتەویٚ چ بڵێی، بەلاٚم من کاتی ئەوەم نیە هەموو شتێکت بۆ روون بکەمەوە... من بە تەواوەتی لە ژێر کۆنترۆڵ و ویستی دایکی رەحمەتیما بووم، ئەو بە شووی دام، چونکە خوێندکارانی سربیایی دەوڵەمەندن،و پێم وابوو لە بەڵگرادا وەکو دۆتمیران دەژیم، بەلاٚم...

میلاراد/ *(دوای بیرکردنەوە)* یانی خۆشت نەدەویست؟

کلارا/ نەخێر... ئەمەم بە ڕاشکاوی پێگوت.

میلاراد/ رێك کردتە دەستیەوە...؟!

کلارا/ بەڵیٚ... تۆزیٚ لەمە پێش.

## "15"

### (میلاراد، کلارا، سویکا)

سویکا/ *(درزیٚ دەخاتە دەرگاکەو سەرێك دەکێشێتە ژوورەوە)* ببوورن... ئاغای جیفوتا هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

میلاراد/ نەخێر... نەهاتووەتەوە...
سویکا/ بێزەحمەت، بە ئەرك نەبێ کە هاتەوە ئاگادارم بکەوە.
میلاراد/ باشە.

*(سویکا دەکشێتەوەو دەرگاکە دادەخات)*

"16"

**(میلاراد، کلارا)**

میلاراد/ یانی تەنیا لەبەر مەسەلەی تەڵاقەکە لێرە ماویتەوە؟
کلارا/ بەڵێ.
میلاراد/ ئەدی لەسەر تەڵاقەکە ڕازی بوویت؟
کلارا/ ئەدی تۆ ئەمەت ناوێ؟
میلاراد/ من؟!
کلارا/ ئەرێ.. تۆ دەعوا بەرز دەکەیتەوە... بابت چوو بۆ لای پارێزەر تا داواو سکاڵا بدات بە دادگا.
میلاراد/ بۆی نیە دەعوا بەرزبکاتەوە تا من دەعواکە ئیمزا نەکەم.
کلارا/ هەڵبەتە تۆ ئیمزای دەکەیت.
میلاراد/ کێ ئەمەی پێگوتوویت...؟
کلارا/ *(بەشپرزەیی)* تۆ پێویستت بەوەیە رزگار بیت لە....
میلاراد/ *(قسەکەی پێ دەبڕێت)* لە کێ رزگار بم...؟
کلارا/ لە من.
میلاراد/ سەیرە...! پێموایە تۆ ئەوەندەم ناڕەحەت ناکەیت کە ئەو ناچارم دەکات لە تۆ رزگاربم... باشە لە کوێ دەزانی من گەرەکمە لە تۆ رزگار ببم؟
کلارا/ *(بە پەشۆکاوی)* لێت تێناگەم!
میلاراد/ تۆ بە ئارەزووی خۆت پێم ڕادەبوێرێ... بێ ئەوەی پرسم پێبکەیت، شووت پێکردم، ئێستاش بێ ئەوەی لێم بپرسیت جیا دەبیتەوە.
کلارا/ بەڵام ئەمە خوایشتی تۆیە.
میلاراد/ کەی شتی وام پێگوتوویت؟
کلارا/ تۆ نەتگوتووە، بەڵام بابت گوتوویەتی.
میلاراد/ باشە تۆ شووت بە بابم کردووە؟
کلارا/ نەخێر... بەڵام...
میلاراد/ تۆ شووت بە من کردووەو هەرکاتێ خۆم بمەوێ هەنگێ تەڵاقت دەدەم.
کلارا/ *(بە سەرسامیەکی زۆر):* تێناگەم، ئەمە مانای چیە بەڕێز؟
میلاراد/ ئەمە مانای ئەوەیە تۆ ژنی منیت،و تەنیا گوێڕایەڵی من دەبیت نەك باوکم.

***(کلارا، دەپەشۆکێ،و سەرسامیەکی زۆر دەکەوێتە سەر سیمای و ناتوانێ خۆی بە پێوە بگرێ).***

"17"

**( میلاراد، کلارا، خات دراجا )**

**دراجا/ *(درزێك دەكاتە دەرگاكەو سەرێك دەكێشێتە ژوورەوە)* ببورن، ئەرێ ئاغای جیفوتا هێشتا نەگەڕاوەتەوە...؟**

**میلاراد/ نەخێر... نەگەڕاوەتەوە.**

**دراجا/ تکایە کە هاتەوە ئاگادارم بکەوە.**

**میلاراد/ باشە.**

***(دراجا دەكشێتەوەو دەرگاكە دادەخات)***

"18"

**( میلاراد، کلارا )**

**کلارا/ *(لەوپەڕی پەشۆکاویدایە)* خۆم پێناگیرێ. لێت تێناگەم...**

**میلاراد/ ئێستا روونتر قسەت بۆ دەکەم تا لێم تێبگەیت... من نایەڵم سەفەر بکەیت، من بە هەر حاڵ مێردی تۆم... کەی ڕێم دایت، دەتوانی سەفەر بکەیت.**

**کلارا/ باشە ئەمە مانای چیە..؟**

**میلاراد/ مانای ئەمە... من خۆمیش نازانم مانای ئەمە چیە، بەڵام ئەوە واقیعەکەیە.**

**کلارا/ تکایە بۆمی روون بکەوە.**

**میلاراد/ ناتوانم بۆتی روون بکەمەوە... کە یەکەمجار بینیمیت لە دڵی خۆدا گوتم: "چەند ئافرەتێکی جوانە". لێتی ناشارمەوە من هەرجارێ ئافرەتێکی جوان دەبینم ئەو قسەیە "چەند ئافرەتێکی جوانە" دووبارە دەکەمەوە، بەڵام هەرکە ئافرەتێکی دی دەبینم، ئافرەتی یەکەم لە بیر دەکەم،و جارێکی دی دەیڵێمەوە "کە ئافرەتێکی جوانە". بەڵام ئەوەی ئەمجارە لە من روویداوە جیاوازە لە هەموو جارەکانی پێشوو. تووشی ئافرەتێك‌و دووان‌و سیانی تر بووم، بەڵام کەسیانم نەچووە دڵەوە... پێشتر شتی وام بە خۆوە نەبینی بوو... و ئەوەی منی لە تۆ دەکرد تەنیا ئەوە بوو کە ژنی هاوڕێکەمی، کەچی ئەوەتا بە دەمی خۆت دەڵێی خۆشت ناوێ...و هەنگێ...**

**کلارا/ ئەوە چ دەڵێی بەڕێز؟**

**میلاراد/ من ناتوانم گوزارشت لە خۆشەویستی بکەم... هەمیشە هەڵسوکەوتم دەگەڵ ئەو ژنانەدا کردووە کە پێویستیان بەوە نەبووە خۆشەویستیان دەگەڵ بکەی... بەڵام ئەوەی پێم گوتیت حەقیقەتە، تیایدا دەژیم‌و هەستی پێدەکەم.**

"19"

## ( میلاراد، کلارا، سباسویفتش )

سباسویفتش/ *(له دەرگاکەوە سەر دەکێشێ)* ببورن *(میلاراد دەبینێ، بە ترسەوە هاوار دەکات و بە پەلە دەکشێتەوەو دەرگاکە دادەخات).*

میلاراد/ تۆ یەکەم کەسیت کە بە درێژایی ئەم چەند رۆژە هزرو بیرت داگیر کردوومو هەمیشە لە دڵی خۆمدا گوتوومەو گوتوومەتەوە "کە ئافرەتێکی جوانە"... بابم گەرەکیەتی ژنێکی ترم بۆ بێنێ، بەڵام من پێم وایە هەر ئەم وەزعەم باشترە... تکایە لێم حاڵی ببە، تۆ لەم دەڵە دێوەی کە بە تەمان بۆمی بێنن، رزگارم دەکەیت،و ئەوەشم لە کۆڵ دەبێتەوە کە بمەوێ و نەمەوێ دەبێ ببم بە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆدا.

کلارا/ *(دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر سەر هەڵدەبڕێ):* باش گوێ لە من بگرە بەڕێز... تۆ سەرت لێ شێواوە... تۆ گەنجێکی دڵ و دەروون باشیت، بەڵام من پێویستم بە بەزەیی کەس نییە... راستە من لە بارودۆخێکی سەخت و دژواردا دەژیم، لە تەنگانەدام، بەڵام نامەوێ کەس بەزەیی پێمدا بێتەوە، لە رووی بەزەییەوە هاوسۆزیم دەگەڵ بکات.

میلاراد/ بەزەیی چی؟! ئەمە هیچ بەزەییەکی تێدا نییە، بە پێچەوانەوە.. ئێمە یارمەتی یەکدی دەدەین... من بە جددی حەزدەکەم ببی بە ژنم، بەڵام حەزی بۆ چییە؟! خۆ تۆ بە فیعلی ژنی منی.

کلارا/ *(هەڵدەستێ):* بەڵام ئەمە.... ببوورە بەڕێزەکەم... ئەمە شتێکی باش نیە، ماقوڵ نیە.

میلاراد/ بۆچی..؟

کلارا/ من لێرەدا لە دزی دەریایی دەچم... هەموو شتێکی ماڵەکەتان وێران دەکەم... هەرچییەك بە بە درێژایی ساڵانی ساڵ دروستکراوە.

میلاراد/ منیش دەمەوێ وێرانی بکەم.... بڕیارم داوە بە یەکجارەکی لە ماڵباتی ئەم شەهادەیە، کە لە گرفت و سەریەشە زیاتر هیچ خێرێکی بۆ نەداومەتەوە، رزگار ببم.

کلارا/ نا.. نا.. بەڕێز.. ئەگەر شتی وا بکەی، مەگەر هەر خوا بزانێ خزمو کەسوکارەکەت چۆنم تەمەشا دەکەن.

میلاراد/ هیچ خەمی ئەمەت نەبێ... تۆ چ گوێت لە رەئی خاڵە بلاجویە...

کلارا/ بەڵام بەڕێز ئەم شتەی تۆ دەیڵێی کوت و پڕ و تازەیە... من دەترسم جارێکی دیکەش بکەومە هەڵەوەو گەوجانە رەفتاربکەم... بەسە، یەك زەوجینی بلەزو بە پەلەم بەسە... ئەم کارە بە نیسبەت منەوە کوت و پڕ و تازەیە.

میلاراد/ بۆ منیش کوت و پڕ و لەنکاوە، بەڵام ئەنجامەکەی باش دەبێت.

کلارا/ نا.... دەترسم ئەم بڕیارەت بڕیارێکی بەلەز بێ. باشتر وایە جارێکی دیکەش بیر لەم مەسەلەیە بکەیتەوە... تکات لێدەکەم کە بیری لێبکەیتەوە.

*(بە پەلە وەدەردەکەوێ).*

## ( میلاراد، جیفوتا )

***(میلاراد، ماوەیەکی زۆر لە دواوە تەمەشای دەکات، پاشان دادەنیشێت و جگەرەیەك پێدەکات)***

**جیفوتا/ *(کاغەزێکی بە دەستەوەیە، وەڕوور دەکەوێ)* باشە تۆ لێرەیت. دەی ئەم داوایە ئیمزا بکە. ئیدی بەمە کۆتایی بەم ئیشە دێنین.**

**میلاراد/ داوای چی...؟**

**جیفوتا/ داوای تەلاق، دوای ئەوەی پارێزەرەکە دای ڕشتووەتەوە.**

**میلاراد/ باشە... من چاوەڕوانی تۆ بووم تا سەودایەکت عەرزبکەم کە هەر یەکەمان دە هەزار دینارمان لێی دەست دەکەوێ.**

**جیفوتا/ باوەڕ ناکەم! وتت سەودا؟! و دە هەزار دینارت لێی دەستدەکەوێ؟! ئێستا دڵنیا بووم کە بەڕاستی کوڕی منیت... هەڵبەتە پێویستە نەك هەر هەوڵی پارە خەرج کردن بدەیت، بەڵکو دەبێ هەوڵی بە دەست هێنانیشی بدەیت.**

**میلاراد/ لە ئەمڕۆوە هەوڵی بە دەستهێنانی پارە دەدەم... ئەم سەودایەم سەدی سەد بە قازانجی من تەواو دەبێت... تۆ بیست هەزار دینارت عەرزی کلارا کردووە تا بڕوات... وانیە؟**

**جیفوتا/ بەڵێ... چەندی دەوێ پێویستە بیدەینێ... گرینگ ئەوەیە بڕوات و لە کۆڵمان ببێتەوە.**

**میلاراد/ ئەم سەودایە بە قازانجی. هەردووکمان تەواو دەبێ... من و تۆ.**

**جیفوتا/ چۆن...؟**

**میلاراد/ چاك... بڕیارم داوە ئەم داوایە ئیمزا نەکەم،و کلارا بەو حیسابەی ژنی منە لێرە گل بدەمەوە، ئیدی لەم حاڵەدا پێویست ناکات تۆ بیست هەزار دیناری بدەیتێ... لە جیاتی ئەوە دە هەزاری بدە بە من و دە هەزاریشی بۆ خۆت هەڵبگرە... بەمجۆرە هەردووکمان قازانج دەکەین.**

**جیفوتا/ *(دەحەپەسێ)* هێواش... هێواش... تۆ یان وڕێنە دەکەی... یان هێشتا رابواردن و مەستی دوێ شەو بەری نەداوی.**

**میلاراد/ ئێ، وا من نیازی خۆم پێگوتی،و بە گوێی خۆت گوێت لێبوو.**

**جیفوتا/ نەخێر... گوێم لە هیچ شتێك نەبووە.**

**میلاراد/ باشە... من قسەکەی خۆم دووبارە دەکەمەوە *(بە دەنگی بەرز)* من قەبووڵم نیە ژنەکەم بە جێم بێڵێ.**

**جیفوتا/ ژنی چی؟**

**میلاراد/ ژنەکەم، ژنی خۆم.**

**جیفوتا/ ئەمە تۆ لە کەیەوە ژنت هێناوە؟**

**میلاراد/ لەو ڕۆژەوە کە لە کڵێسا مارەکراوە.**

**جیفوتا/ پێموایە باشتر وایە بڕۆی بۆ ژوورەکەی خۆت و هەرکە مەستی بەری دایت و وەخۆ هاتیتەوە، ئەوجا وەرە قسەم دەگەڵ بکە، ئەگەر مەبەستتە قسەت دەگەڵ بکەم.**

**میلاراد/ نا، من وەئاگام و زۆر بەجدی قسان دەکەم.**

**جیفوتا/ ئەمە چ جدیەت و وەئاگاییەکە، کە ژنی کەسێکی تر بە ژنی خۆت دابنەی؟!**

میلاراد/ یانی دەتەوێ بڵێی ژنی من نیە؟!

جیفوتا/ بێگومان... ژنی تۆ نیە.

میلاراد/ کەوایە، من کێ تەڵاق بدەم؟

جیفوتا/ ئەمە مەسەلەیەکی ترە... تکایە لەوەی پتر خۆت لە گێلی مەدە.

میلاراد/ گوێ بگرە باوکە گیان... من بە فەرمی ئەو ئافرەتەم هێناوە، کەواتە ژنی منە،و دەگەڵ مندا دەمێنێتەوەو هەموو شتێك دەبڕێتەوەو تەواو... ئێستا مەسەلەکە روونە؟

جیفوتا/ نەخێر... بۆ من روون نییە.

میلاراد/ چۆن... روون نییە؟!

جیفوتا/ روون نیە، چونکە خەریکە دنیام لەبەر چاو تاریک دەبێت، سەرم دەسوڕێ، پیاو کە پەریشانو گێژ بوو، هیچ شتێکی لەلا روون نابێت... ئێستا چارە...؟ نەخشەو پلانم کێشاوە، ماندوو بووم، پارەم سەرف کردووەو ئەوسا تۆ دێیتو دەڵێیت "ژنەکەم" نا... ئەمە دادت نادات کوڕەکەم. ئەمەت بۆ ناچێتە جەواڵەوە... نا بێسوودە هەوڵت... ئەمە قەبوڵ ناکەم تێدەگەی؟. نەخێر ئەمە قەبوڵ ناکەم.

میلاراد/ کە قەبوڵی ناکەی، بڕۆ تۆ کلارا تەڵاق بدە، من هەقم نیە، نامەوێ تەڵاقی بدەم.

جیفوتا/ حاشات لێدەکەم... تێدەگەی...؟ حاشات لێدەکەم... وەڵڵا بابە جوانە، ئەمەیە بیرکردنەوە...! کلاراو بیبیك! ئەگەر بە ئارەزووی خۆت دەکەی فەرموو بیانبەو بڕۆ، هەیدێ بن لەبەر چاوم.

میلاراد/ کە ئەمە ئارەزووی باوك بێت، هیچ چارێکی ترم نیە...

جیفوتا/ لە حزووری خەڵكو خوادا حاشات لێدەکەم... با هەمووان بێن بۆ ئێرە، دەمەوێ لەبەردەم هەموو خانەوادەکەداو بەشایەتی ئەوان حاشات لێبکەم... ***(دەرگاکە دەکاتەوە)*** مارا... مارا گیان هەمووتان وەرن.

"21"

## ( جیفوتا، میلاراد، مارا، سلاڤکا، بلاجویە )

جیفوتا/ ***(پاش ئەوەی هەموو دێنە ژوورەوە):*** دەی.. دەی گوێ بگرن... ***(بە میلاراد)*** قسە بکە... بە خۆت قسە بکە، چونکە ئەگەر من ئەم خەبەرەیان بدەمێ کەس باوەڕ ناکات.

مارا/ یا ستار...! مەسەلە چییە؟

جیفوتا/ ***(بە میلاراد)*** دەی پێیان بڵێ.

میلاراد/ هیچ شتێکم نیە بیڵێم.

جیفوتا/ مارا گیان کوڕەکەت... نایەوێ دەعوای تەڵاقەکە ئیمزا بکات...و دەڵێت کلارا ژنیەتیو دەیەوێت لێرە بمێنێتەوە.

بلاجویە/ ئا ئێستا؟

مارا/ ئەمە ڕاستە کوڕەکەم؟

میلاراد/ راستە! من ژنێکی باشم زۆر پێ باشترە لەم شەهادە قێزەونە، جا منێ کە ژندار بمو ژنم هەبێ، بۆچی ئەم زەواجە هەڵوەشێنمەوە.
بلاجویە/ هەروەها مناڵێکیش.
میلاراد/ بەڵێ... ئەگەر باوکم بیربکاتەوە، دەبینێ کە من بەلای کەمەوە سەد هەزار دینارم بۆ گێڕاوەتەوە.... پێویست ناکات بیست هەزار دینار بدات بە کلارا، هەروەها پێویست بەجیازیو خەرجیو مەسرەفی زەواجو پاشان غوسڵی تەعمیدی مناڵەکە ناکات...
جیفوتا/ ئەمە... یان شێتە یان پێمان ڕادەبوێرێ.
میلاراد/ من بە کەس ڕانابوێرم.... ئێوە لەوەی پتر چیتان گەرەکە... ژنێکی زۆر باشو سەلارو ئابڕومەند...
مارا/ پێموایە ڕاست دەکات جیفوتا... بووکێکی جوانو خاکیو بێ هەوایە.
جیفوتا/ تۆش؟! بێدەنگ بە.
بلاجویە/ بێدەنگ بە کورە، بێ دەنگ بە کچێ... لەوە زیاتر نازانی... خۆ ئەگەر هەندێ بە جددی بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، دەبینین ئەمەمان باشترە... تەواو سەرمان لێتێکچووە، بەسە.
جیفوتا/ تۆ سەرت لێ تێکچووە، بۆیە کەوتویتە وڕینەو خۆتیش نازانی چدەڵێی، بە خۆڕایی نیە کە مارا خوشکی تۆیە... هەمان ئەقڵتان هەیە... ئەوە ئێوە چ دەڵێن؟ شێتن یان سەرخۆشن...! لە چ زەمانو ڕۆژگارێکدا شتی وا بووەو دەبێت؟! لە کچی وەزیرەوە بێتە سەر کلارا...! عەجایەب! یەکەمیان جیازیەکی گەورەی لە پردو دنیایەك کیلۆمەتری هێڵی ئاسنو تۆنێلی بۆ دێناو دووەمیش بیبیکی بۆ هێناوە *(بە مارا)* تۆ.... هەموو خەتای تۆیە.. زۆرت ناز دایە... تۆ کلاراو بیبیکت خستە مێشکییەوە... بەڵام چاك بزانە...و با ئەویش ئەرخایەن بێت... تا من لە ژیاندا بم نایەڵم ئەمە سەر بگرێ... تێمدەگەن.... ئەمە قەبوڵ ناکەم *(تووڕەتر دەبێت)* هەر هەمووتان بۆ نەخۆشخانەی شێتان دەنێرم *(ئاماژە بۆ بلاجویە دەکات)* تۆش دەنێرم چونکە سەرت لێ تێکچووە، ئەم هەموو نەخشەیەت بۆ کێشام *(ئاماژە بۆ مارا دەکات)* هەروەها تۆش دەنێرم چونکە دەڵێی ئەمە بووکێکی نایابو خاکییە *(ئاماژە بۆ میلاراد دەکات)*.... هەروەها ئەمەش دەنێرم کە ئامادەیە ژنی کابرایەکی دیکە بخوازێ... هەر هەمووتان دەنێرمە شێتخانە. ڕێگەتان نادەم، شتی وا نەبووەو نابێت... تێدەگەن...؟ شتی وا قەبوڵ ناکەم.
مارا/ توو بی ئەو خوایە ئەگەر بێدەنگ نابی جیفوتا...
جیفوتا/ نا، ئێوە بێدەنگ بن... من کاتێ بێدەنگ دەبم کە ئەقڵم لە دەست بدەم... هەڵبەتە ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، لە دەستی دەدەم... حاڵی حازر هەست دەکەم خەریکە ئەقڵم لە دەست دەدەم.
مارا/ هەستە بڕو لە ژوورەکەی خۆتا ئیسراحەت بکە.
جیفوتا/ پیاو دەتوانێ لە ناو ئێوەدا ئیسراحەت بکات... باشتر وایە کلیلی ئەم ژوورەم بدەیتێ *(ئاماژە بۆ ئەو ژوورەی دەستە ڕاست دەکات، کە هەموو میوانەکانی لەوێ چاوەڕوانی دەکەن)*.
مارا/ کلیل نەدراوە.

جیفوتـا/ دەزانم کلیل نـەدراوە، بـەڵام کلیلەکـەم وێـدە تـا دەرگاکـە لەسـەر خـۆم دابخـەمو کـەس نارەحـەتم نـەکات... وازم لێبێـنن دەنـا شـێت دەبم *(کلیلەکـە لـە مـارا وەردەگرێـتو خـۆی بـە ژوورەکـەی دەسـتە راسـتدا دەکـات، کـەگوێی لـە ژاوە ژاوی موراجیعـەکان دەبێـت، بەوپـەڕی هەڵچوونو شپرزەیی دەردەفرتێتـە دەرێ...و دەرگاکـە لـە دوای خۆیـەوە بـە کلیل دادەخـات...)* خودایا... بێگومـان ئەمـە کەمینـە... *(بە خانەوادەکـەی خۆی)* ئـەرێ بـەزەییتان بـە بـابی خۆتانـا نایەتەوە... ئێوە زۆر چاك دەزانن کە دڵم نەخۆشە... نـازانم چۆن رێم دەدەن بچمە نـاو ئـەم شـارە زەردەواڵەیەوە...

*(لە ژوورەکەوە دەنگی هاوارو لێدانی دەرگاکە دێتە گوێ).*

مارا/ خودایا... جیفوتا بۆچی دەرگاکەت لەسەر داخستن؟.

جیفوتا/ هەر هەموویان لەوێن... پارچە پارچەم دەکەن... فریام بکەون... رزگارم بکەن... *(دیسان لە ژوورەوە لە دەرگا دەدرێ).*

میلاراد/ خۆ ناکرێ بەو دەقەوە لە ژوورەوە حەپس بن... کلیلەکەم بدەیە.

جیفوتـا/ هـانێ... ئـەوە کلیلەکەیـە، بـەڵام دەبـێ بـەخۆت قسـەیان دەگـەڵ بکـەیت... مـن نامـەوێ قسـەیان دەگـەڵ بکـەم *(کلیلەکـەی وێـدەداتو ماندوویـەتی پێـوە دیـارە... بەسـەر کورسـیەکەدا دادەڕمێ).*

*(میلاراد دەرگاکە دەکاتەوەو هەر هەموویان هوڕوژم دێننە ژوورەوە)*

"22"

**( جیفوتـا، مارا، میلاراد، سلاڤکا، بلاجویە، خـات دراجا، سویکا )،**

*(سیما، خات بروتتش، خات سباسویفتش، رایسەر)*

دراجا/ *(لـە جیفوتـا نزیـك دەبێتـەوە)* لـە ماڵەکـەی خۆتـا حەپسـمان دەکـەی؟ قەیـدی نیـە یـەکتر دەبینینـەوە... بـەڵام ئێسـتا هـاتووم پێـت رابگەیـەنم کـە هـەموو کیلۆمـەترەکانی، هێڵـی ئاسـن لـە مێشکی خۆت بسڕەوە.

*(جیفوتا بە حەپەساوی تێی دەڕوانێتو فزەی لە دەم نایەتە دەر)*

هـەردوو خـاتوون/ *(بـە یـەك دەنـگ)* ئەزبـەنی ئەنجوومـەنی کـارگێڕی داڵـدەی ژمـارە نـۆ، لـە کۆبوونـەوەی نـا ئاسایی خۆیـدا ڕای سپاردووین، کـە سـەبارەت بـەو پێشهاتەی دوێـنێ روویـدا، داوای ڕەدی ئیحتوبار بکەین.

*(جیفوتا بە حەپەساوی تەمەشای ئەوانیش دەکات)*

سباسویفتش/ کەمترین داوامان ئەوەیە کە پۆزشمان بۆ بێنێتەوە.

بروتتش/ دەبێ بە نووسین پۆزشمان بۆ بێنیتەوە.

*(جیفوتا، بەحەپەساوی تێیان دەڕوانێ)*

سویکا/ منو ئاغـای سیما هـاتووین... بـەڵام... پێویسـتە بـە تـەنیا قسـان بکـەین... ئەگـەر حـەز دەکەی با بچینە ژوورێکی تر. *(جیفوتا، بە حەپەساوی تەمەشای دەکات)*

رایسەر/ هاتووم دوعاخوازیت لێبکەم.... چونکە ئەم ئێوارەیە سەفەری ئەسینا دەکەم.

(جیفوتا بە واقی وڕەوە لێی دەڕوانیٚ)

هەموو ئەوانەی لە ژوورەکە بوون/ ***(بە یەك دەنگ)*** بەڵام بێدەنگیت بەڕێز ناکاتە....

جیفوتا/ ***(لە شوێنی خۆی هەڵدەبەزێتەوە)*** چیتان لێم دەویٚ؟! بەسە! لە تەحمولما نەما، وازم لیٚ بێنن... با بە دەردی خۆمەوە بتلێمەوە.

هەردوو خاتوون/ ***(بە یەك دەنگ)*** ئەمە کێشەی تایبەتی خۆتە.

جیفوتا/ کێشەی تایبەتی خۆمە... با کێشەی ئێوەش بیٚ... بە هەمووان دەڵێم،و با هەموو دنیا گوێیان لێم بێت... با هەموو جیهان بەکول و کوڤان و دەردو کەسەرەکانم پێبکەنیٚ... با گاڵتەم پیٚ بکەن.. گاڵتە بە خۆم و ڕیسوایی کوڕەکەم بکەن.

میلاراد/ باوکە... تکات لێدەکەم.

جیفوتا/ ***(هێندە توڕەیە گڕی لێدەبێتەوە)*** با هەموو دنیا گوێی لیٚ بیٚ... کوڕەکەم دەیەویٚ ژنێکی سەرکێش و ریسککار بخوازیٚ.. ژنێکی سووك و بەدرەفتار ***(هەموو سەریان سوڕ دەمێنیٚ).***

میلاراد/ باوکە ئەو چ دەڵێی؟

جیفوتا/ من ئەمە دەسەلمێنم...

میلاراد/ فەرموو بیسەلمێنە بەڵام لە بەردەم خۆیدا... لە بەردەم ئەم ژنەدا کە تۆمەتباری دەکەی. دەی بیسەلمێنە... (بەرەو دەرگای دەستە چەپ دەڕوات و بانگ دەکات) کلارا... کلارا... کلارا...

## "23"

### ( هەمووان، کلارا )

میلاراد/ *(دوای هاتنی کلارا، بەبابی دەڵێت)* دەی... قسە بکە.

جیفوتا/ من لاریم لە قسە کردن نییە... تۆ بە خۆت لەم ژنە بپرسەو با پێت بڵیٚ ئەم پیاوە، ***(دەڕوانێتە دەعوای تەڵاقەکەی کە لە گیرفانیا بوو)*** ئەم یوهان فولفگانگ گوتەیە کێیە.

رایسەر/ ***(کە گوێی لە ناوەکە دەبێت، سەر هەڵدەبڕیٚ و یەکسەر وەکو ئەوەی محازەرەیەك بدات، دەست بە قسە دەکات):*** یوهان فولفگانگ گوتە، بەناوبانگترین شاعیری ئەڵمانییە، لە بەرزە خەیاڵیدا بیٚ وێنەو بیٚ هاوتا بوو، خودانی فیکرو هزرێکی قووڵ بوو... لە ساڵی 1749دا لە فرانکفۆرت – ئەلجا– ماین لە دایك بووەو لە ساڵی 1832دا لە شاری فیمیر کۆچی دوایی کردووە، "یوهان کاسبار گوتە"ی باوکی، شیرەتکاری تزار بوو، باوکی لە ساڵی 1710دا لە دایك بووەو لە ساڵی 1782دا مردووە، بەڵام دایکی، واتە کاترینا ئەلیزابت تکستر لە ساڵی 1731دا لە دایك بووەو لە ساڵی 1803دا مردووە... گوتە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە دۆستایەتی کارل ئۆگستۆسی دۆکی فیمیر بە دەست دێنیٚ کە خەڵات و دیاری زۆری دایە....

جیفوتا/ ***(بە نائومێدی و بەوپەڕی بێقەرارییەوە):*** پەنا بە خوا...! کەی دەڕوات و لە کۆڵمان دەبێتەوە ***(بە رایسەر)*** من سەرم گێژ دەخوات و تۆش محازەرەمان بۆ دەخوێنیتەوە. کلارا... دەی بڵیٚ، بە ڕاشکاوی بیڵیٚ هیچ پەیوەندییەکت دەگەڵ ئەم یوهانەدا هەیە...؟

کلارا/ پەیوەندی چیم لەگەڵ کەسێك دا هەبێ، کە هەشتا ساڵ بەر لە بوونی من مردبێ؟

جیفوتا/ بە هەشتا ساڵ بەر لەوەی تۆ لە دایك ببی مردووە؟ بەڵام خۆ تۆ بەزاری خۆت گوتت کە پەیوەندی نهێنیی و ژێراو ژێرت لەگەڵ یوهان فولفگانگ گوتەدا هەیە.

میلاراد/ دەتەوێ دەعوای تەڵاقەکە ئیمزا بکەم؟

جیفوتا/ بە هەر حاڵ... لە دوای مردوو ڕەحمەت. رەحمەتی خوای لێبێ... پێویست ناکات باسی بکەین، ئەدی مەسەلەی (تیتولیسکو) *(بە میلاراد)* چیە، لێی بپرسە ئەم تیتولیسکویە کێیە؟

میلاراد/ جا ئەمە شتە تا لێی بپرسم. تیتولیسکو وەزیری دەرەوەی ڕۆمانیایە.

جیفوتا/ خودایا...! ئەمە چیە، ئەم چاووڕاوە چیە لێمی دەکەن؟! دنیا لەبەر چاوم دەسوڕێت... هیچ نابینم، خەریکە دەخنکێم...

## "24"

### (هەمووان، فیلیمیر)

***(فیلیمیر وەژوور دەکەوێ)***

جیفوتا/ ***(هەر کە فیلیمیر دەبینێ وەکو درندە پڕی دەداتێ و دەیەوێ دەست بناتە بینی):*** تۆ، هەی دز... ئەم هەموو کەتنەت پێ دام ***(کۆڵەمستی بەرز دەکاتەوە. هەراو هەنگامەی ئامادە بووان بەرز دەبێتەوە).***

سلاڤکا/ ***(بە غار دەڕوات و دەکەوێتە بەینی بابی و فیلیمیر، تا بەرگری لە فیلیمیر بکات):*** باوکە گیان ئەم خەتابار نیە، بێگوناحە.

جیفوتا/ نەخێر... تاوانبارە... بەڵێ هەموو ئۆینەکە لە ژێر سەری ئەمەدایە، دووقات تۆڵەی لێدەکەمەوە... وای لێدەکەم قەت لە بیرم نەکات ***( بە فیلیمیر)*** جەرگت دەبڕم... تێدەگەی...؟ روحت دەردێنم... تۆ چی دەڵێی؟ پێت وایە ژنی تۆیە؟ ***(ئاماژە بۆ کلارا دەکات)*** نەخێر... ژنی کوڕی منە... ژنی کوڕی منە... وا نیە میلاراد؟ ***(هەموو تەمەشای یەکتر دەکەن)***

میلاراد/ بەڵێ... ئەمە راستە.

جیفوتا/ وایە کلارا...؟

کلارا/ ***(ڕێکتر دەوەستێ و تەمەشای ئەوانی تر دەکات و کە نیگای لە نیگای فیلیمیر هەڵدەنگوێ، بە شێوەیەکی بنجبڕو بێ دوو دڵی دەڵێت)*** بەڵێ، وایە ***(لە ماراو جیفوتا نزیك دەبێتەوە...و دەستی هەردووکیان ماچ دەکات).***

***(هەمووان، سەریان سوڕ دەمێنێ)***

سلاڤکا/ ***(بە فیلیمیر)*** خەم مەخۆو ورە بەر مەدە.

جیفوتا/ ***(بە فیلیمیر)*** بینیت چیت بەسەر هات؟

***(فیلیمیر بزەیەك دەکات و شانەکانی هەڵدەتەکێنێ)***

بلاجویە/ زۆر باشت کرد جیفوتا گیان... مردوو لەوە پاکتر ناشۆردرێ.

جیفوتا/ ***(هەناسەیەك هەڵدەكێشێ):*** من ئیعتراف دەكەم... وەزیرم لە دەست چوو...و هەموو شتێك بە فیڕۆ چوو... پێموا بوو هەموو شتێك بە پارە دەكڕدرێت، بەڵام ئێستا گەییومەتە ئەو قەناعەتەی هەرچییەك بە پارە بكڕدرێ... ئەقڵ بە پارە ناكڕدرێ.

مارا/ ***(دەستی بیبیك دەگرێت و دەیبات)*** ئۆخەی...! خەنی لە خۆم. لە هەموو شتێك زیاتر خۆشحاڵی چارەنووسی ئەم منداڵەم.... ئەم بەستەزمانە چۆن دەیتوانی لە وڵاتێكی بێگانە بژیو هەڵبكات؟ بە درێژایی ئەم ماوەیە وەكو بەرخۆلەیەكی ئارام بە دەورماندا دەسوڕایەوە، جاری بەدەوری تۆداو جاریَ بە دەوری مندا...

جیفوتا/ ئێی...! مارا...! دەبێ مل بۆ ئەم واقیعە بدەین ***(بیبیك لە هەمێز دەگرێت)*** دەبین بە هاوڕێی نەوە چكۆلەكەم... هەر چیم هەیە لە سۆنگەی تۆوە ژێرو ژوور بوو، ئێ ئەمە رۆژگارە، بەڵكو هەر هەمووی چاك بكەیتەوە... لەوەیە تۆ، ئاواتەكانی باپیرت بێنیتە دی ***(دەست بەسەریا دێنێ)*** ماریتسا... ئەم شەهادەیە دەربێنەو، بیبەو لە كوێی فڕێ دەدەی فڕێی بدە.

میلاراد/ فڕێی بدە هەورەبانەكە.

جیفوتا/ بەڵێ فڕێی بدە هەورەبانەكە. بەڵام ئاگاداربە چوار چێوەكەی خەراپ نەكەی، رەنگە بۆ پاشە رۆژ بە كەڵك بێ، رۆژێ لە رۆژان شەهادەیەكی ڕاستەقینەی بخەینە ناو كە بە خەتی درشت لێی نووسرابێ "دكتۆر بیبیك تسفیوفتش".

***

## به دوعا شاعیرەکان!!
## "شانۆنامەیەکی یەك پەردەییە "
## نووسینی: جەلیل قەیسی
## گۆڕینی: حەمەکەریم عارف

باخچەیەکی بەرین لەو باخچانەی کە بەهاران بە تایبەتی رۆژانی هەینی جمەی دێت لە سەیرانکەرانا.. بە دەستە چەپدا درەختێکی "گێلاس" هەیە.لە دوورەوە خانووی دارو تەختە بەرچاو دەکەوێ، و خاچی کلێسایەك دەبریسکێتەوە... باوەشی باخچەکە تەژییە لە گەڵای وەریوی سیسەوە بوو... ناو بە ناو تەوژمە بایەك هەڵ دەکات و ئاوازی ئورگونی یەکێك لە – کانتەکانی– باخ–ی مۆسیقا ژەن.. فنسنت کوخ بە هەنگاوی شل و شێواوەوە دێتە ژوورەوە.. نەخۆش، شەکەت، خەمین وڕەنگ زەرد... جارێ بەوپەڕی خەمبارییەوە قسان دەکات و جارێك وڕینە دەکات، ئەوجا بە کەسەرەوەو بە شێوەیەکی لەبەر دڵان...

***کوخ:*** "گوێ بۆ ئۆرگونەکە رادەدێرێ" ئاه، دەتوانم باخ–ی مەزن بێنمە بەرچاوی خەیاڵم کە لە پشت ئۆرگونی کلێساکەوە دانیشتووەو عەودالی باوەڕە... عەودالی ئاوازە... ئێی "باخ بە شێلگیرییەوە دەگەڕاو ئەو ئیلهامەی لە رەسمە ئاینییەکانەوە وەردەگرت کە باری ترس، ملکەچی، چزی پەشیمانی لەسەر شان سووك دەکرد.. قلیانەکەی دەردێنێ... بە تامەزرۆییەوە مژی لێ دەدات و گوێ بۆ پاشماوەی ئەو ئاوازە دەگرێ کە بە ئارامی و ناسکی ون دەبێ.." باخ خەیاڵێکی مەزنە... "هەندێ بڕگەی ئاوازەکە بە دەمی دەڵێتەوە، لە دار گێلاسەکە ڕادەمێنێ.. دەست لە دووبارە کردنەوەی ئاوازەکە هەڵدەگرێ. درەختەکە دەدوێنێ" تۆ، تۆش نەخۆشیت؟ قەدی درەختەکە دەگرێ.. وەکو من پڕ بێزاریت.. ئەی درەختە قەشەنگەکە، تۆ بڵێی کاممان ئەوی ترمان نەمر کردبێ!. من لە تابلۆکەم دا، یان تۆ وەکو بوون..؟ (1)

عەیامێکی زۆر پێوەت ماندوو بووم، کە بە وریایی، بە بێدەنگی و ماتی دەمگوازتیتەوە بۆ سەر پارچە.. "هەڵوەستەیەك" وەلێ تۆ هەنووکە جوانتری... خوایە چەند ئیشتیا بزوێن دەنوێنی، ئێستا چەند نازداری لە سایەی ئەم هەتاوە زەرد باوەدا.. هەتاوی پایز... ئاه... "لەبەر خووە" ئا، ئەی فاوست چەند لەسەر هەق بوویت کاتێ کە دەتگوت و دەتگوتەوە: ئەی چرکەکان بوەستە چونکە تۆ جوانی.. "لە درەختەکە ڕادەمێنێ" تۆ هەنووکەو لە سایەی ئەم هەتاوە زەرد باوەدا گەلێ جوانتری. ئەو رۆژەی وێنەم کێشایت بوونەوەرێکی دی بوویت.. چەندت لێ ورد بوومەوە، چەندت بە دەورا هاتم، چەندێ بیری خۆم گۆڕی، رەنگەکانم گۆڕین، خوایە، وەکو سیحربازان ئێستا بە شێوەیەکی دی خۆت دەنوێنی. "شەپۆلە بایەك دێت، گەڵا زەردهەڵگەڕاوەکان لێرەو

لەوێ ڕادەماڵێ. دادەنەوێتەوە گەڵایەك هەڵدەگرێ" زەردە وەك ئەوەی دووچاری سیل بووبێ...
"هەناسەیەكی قوول هەڵدەكێشیت" ئێی، دوای چەند ڕۆژێكی دی زستان دێت، ئەوجار بەهار، لەگەڵ بەهاردا ئاوات دێ، و خەون و خۆشەویستی دێن... دووبارە بوونەوەیەكی بێزاركەرو جوانە.. ئاه، ئەی سروشتی جوان هەر خۆت زمانی شارستانییەتی ناوەوەت دەزانیت.. تەنیا خۆت وەكو بریتوس (2) لەگەڵ وەرزەكانتدا ئاوێتە دەبی و شەكڵی وان وەردەگرێ... "بە دەم قلیان كێشانەوە هەندێ بڕگەی ئاوازەكەی باخ دووبارە دەكاتەوە... بە دەوری درەختەكەدا دەخولێتەوە.. تەماشایەكی ئاسمان دەكات..."
پەح كە گەواڵە هەورێكی كۆچەری و جوانە... ئاخۆ كام نیگاركێش دەتوانێت ئەو هەورە بە جۆشانە بە دەم كۆچ كردنیانەوە وێنە بكێشێت.. ئاه، بۆ كوێ كۆچ دەكات؟؟ ڕەنگە بۆ ئەو دوڕگە دوورانە بچێ. بۆتاهیتی كە گۆگانی خۆشەویست لەوێ دەژی... گۆگان، "بە دەنگێك لەوپەڕی خەمباری دا:" ئاه... هەنووكە لە كوێی ئەی كەڵە داهێنەر.. ئەی ئەو كەسەی بێ ئیختیار خۆمان دەخستە بەختی تابلۆ مەزنەكانتەوە، خۆمان دەخستە ئامێزی تابلۆ و وتە شیرینەكانتەوە، تۆ لەكوێی."هەڵوەستەیەك" ئێی، گۆگانی دژوار هەمیشە دڵی بۆ دەكردینەوە تا لەوێوە روو لە گشت دەرگاكانی دنیا بكەین.. "بە سەدایەكی لەرزان" هەنوكە بە تەنیا دەژیت... "لەگەڵیا دەدوێ وەكو ئەوەی گۆگان لە بەردەمی بێ": گۆكان، دەزانم، بۆیە سەری خۆت هەڵگرت كە لە جوانی بێگەرد بگەرێی.. لە موچوڕكەو تەزووە ساف و گەشەكان، لە هەڵچوونی راستەقینە، لە دلێری بگەڕێی.. "بە سەدایەكی نووساو": دەزانم، ئەی گۆكان تۆ وەكو فەیلەسوفەكانی یۆنان "قاقایەكی توند لێدەدات": ئاه... نا، نا، نا... گاڵتەم پێ مەكە.. دەقاو دەق وەكو فەیلەسوفەكانی یۆنان باوەڕت وایە كە ترسی تەواو مەرجێكی پێویستە بۆ ئەوەی ئینسان ببێ بە حەكیم،و خوڵقێنەری جوانی. "هەڵوەستەیەك.. قلیان دەكێشێت": داخۆ لەوێ جگە لە دارستانی بەرین، و دەریای گەوهەر ئاسا،و باڵندەی رەنگاو رەنگ چ شتێكی دی هەیە... هەر خۆم دەزانم ئەی گۆگان چەند تینوو و تامەزرۆی گەشت و بینینی دووڕگە دوورە دەستەكان بوویت، بۆرژوازیەت ئەی گۆگان دەستی داوەتە لەوتاندنی بێگەردی و جوانی لێرەدا... ئاه، خوزی دەمبینیت كە بە نێو دەغڵەكاندا دەڕۆیت و فڵچەو پارچەكانت داوە بە كوڵا و دیمەنان ڕاو دەكەیت، و ژنە ئەسمەرە خەواڵوەكان، مانگۆ فرۆشەكان ڕاو دەكەیت... "پێكەنینێكی دێوانە وار" تۆ عاشقێكی گەورەی.. لێ ئاخۆ ماقولە كە تۆ ماندوو نەبیت؟ ئەرێ بێزار نەبوویت ئەی ئەو كەسەی كە هەموو پاریس سەریان لێت سوڕما.. "بەچپە": ئەی گۆگان لە روتینی نێو دەغڵەكان وەڕس نەبوویت؟ ئاه، چەند بە حیلمی گۆگان... "هەڵوەستەیەك... بێدەنگی. چەند بڕگەیەك لە (كانت)ی باخ دەبیسترێ...": ئاه، ئەی خۆشەویست ئایا لە دنیادا هونەرێكی قەناعەت بەخش و جوان هەیە كە زۆرمان لەسەر نەكەوێ، بەڵكو یەكجار زۆر... "ئاوازەكە بەردەوام دەبێ، ئەویش هەندێ بڕگەی دەڵێتەوە".. گۆگان ئایا ناو بە ناو یادم دەكەیتەوە، بیرت دەكەومەوە؟ لەوانەیە... پێم وانیە لەوانە بم كە لە بیر بچم.. ها ها ها ها.. وا نیە؟ بێگومان یادم دەكەیتەوەو لەبەر خۆتەوە دەڵێی: ئینسانێكی چاكە، پاكە، بێ دەرەتانە، بەڵام گیانی شادی نوقستانە... ها ها ها ها...

"بەچپەوە": ئاه، ئاخۆ ئە گۆگان یەکێکی وەکو من گیانی شادی دەبێت لە کاتێکدا سەردەمێکی منداڵی پڕ لە مەترسی گوزەراندووە، پڕ لە ملکەچی و چەوسانەوە.. "بە سەدایەکی خەمناک و نزم": هەمیشە بیر ئاڵۆز، دڵ گۆشراو بووم بێ ئەوەی بە دەستی خۆم بێ... "بزەیەك، ئەوجا بزەکە بە خێرایی دەبێت بە پێکەنینێکی هستیریانە" :ئەی تۆ؟ ئاه لە تۆ... وێڕای گرژیت، هەمیشە خۆزگەکان ناختیان رووناك دەکردەوە... ئەی بێ موبالات ئاخۆ کەسانی وەك تۆ نائومێدی دەناسێت... هەرگیز... هەرگیز... هەموومان سەرمان لەسەر سەختیت، لە بە سەبریت، لە منجریت سور دەما.. گۆگان بۆ لە نامەکەتدا پێت گوتووم، وەختێ یادم دەکەیتەوە فرمێسکەکانت بیر دەکەویتەوە.. ئەو فرمێسکانەم کە لێیان دەترسیت... کام فرمێسکت مەبەستە؟ فرمێسکە کپ و بێدەنگەکانم؟ ئایا بەڕاستی فرمێسکی بێدەنگ زۆر ترسناکە... "هەڵوەستەیەك... جارێکی دی قلیانەکەی دادەگیرێنێ ، بە تامەزرۆییەوە دەیکێشێت..." ئێی گۆگان، ئەو رۆژەی کە ناسیتم ژیانم لێدەتکا... پێم دەگوتیت، با وەکو با خێرابین لە کار کردنا،و تۆش پێت دەگوتم: سەبر بکە فنسنت... "بە تووڕەیی" دەمگوت: "گۆگان کەمیل دیمولان(3) لە تەمەنی 23 ساڵیدا زیندانی باستیلی روخان...و تۆش بە ساردییەوە وەڵامت دەدامەوە: ڕاستە ئەی گوایە بنیاتنانی دێری مەزن گاڵتەیە... ها ها ها ها ... "دەوەستێ". بە تامەزرۆییەوە قلیان دەکێشێت.. شان بە قورمەی درەختەکەوە دەدات.کۆمەڵە دەنگێکی تێکەڵ و پێکەڵ دەبیسترێ،و توانج و پێکەنینی پچڕ پچڕ... خودانی ئەم دەنگانە لەسەر شانۆ دەرناکەون. کوخ بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە سەیریان دەکات.."

***دەنگی کیژێکی جەحێڵ:*** "بەناسکی" :ئازیزەکەم، پایز هەمیشە هەر خەمبارە، دێت تا هەموو شتێکی نێو سروشت تووشی سیل بکات...

***دەنگی پیاوێك:*** و گشت ئەم سروشتە دەوڵەمەندە رەهەندەی نەبوون بکات. "هەموو پێدەکەنن..." : ئاه، تەنانەت پاریسی جوانیش لە پایزدا وەکو بێوەژن دەنوێنێ... "قاقایەکی توند".

***دەنگی پیاوی 2:*** بەڵام گوێ بگرن، وێڕای ئەم خەمگینییە تاڵەش، با دان بەوەدا بنەین کە پایز تامێکی تایبەتی هەیە...

***دەنگی کیژێکی جەحێل:*** بەڵێ... تامێکی ترش.. تامێکی کلۆڵ... ئۆه، نا نا تکایە شۆخی مەکە... چ تامێ؟ بە کورت و کرمانجی سروشت وەکو منداڵێکی کفت و شەکەت لە پاییزدا خەو دەیباتەوە...

***دەنگی پیاوی 1:*** چی!! خەو دەیباتەوە! بە پێچەوانەوە لە پاییزدا دەنەڕێنێ، لە پاییزدا هەناسەدان و هەناسە وەرگرتنی تووڕەی دەست پێدەکات...

***دەنگی کیژێکی جەحێل:*** دەشێت.. لە پاییزدا هەست بە خەم دەکەم، بیری هەندێ شتان دەکەم نایان زانم.. "هەڵوەستەیەك": دەی با لە هەوای ئازادا پرۆڤە بکەین.. تەنیا دوو هەفتانمان بە دەستەوەیە بۆ پێشکەش کردنی شانۆگەرییەکە.. "بەشەوقەوە": جوانترین شت لەم وەرزە پەستەدا ئەوەیە کە خۆمان لە نێو پرۆڤەکانی شانۆدا، یان لە نێو ئەزبەرکردنی وشە قورسەکانی

گۆڕانی دا دەنیـژین، دەی لاپـەڕە 107 بکەنـەوە... بـەڵێ ئێمـە هەنووکـە پڕۆڤـە لەسـەر دیمـەنی شەشەم دەکەین... بخوێنەوە پیر هوراس... "بەتەوسـەوە" پیر هـوراس لـەکانگای رۆمـای کۆنـەوە باز دەدات بۆ نێو ئەم باخچەیە(4)... چاکە.. دەست پێبکە هوراسی ئازیز..

***پیر هوراس***: "ئـەم دیمەنـە بـە جۆرێ پێشـکەش دەکرێ وەك ئـەوەی ئەکتـەرەکان لەسـەر تەختـەی ئاشۆ بن.. و خـۆزی بـە نوانـدێکی شـانۆیی کاریگـەر بخـوازن". هاتوویـت مـژدەی سـەرکەوتنمان بدەیتێ جولیا؟

***جولیا:*** هاتووم‌و ئەنجامی جەنگە بەڵاکەم پێیە. کوڕەکانت بەزین‌و رۆما سەری بۆ ئـەلبا شـۆڕ کـرد، لە سێیان دوویان مردن، و تەنیا مێردەکەی ماوە.

***پیر هوراس***: کە ئـەنجامێکی شـوومە. ئـەنجامێکی شـووم بـۆ جـەنگێکی مـەخابن!رۆمـا زەلیلـی بـەر دەستی ئەلب دەبێ‌و تا دوا هەناسە بەرگری لێناکات. نا نا... مەحاڵـە ئەمـە ڕاسـت بـێ.. هـەڵیان خەڵەتاندووی جولیا.. مەحاڵـە کوڕەکـەم لـە ژیانـدا بـێ‌و رۆمـا سـەر شـۆڕ بکـات. مـن خـوێنی خـۆم چاکتر دەناسم،و ئەویش ئەرکی خۆی چاکتر دەزانێت.

***جولیا*** : هـەزارانی وەکـو مـن توانیـان ئـەوە لـە پشـت شـوورەکانمانەوە ببیـنن... سـەرنجی خـەڵکی راکێشـا.. بـەڵام وەخـتێ بـینی بـە تـەنیا لـە بەرانبـەر سـێ دوژمندایـەو خـەریکن دەوری دەگـرن. قوچانی وخۆی ڕزگار کرد.

***پـیر هـوراس***: ئـەی سـەربازەکانمان، ئـەو سـەربازانەی خیانـەتی لێکـردن نـەیان دۆزییـەوە؟ ئـەم ترسنۆکی نامەردەیان لە ریزەکانی خۆیاندا وەرگرتەوە؟

***جولیا*** : نەمویست دوای ئەم بەزینە حەیا بەرەیە چ شتێك ببینم.

***کـوخ***: "بـە گـەرمی چـەپڵە لێدەدات..." پـاح کـە ئیلقایـەکی جوانـە... خـوزی کـورنی زینـدوو بـاو گوێی لێ دەگرتن، ئاه، بێگومان لە خۆشیاندا بـە گـەرمی ماچـی دەکـردن.. "تووشـی حاڵـەتێك لـە حاڵەتـەکانی هەڵچـوونەکانی دەبـێ...": تـۆ لـە بـاری جولیـا خـانم.. کـە کیـژێکی خشـکۆك‌و نازداری... بێگومان کورنی جولیایەکی لە خەیاڵی خۆی دا چێکردووە کە تـەواو لـە تـۆ دەچێـت.. پاح لـە سیمای رووت.. لـە سیمای رووی منداڵێك دەچێت.. "بـە گەرمییـەکی پترەوە" : دەتـوانم وێنـەت بکێشـم.. بـڕوام پێبکـە دەتـوانم تەنانـەت سـەدا ناسـك‌و خوشکەشـت ڕەسـم بکـە... "پێدەکەنێ": تەشقەڵە مەکە جولیا خانم... ئاه.. سوێند دەخۆم کە دەنگت لـە دەنگـی ئیسـرافیل خۆشـترە... دەزانـی ئیسـرافیل کێیـە؟ نـا.. نـا.. باشـە، گیتـارژەنێکی فریشـتەییەو خـودان دەنگـی ناسکە لە نێو گشت خەڵقەکانی خـوادا.. "بـە خـەمباری" : جولیـا، رۆژێـك دێـت بـە خـەیاڵی خـۆم وێنەت بکێشم... مـن خـەیاڵێکی گـەرمم هەیـە جولیـا خـانم،و دەتـوانم هـەموو شـتێك بگـەڕێنمەوەو بیخەمـە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتی خۆمـەوە..و "هەڵوەسـتەیەك. بـە ترسـەوە..و بـە شـەرمەوە" : بیڵێرەوە، ئەگـەر یـەك ڕسـتەش بـووە بیڵێـرەوە، یـەك ڕسـتەی کـورنی بڵێـرەوە، تـاکو سـەداکەت لـە مێشکی خۆمدا بنەخشێنم... دەی ئەی فریشتەکە، جولیا بە تەماشاکەرانی خـۆتم بزانـە... مـن لـە سـەدان بینـەر بـەهێزترم دەی... یـەکێك لـەو بەیتـە جوانانـە بڵێـرەوە.. لەمـەڕ جـەنگ.. کـێ سەرکەوت.. دەی... "هەڵوەستەیەك. بێدەنگ..."

***دەنگی کیژێکی جەحێڵ:*** ئەمە ئەو وێنە کێشە شێتەیە کە بەری عەیامەکی گوێی خۆی بڕی.. با بڕۆین.. "دوور دەکەونەوە. کوخ چەپڵە لێدەدا، ..بە دەنگی خەمناك و کەسەردارەوە".

***کوخ:*** ئێی جولیا خانم.. خۆش بە حاڵی ئەوەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان کلیلی دڵت دەناسێت.. ئێی گەلێ کەسان دەبزوێنی و سەرسام دەکەیت،و ئیلهامیان لە سروشتی مێینەییتەوە پێ دەپەخشیت. "هەڵوەستەیەك.. بە تاسەوە قلیان دەکێشێت.": ژن.. جگە لە ژن کێ دەتوانێت جوانی روح لەلای پیاو بدۆزێتەوە.. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم هۆیەش بێ دەبینین لوتریك(5) لوتریکی مدمین لەسەر ئافرەت، هەمیشە گەش و شادو شۆخیبازو بێ خەمە... "بێدەنگی..." : لێ دەزانم لوتریك وێڕای شادی چەندە لە ناخدا دەسوزێ... "هەڵوەستەیەك.. لە پڕ لە قاقای پێکەنینێکی توند دەدات": ژن دێوانە ئاسا بە سەریا دادەبارێن، و لە من ڕادەکەن... بۆ؟ چ شتێك لە ڕوومدا هەیە کە وا لە ئافرەت دەکەم دوور بکەونەوە... بەڕاستی من ناشیرینم؟؟ خوایە تەنانەت کریستین(6)، کریستینی شێواو، قەمور، سۆزانی، گشت یارمەتیەکانی ڕەفز کردم و هەڵات... ئەرسولای کچە پلکم، نازانم بۆ لێم ترسا، لە سۆزو گودازەکانم ترسا... خوایە، تۆ بڵێی لە چارەم نووسرابێ کە لە ژیاندا تووشی ئەو ژنە نەبم کە لە ناخا خۆشم دەوێ، بگرە تەنانەت ئەوەی بە زەییم پێدا دێتەوە؟ بۆچی؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کاتێ خۆشەویستی دەکەم بەدڵسۆزییەوە دەیکەم؟ ئێی، لەوانەیە جۆرە گەوجێتیەك لە دڵسۆزیدا هەبێ... "هەڵوەستەیەك": و گۆگان ئەی خوا، ئافرەت دەکەونە سەر لاقی و ئەویش تێیان هەڵدەدا... "بە چپەو خەمبارییەوە"و منیش... هەر کاتێ خۆشەویستی خۆم بە دڵ لە دەوری ئافرەتێك گێڕاوە، بۆم بووە بە کارەسات... "بە تووڕەییەوە وەکو یەکێك گازەندە بکات" : بۆ کەمێ ئارام ناگرن تاکو بزانن چ روحێکی پڕ لە هاڕەو هاژەم لە ناخدایە.. بۆ ئارام ناگرن تاکو بزانن چ سەرنجێکی تیژم پێیە، و چ شتێکی نەبینراوو دەبینم کە لێرەو لەوێ شاردراوەتەوە... "وەکو یەکێك بگری" : خوایە خۆشەویستی هەمووانم خواردەوە، پڕ بووم، بەڵام جگە لە تیو"ی خۆشەویست چ کەسێك خۆشەویستی خۆی پێ ڕەوا نەبینیم... "هاوار دەکات": تیو... تیو... "بە دەستی لەرزۆکەوە قلیانەکەی دادەگیرسێنێ... دەیکێشێت و بە دەوری قورمەی درەختەکەدا دەسووڕێتەوە.. هاوار دەکات": تیو گیان کێ دەتوانێ کێشەکانی ناخم هێور بکاتەوە... ئەوەتا گەردەلوولی بیرو باهۆزی ڕەنگ و بابەتەکان لە ناوەوە دەم هەژێنێ... "وەکو ئەوەی تیو لە بەردەمی دا بێ بیدوێنێ" : تیو گەیوومەتە ڕادەیەك لە ئازارا ، تەنانەت گەورەترین سەرکەوتن ناتوانێ لە ئێستا بە دوواوە ڕزگارم بکات. تامەزرۆیی، و سەرنەکەوتن، و تەوس و توانجی ڕەخنەگران، بەرەڵایی ئەم گەلە سەرنەکەوتوانە،و ئەم فیتە بێ دەنگ و ئانقەستە، پرزەیان لێ بڕیوم، کاڵای شادی و ئاواتیان لەبەر باڵای ڕوحم دادڕیوە... "بە دەنگێکی وەکو هاشە" ڕێگام دوورە، مەنزڵم شێتییە... شێتی چۆن دەست پێ دەکات تیو؟ بە زنجیرە شکستێك دەست پێدەکات.. ئاە، خۆ سەراپای ژیانم شکست بووە، هەر خۆم ئەم ڕاستییە دەزانم تیو گیان... من کاتێ کە دەڕوانمە ئاسۆی ژیانم و ئەو پڕۆژانەی لەسەریم ڕەسم کردوون، چی دەبینم؟... گومڕایی.. کلۆڵی... کوێرەوەری.. منێ کە هەمیشە تیو گیان، خەونم بەوەوە بینیوە کە پڕۆژەکانم هێژا بن.. "هەڵوەستەیەك... بەتوڕەیی و

کەسەرەوە": وەکو تابلۆ فرۆشێك بە زیم... هەندێ بۆرژوای چەپەڵ دوژمنانە باسیان کردم.. تابلۆی مردو دەکڕن و پارەی مۆڵ دەدەن.. قێزیان لەوە دێتەوە جوتیارو کرێکار لە تابلۆدا ببینن.. کاتێ دەڵێم پێویستە هەموو شتێك لە تابلۆدا بجوڵێ، رەخنەگرەکان پێدەکەنن. ئەوجا تەشقەڵە دەکەن.. خوایە کە دەڵێم من کاتێ رەسم دەکەم جوڵەی گشت شتێك دەبینم پێ دەکەنن... کە دەڵێم ئەوەی رووی داوەو لە سروشت دا روو دەدات، لە دیوارا، لە دارا، لە روودا دەبینم پێدەکەنن.. تیو.. چی ترت پێ بڵێم.. وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانە، وەکو کتێب فرۆش، وەکو کەشیش، وەکو کرێکاری کان، وەکو هەموو شتێ هەر سەرنەکەوتن بوو بەشم... ئاه، تیو گیان لەوێدا لە کانگای کانەکانەوە، لەگەڵ کرێکاراندا هەستم کرد کە چ زوڵمێکی قرقوشمین بەسەر ئەم توێژە چاکەی بەشەڕدا دەڕێژرێ.. چ ژیانێکی بێ مانا، پەست،و بێ نرخیان بۆ ساز کردوون... خۆزیا دەمزانی دەبێ چییان لە پێناودا بکەم... ئێی برا باشەکەم ،من باری شانتم بەداخوازییە زۆرەکانم قورس کرد.. بە بێزاری، بە حاڵی کلۆڵی، بە هەژاری، بە نائومێدیو بە ئاواتە درۆزنەکانم باری شانتم قورس کردووە... "بزە دەیگرێ" : تۆ زۆر باشیت تیو گیان... گەلێك بەخشندەی...و دڵ فراوان... دریغیت بۆ نەکردووم... گشت ئەمانە ویژدانم ئازار دەدەن... بەڵام بەردەوامیت، لە پای چی، لە کاتێکدا زۆر چاك بۆت دەرکەوتووە من هونەرمەندێکی فاشیلم...تۆو جوهانا(8) تاوانتان چییە کە باری نائومێدیو هەژاریو ژانەکانی من هەڵبگرن. ئێی، تیو گیان دەزانی کە سەرسامیو سەرگەردانی دەتخاتە گێژاوی خۆیەوە چی دەگەیەنێ؟... نا نا... بەسە... تەوسو توانجەکانی بابمت دێتەوە بیر...و چۆن دەهاتمە بەرچاوی خانەوادەکەمان؟ ئینسانێکی بێکارە،، هیچو پوچ.. سەرگەردان.. "ئاوازەکەی باخ بە ئەسپایی دێتە گوێ..": تیو، دەزانی ئەو تابلۆیانەم کە لەلای تۆنو ئەوانەی لە ژوورە بچکۆلەکەمدان چ رەنجێکم بەڕەسم کردنیانەوە کێشاوەو خوێنی خۆم دەرخوارد داون؟ کاری مەزن تیو گیان رێکەوت نییە... نا نا... کاری مەزن ویستە، شەونخونییە، کارە... ئاه، تیوی خۆشەویست، ئەگەر تەنیا ئەوە بزانیت کە چەند رۆژو شەوم لە لێکۆڵینەوەی تابلۆکانی دیلاکروا، روبنیز، دیکا، گۆگانی ئازیزەوە بردۆتە سەر...و چەند رۆژو شەو بە دیار تابلۆکانی رامبرانتەوە دانیشتووم، ئەو کەڵە هونەرمەندەی کە روناکی راستەقینەی وێنەکێشا، ئەو رووناکییەی بەسەر رووی ناشیرین دا دەڕژێ..."هەڵوەستەیەك.. دەنگی ئافرەتێك دەبیسترێ بی ئەوەی لەسەر شانۆ دەربکەوی".

***دەنگی ئافرەت:*** سەعات چەندە بێ زەحمەت...

***کوخ***: "لێی ورد دەبێتەوە" نازانم... لێ دوای سەعاتێك کەمتر ،رۆژئاوا دەبێت....

***دەنگی ئافرەت***: سەعاتت پێ نییە...

***کوخ***: نە

***دەنگی ئافرەت***: سەیرە... "بە ئەسپایی": ئەم منداڵە بۆ کوێ چوو.

***کوخ***: "پێکەنینێکی دیوانەوار": سەیرە! بۆچی؟ من بە پێویستی نازانم.

***دەنگی ئافرەت***: بە پێویستی نازانم.

**کوخ**: "بە شۆخییەوە": لێرەدا هەموو شتێ ئاشکراو روونە خانمەکەم... بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە... ئەنجا شەو...

***دەنگی ئافرەت***: "پێدەکەنی": ئاه.. ئایا.. کچۆڵەیەکت بینی لێرەوە بڕوات.. منداڵێکی هەشت ساڵانە..

**کوخ**: "بەردەوامە لەسەر شۆخی" نێوی جولیایە... درێژو باریکەلەیە چاوەکانی مەڕین...

***دەنگی ئافرەت***: نا نا نا... منداڵێکی هەشت ساڵانە...

**کوخ**: کراسێکی شینی لە بەردایەو شەپقەیەکی سپی لەسەرە.

***دەنگی ئافرەت*** : نا نا نا...

**کوخ**: منداڵێکی دیم بینی پاڵتۆیەکی فستقی لەبەر بوو...و کراسێکی سەوزباو.. نا نا.. منداڵێکم بینی لە پەپولە دەچوو... من خەون بە منداڵانی رەنگاو رەنگەوە دەبینم...

***دەنگی ئافرەت:*** "بەترسەوە..." تۆ تەواوی کاکە "لەبەر خۆیەوە": ئەم پیاوە سەیرە...

**کوخ**: چی؟ ... ها ها ها ها.. من پێم وایە تەنانەت ئەم هەوایەش تەواو نیەو ژانی خۆی هەیە.. ها ها ها... رەنگە لە سوڕانەوە بە دەور ئەمگۆیەدا بێزاربێ... ها ها. ئەمە دروستە خانمەکەم.. لات وا نییە ئەم دارە رووتە ژان بچێژێ...

***دەنگی ئافرەت***: هەرگیز لەوە ناچێ تۆ ئاسایی بیت..

**کوخ**: خانمەکەم ئاخۆ بۆ جارێکیش ژانت نەچەشتووە... ژانێکی راستەقینە

***دەنگی ئافرەت:*** تۆ دەبزرکێنی.. "بە ئەسپایی": تۆ زۆر لەو شێتە هۆڵاندییە دەچیت کە گوێی خۆی بڕی... "هەڵدێ."

**کوخ**: خانمەکەم... هەڵ مەیە... "لەبەر خۆیەوە": بێگومان چوو لەلای داروغا شکاتم لێبکات.. "هەڵوەستەیەك... پۆلە چۆلەکەیەك لەسەر درەختێکی دەرەوەی شانۆ دەنیشێتەوە.. دەکەونە جریوە جریوێکی توند. کوخ لە درەختەکە ڕادەمێنێ.. بە ئەسپایی پێدەکەنێ..." کە بە زولا(9) دەڵێم هونەرمەند بوونەوەرێکی جوان پەرستە، روو گرژ دەکات و لە فکران ڕادەچێت، بەڵام لوتریك وەکو منداڵێکی بچکۆلە لە خۆشیاندا باوەشم پێدا دەکات... ئێی، تەنانەت ئەم نووسەرە چاکەش گاڵتەی پێکردم... چی دەربارەم گوت... تەنانەت کرێکاری کانەکانیش کەوتوونەتە رەسم کردن.. قوڕ بەسەر رەسم... سوپاس جەنابی زۆلا.. لوتریك بە نەوازشەوە گوێم لێ دەگرێ.. چونکە وەکو داهێنەرێکی گەورە، دەزانێت کە کاری هونەری جوان، سوزی جوان ویستی تا ڕادەیەکی بێ پایان دەبزوێنێ...

"دەنگی پیرەمێردێك دێتە گوێ... پیرەمێردەکەش لەسەر شانۆ دەرناکەوێ."

***دەنگی پیرەمێرد***: ئێوارەت باش قوربان.

**کوخ**: ئێوارەت باش..

***دەنگی پیرەمێرد***: ماوەیەکە تۆ لە پاڵ ئەم درەختە وێستاوی

**کوخ**: "دەڕوانێتە لای کابرای پیر.. چاك دیقەتی دەدا... بە ئەسپایی و بۆ خۆی" بابایەکی پیر... سەرما دەمووچاوی هێناوەتەوە یەك، لێ گیانی خۆ تێهەڵقورتانی لەلا سڕ نەکردووە.

***دەنگی پیرەمێرد:*** دنیا بەرەو ساردییەکی بڕندە دەچێ.

***کوخ:*** "دەی لاوێنێ" زۆرمان بۆ زستان نەماوە.. بەفر زۆر دواکەوتووە.

***دەنگی پیرەمێرد:*** ئەوە ماوەیەکە چاودێری تۆ دەکەم... لێرەدا دانیشت بووم... هەست بە سەرما ناکەیت بە تایبەتی کە جلی ئەستوورت لەبەر نییە.

***کوخ:*** نا.. نا... "بە تەوسەوە" گەرمایەکی زۆرم لە ناخدایە...

***دەنگی پیرەمێرد:*** "ئەویش بە نەوازشتەوە" هەبێ و نەبێ شاعیری...

***کوخ:*** "بە پێکەنینێکی بەرزەوە" لە ڕاستیدا شاعیران وان... هەمیشە گەرمایییەکی زۆریان هەیە، ژان و ئازاریش.. بەم بۆنەیەوە هایکۆ بۆ لە یەکەم نیگادا ئەم مەزندەیەت لە من دا...

***دەنگی پیرەمێرد:*** "ئەویش بە پێکەنینەوە" دەڵێن پاییز ئیلهام بە شاعیران دەبەخشێت..

***کوخ:*** "خۆی دەدوێنێ" پیاوێکی پیر، چەلەنگ، پڕ لە ژیان، بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی خۆی نوکتەیەکی هێدی و شیرین ڕەها دەکات... شتێکی جوانە... "هەڵوەستەیەک.. پیرەمێردەکە دەدوێنێ..": تەنیا پاییز...

***دەنگی پیرەمێرد:*** نا نا... ئۆو.. شاعیران وەرزیان نییە، شاعیران وەکو سروشت گۆرانی بۆ گشت وەرزێك دەڵێن... "هەڵوەستەیەک": کەواتە تۆ شاعیری...

***کوخ:*** بەڵێ... بەڵام من شاعیرێکی فەریکم...

***دەنگی پیرەمێرد:*** فەریك!!؟ چۆن؟

***کوخ:*** هۆنراوەکانم بە فڵچەو بۆیە دەنووسم.

***دەنگی پیرەمێرد:*** تێناگەم...

***کوخ:*** دەتەوێ بە گشت قەڵافاتێکتەوە بت نووسم... لە شەبقەکەتەوە تا دەگاتە پێڵاوەکانت.. بوەستە... مەجوڵێرەوە... لێمگەڕێ لێت ورد ببمەوە...

***دەنگی پیرەمێرد:*** "وەك یەکێك بیەوێت بڕوات..." چی.. چیت دەوێ.

***کوخ:*** پەلەتە...

***دەنگی پیرەمێرد:*** لەوانەیە...

***کوخ:*** "دوای ڕامانێکی زۆر"... ئایا تۆ بەختەوەری هایکۆ.

***دەنگی پیرەمێرد:*** ئەمە شتێکە تایبەت بە خۆمەوە... لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بڵێم هەنووکەو لەم ساتەدا بەختەوەرمم...

***کوخ:*** چۆن...

***دەنگی پیرەمێرد:*** چۆن؟ ئێمە بە چەمکی جیاواز باسی بەختەوەری دەکەین، بەڵام ئەمەیان زۆر گرنگە کە لە ئەنجاما هەموومان دەمانەوێ و داوای دەکەین... وانییە؟ باشە.. گوێ بگرە، من هەنووکە بەڕێوەم بۆ دیدەنی دۆستێکی ئازیز، هاوڕێی منداڵیم.. باشە، بەڵێنی داومەتێ کە سۆناتا –تریفەی مانگ–ی بیتهۆڤن"م بۆ لێبدات... مۆسیقارژەنێکی باڵا دەستە.. ئەوجاش بەڵێنی داومەتێ قاپێ شەرابی کۆنی "بوردو"م بداتێ.. لەوەی پتر چیم گەرەکە... بیتهوڤن، شەرابی بوردو و ناسکە بیرەوەری منداڵی... کەواتە من بەختەوەرم.. بەدوعا...و شەوێکی شاد

کاکی شاعیر... "پیرەمێردەکە دەڕوات... کوخ قلیانەکەی دادەگیرێنیٚ و بە تامەزرۆییەوە دەیکێشێت.. دێت و دەچیٚ. بە دەوری درەختەکەدا دەسوڕێتەوە.. دەنگی ئورگون دەبیستریٚ، لەگەڵ گۆرانییەکی ئاینی کڵێسایی دا.. ئاوازەکە بەردەوام دەبیٚ ئەوجا بە هێمنی ئاوا دەبیٚ..."

**کوخ**: دەچێت بۆ لای هاوڕێی منداڵی... پیرەمێردێکی باشە، گیانی شادی کەم نییە.. چاکە پیاوێکی خەڵکی ئارلی (10) هێنایەوە بیرم کە لە تەمەنی ئەم دا بوو. بەر لە هەشت ساڵ ویستی رەسمی بکەم... ئێی، هەشت ساڵ لەمەوبەر لە شاری ئارلی بووم... وای لە رۆژانی زستانی ئارلی... ئاسمان بە بەفر پێشوازی دەکردم، شار وەکو بلور دەدرەوشایەوە، ئارەزووی رەسم کردنی لەناخدا دەتەقاندەوە، رەسم کردنی عالەم وەکو ئەڵماسێکی سپی.. ئاه،و بەهاریش خۆشی و رەنگ و ڕەوە باڵندەی رەنگاو رەنگ لەگەڵ خۆیدا دێنیٚ... خوایە، مرۆڤ خەریکە لە بەردەم ئەم بەهارە مەزنەدا هەست بەوە بکات کە دەتوانیٚ سروشت وێنە بکێشیٚ تەنانەت بیٚ هیچ جۆرە بەهرەیەکیش... "قلیان دەکێشێت": بە گەرم و گوڕییەوە، رەسمم دەکرد، لە ژوورەوە، لە کێڵگەدا، لە چاخانەدا، لە مەزرادا، لەسەر شۆستەکاندا وێنەم دەکێشا... ئاه، پەح لە دیمەنی کێڵگەکانی ئارلی... کرێکاران و جووتیاران گەورەترین ئارەزووی کارکردنیان لەلا دەبزواندم... "قلیان دەکێشێت.. بە شپرزەیی... بە کەسەرەوە..": تیو، جگە لەخۆم کەس نازانیٚ کە چۆن تا رادەی خوێن هەڵێنان ماندووم... بە رێژەی منەوە گشت شتێك تەواو... "چەند مژێکی قوڵ لە قلیانەکەی دەدات و ئەوجا توڕی دەدات..." : خەڵکانی وەکو من، بەم وەزع و حاڵەی منەوە دەتوانن ئاسودەیی هەمیشەیی بەخۆیان ببەخشن.. "بە دەنگێکی یەکجار خەمناکەوە" دەستەکانت دەگوشم ئەی ژیانی شیرین.. ئێستا دەزانم من گەلێك ئازا بووم، چونکە بە شێلگیرییەوە خۆم دایە دەم دەریای هەڵچوونەوەو بە چارۆکەی شڕەوە.. بەڵیٚ بە شێلگیری هونەرمەندەوە... "بێدەنگی..." ئاه، گۆگانی خۆشەویست، دەستەکانت دەگوشم.. چ غەمێکی ترسناکت بۆ دروست کردم کە بە تەنیا جێت هێشتم... ماچت دەکەم لوتریك گیان...و گشت دۆستان...و لە کۆتایی دا، تۆ تیو گیان، تکایە بمبەخشە... "هەڵوەستەیەك... بە ناسکییەوە ئەم بڕگەیەی شەکسپیر دەڵێتەوە" ژیان جگە لەو سەرابەی کە بەرەو نەمان دەچیٚ چی دی نییە.. یان ئەکتەرێکی بیٚ دەسەڵاتەو لەسەر شانۆدا هەنگاو دەنیٚ... دوای ئەوە چ شتێکی لێوە نابیستریٚ... "دەمانچەیەك دەردێنیٚ. رووی لوولەکەی دەکاتە سەری و بە پەلە پەنجەی پێدا دەنیٚ.. لەگەڵ دەنگی تەقەکەدا باز دەدات، بەلادا دیٚ و بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوەو... خۆی بە قورمەی درەختەکەدا دەدات، ئەوجا بە ئەسپایی دەکەوێت.. بە دەنگێکی خەمناك و کز": تیوی ئازیز بە داخەوەم، ببەخشە دەزانم پشوی یەك شەممەم لە خوٚت و ژنەکەت تێکدا... تیو، نەمدەتوانی دوای ئەو گشت نائومێدییە گورچك بڕانە، کێشەکانی ناخم کەوی بکەم. دەزانم تۆ زۆرت خۆش دەوێم. "بە دەنگی نووساو": بیرت دیٚ کە مناڵ بووین، لەسەر پارچە پەنیرێك بە شەڕ دەهاتین و یەکمان دەکوتا... رووی دایکمانت بیر دێتەوە کە چۆن لە ئاستی شەڕ کردنی ئێمەدا گرژ دەبوو.. تیو، مەیەڵە جوهانا، جوهانای ژنی چاك، بگری... بە دوعا... هەمووتانم خۆش دەویٚ..

**پەراوێز:**

1- کۆخ تابلۆیەکی جوانی هەیە بە نێوی "درەختی گێلاس".

2- بریتـویس: لـە ئەفسـانە گریکییەکـەدا خێبزانکـی دەریایـەو شـێوەی جیـاواز جیـاواز وەردەگرێ.

3- کەمیل دیمولان: رابەرێکە لە رابەرەکانی شۆڕشی فەرەنسا

4- هوراس: ناوی شانۆنامەیەکی بیار کورنی-یە

5- هنری دی لوتریك: نیگارکێشی نێوداری فەرەنسیو دۆستی گیانی بە گیانی کۆخ-ە.

6- کریستین: سوزانییەکە کە کوخ لە کوچەکاندا هەڵی گرتەوە.

7- تیو: تاقە برای کوخو خودان دوکانێکی تابلۆفرۆشی بوو.

8- جوهانا: ژنی تیو بوو.

9- ئەمیل زۆلا: نووسەرێکی نێوداری فەرەنسایە.

10-ئارلی: شارێکە لە باشووری فەرەنسا.

1982/12/21

**حەمە کەریم عارف/ سەرگەڵو**

حەمە کەریم عارف

* کەرکووکییە و لە ساڵی 1951دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی 1975 کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.

• یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (170) رۆژنامەی هاوکاری لە 1973/6/8 بڵاوبووەتەوە.

- لە ساڵی 1975ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.

- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە 222، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: 222 بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی 1974 – 1975دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا 2010/8/20راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.

- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

1- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم 1979
2- کۆچی سوور، رۆمان، چاپی یەکەم،1988،چاپی سێیەم 2007
3- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم 1988
4- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم 2005
5- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (1999) دەزگای گوڵان
6- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێران چاپی یەکەم 1987 شاخ
7- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،1985 چاپی سێیەم 2005

8- نامۆ، ڕۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ1987چاپی چوارەم 2009 وەشانخانەی سایە،سلێمانی
9- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) 1983، چاپی دووەم، 2007
10-شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)، چاپی دووەم، 2009 خانەی وەرگێڕان.
11- هاومالەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم 2000 دەزگای گوڵان
12 – بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم 2006
13- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم 2004 دەزگای شەفەق
14- دوورە وڵات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم2000 دەزگای گوڵان
15- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم 2003 کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: 2008
16- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، 2004 کتێبخانەی سۆران هەولێر
17- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ 1985
18- ئەو ڕۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،2006
19- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم 2006،نووسەرانی کەرکوك
20- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ1،دەزگای موکریانی
21- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ1 ،2005،نووسەرانی کەرکوك
22-دیدارو دەق و رەخنە،چ2005،1
23-دیداری چیرۆکڤانی، چ2005،1
24-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ2008،1نووسەرانی کەرکوك
25- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

26- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم 2005
27- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ19981،1
28- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم 2004
29- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم 2006
30- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم 2011
31 –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم 1998
32- چینی کۆن، چ1(        )دەزگای موکریانی

---

33- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی
34- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

35- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

36- به دوعا شاعیرەکان، شانۆنامه، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:12)
37- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامه،کریستۆفەر مالرۆ.
38- دادپەروەران، شانۆنامه، ئەلبیر کامۆ
39- بەد حالّی بوون، شانۆنامه، ئەلبیر کامۆ.
40- چاو بە چاو، شانۆنامه، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
41- ریچاردی سێیەم، شانۆنامه، شەکسپیر.چاپی یەکەم 2009، بلاوەخانەی سایە، سلێمانی
42- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامه، عەبدوللائەلبوسێری..

---

43- مندالّه دارینه، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
44- فاشیزم چییه؟ کۆمەلّه چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
45- شوانه بچکۆلەکه، چیرۆکێکی درێژی چینی یه بۆ مندالان
46- زارۆکستان (چوار شانۆنامه بۆ منالان)
47- چەند چیرۆکێك له ئەفسانەی یونانی کۆنەوه (23ئەفسانه)

---

48- له گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوه. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم2008
49- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (2004) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
50- ئیلیاده، هۆمیرۆس، چ1،دەزگای سەردەم 2009

---

51- گۆڤەنـد و زنـار (فەرهـەنگی فارسـی - کـوردی) حەمـە کـەریم عـارف، چ1(2006-2008)دەزگای موکریانی
52-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ1، 2001

---

53- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس
54- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.
55- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.
56- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی
57- گوگول، نووسەری ریالیست
58- یەلْماز گونای، ژیان و بەرهەمی
59- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی
60- خافروغ له شیعر دەدویّ، ژیان و بەرهەمی

---

61- راگەیاندن له پەراوێزی دەسەلاتدا (به شەریکی) چاپی یەکەم (2001) دەزگای گولان
62-راگەیاندن له نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەلەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(1)،2005

---

63- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم2008
64- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
65- مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـان (ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمـان- ئـەمریکاو ئینگلیسـتان لـە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم2008
66- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ2004،1،دەزگای سپیرێز
67- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ2006،1دەزگای موکریانی
68- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی
69- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ2، 2006
70- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ1(2005)دەزگای موکریانی
71- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ1،یانەی قەڵەم 2006
72- رێبازە هونەرییەکانی جیهان
73- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ1) 2006
74- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ2007،1
75- دەربارەی رۆمان‌و چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ1، 2008
76- مـەرگی نووسـەرو چـەند باسـێکی دیکـەی ئـەدبی-رۆشـنبیری،حەمەکەریم عـارف،چ1، 2005نووسەرانی کەرکوك
77- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ1) دەزگای موکریانی،2009
78- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()
79- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ1، 2004
80- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف
81-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی
82-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی
83-ریوایەت، ڕۆمان، بزورگی عەلەوی
84-وقفات في رحاب الثقافة الكوردية، حەمە کەریم عارف
85-هەژاران، ڕۆمان، دوستوفسکی
86-دەیڤد کۆپەرفیلد، (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز
87-ئۆدیسە، داستان، هۆمیرۆس
88-ظل الصوت و قصص اخرى، تقديم و ترجمة جلال زنگابادی
89-شازادە و گەدا، رۆمان، مارك توین
90-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی
91-سفرەی فەقیران حەمە کەریم عارف
92-باڵندەکەی من رۆمان، فریبا وفی
93- نامەکانی تولستۆی

94- جەمیلە، ڕۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف
95- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منالآنی کورد
96- الرحيل الدامي....تقديم وترجمه: جلال زنگابادی
97- کلآو سوور... کۆچیرۆك بۆ مندالآن
98- ئەو پیاوەی سێبەرەکەی خۆی فرۆشت ..ڕۆمان..شامیسۆ
99- دکتۆر...شانۆنامە...برانسیلاڤ
100- خەیام...

* لـە راپەڕینـەوە تـا نهـوو چـالاکانە بەشـداری بزاڤـی ئـەدەبی و ڕۆشـنبیریی کـوردی دەکـات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بلآودەکاتەوە..
* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کـەس و گـروپ و لایـەن و دەزگایەك تەماحی بلآو کردنەوەی هەبن، دەبێ پرس بە نووسەر بکات...